ئامادەکردنی
کامەران عبدالرزاق برایم



حوسێنی کوڕی عەلی
ڕەزای خوای لێبێ



توێژینەوەیەکی مێژوییە لە ژیان و جوڵانەوەکەی

التفسیر



حوسەینی

کوڕی عەلی کوڕی

ئەبوتاڵیب

حوسەینی

کوڕی عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب


(ڕەزای خوای لێبێ)

(٤-٦١ ك) ، (٦٢٦ - ٦٨٠ ز)

تـوێژینەوەیەکی مێژووییە لـە ژیان و جوڵانەوەکەی

ئامادەکردنی

کامەران عبدالرزاق برایم






حوسەینی كوڕی عەلی كوڕی ئەبوتاڵیب

نوسینـــــــــی	كامەران عبدالرزاق برایم
بڵاوكردنــــــەوەی	نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوكردنەوەو ڕاگەیاندن/ هە
خـــــــە ت	نەوزاد كۆیی
نەخشەسازی بـەرگ :	أمین مخلص
نەخشەسازی ناوەرۆك:	جمعە صدیق كاكە
نـۆرە و سـاڵی چـاپ:	یەكەم ١٤٣٥ك - ٢٠١٤ز
تـــــیراژ:	١٥٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە گشتییەكان ژمارەی سپیاردنی (٢٦٧١) ساڵی ٢٠١٣ پێدراوە



نوسینگەی تەفسیر

بۆ بڵاوكردنەوەو ڕاگەیاندن

هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر ئوتێلی شیرین پالاس

Mob: +964 750 460 51 22

Tel: +964 750 818 08 66

www.tafseer-pub.com

tafseeroffice@yahoo.com

قال النبي صلى الله عليه وسلم :

﴿ حسين مني وأنا من حسين، اللهم أحب من أحب حسينا ﴾

رواه أحمد بن حنبل/فضائل الصحابة/١٣٦١.

پێشکەش بێت بە:

- دایك و باوکی بەڕێزم.
- سەرۆکایەتی بەشی مێژووی زانکۆی سەلاحەددین.
- سەرجەم مامۆستایانی بەشی مێژوو کە بەدرێژایی چوار ساڵ بێ بڕانەوە زانستیان پێ بەخشین.
- مامۆستای زۆر بەڕێز (م.موحسین مامل محمد) سەرپەرشتیاری توێژینەوەکە.
- سەرجەم هاوڕێ ئازیزەکانم.
- سەرجەم قوتابیان و زانستخوازان.

سوپاس و پێزانین :

- سوپاس و ستایش بۆ خودای گەورە.
- سوپاس بۆ مامۆستای بەڕێز (م.موحسین) سەرپەرشتیاری توێژینەوەکە.
- سوپاس بۆ دایك و باوکی بەڕێزم.
- سوپاس بۆ سەرجەم ئەو مامۆستا بەڕێزانەی هاوکاریان کردم.
- سوپاس بۆ ئەو هاوڕێ ئازیزانەی کە هاوکاریان کردم و هانیاندام بۆ زیاتر بایەخدان بە توێژینەوەکە.

لیستی هێما کورتکراوەکان:

بەزمانی کوردی:

ب.س	بێ ساڵی چاپ
ب.ش	بێ شوێنی چاپ
و	وەرگێڕ
چ	چاپ
چا	چاپخانە
ل	لاپەڕە
ل ل	زیاتر لە لاپەڕەیەك
ك	کۆچی
ز	زایینی

بەزمانی عەرەبی:

ت	توفي
ط	طبعة
مط	مطبعة
د.س	دون سنة طبع
د، م	دون مكان طبع
ص	صفحة
ص ص	أكثر من صفحة
م	ميلادى
هـ	هجرى

پێشەكی

ژیانی(حوسەینی كوڕی عەلی (ڕەزای خوای لێبێ))یەكێكە لە بابەتە هەرە گرنگ وهەستیارەكانی مێژووی سەدەی یەكەمی كۆچی، ئەمەش بەهۆی بەرزی ئەو پێگە كۆمەڵایەتیەی هەیبووە لەلایەك، و كاریگەریی وگەورەیی ئەو ڕووداو و دەرهاوێشتە گرنگانەی لە جوڵانەوەو كوژرانەكەی كەوتنەوە لەلایەكی تر، كە بوونەتە هۆی زیاتر بایەخداركردنی ژیانی ئەم كەسایەتیە كاریگەرەی مێژووی ئیسلام.

سەرباری ئەمانە لەڕووی ئاینیشەوە ناوبراو وەك پێشەواو ڕێبەرێكی گەورەی ئاینی لای تەواوی موسڵمانان ناسراوە، تەنانەت ئاینزایەكی سەرەكی سەر بەئاینی ئیسلام كە(شیعە)یە خولیابوون بەحوسەین وبنەماڵەكەیان كردووەتە بناغەی سەرەكی مەزهەبەكەیان و بەچاوێكی لەڕادەبەدەر پیرۆز سەیری دەكەن، لەهەمان كاتدا(سوننە)كانیش خۆشەویستیەكی قوڵ وڕێزێكی گەورەیان بۆی هەیەو وەك پێشەوایەكی مەزن وڕێزدار دەیناسێنن، هەموو ئەمانەو كۆمەڵێ هۆكاری تر وایان كردووە كەوا

ژیانی(حوسەین)ببێتە سەرنج ڕاکێشترین بابەت وتەوەرە مێژووییەکانی مێژووی سەرەتاکانی ئیسلام.

جێگای ئاماژە پێدانە کە سەرچاوەو ژێدەرو لێکۆڵینەوەی زۆر دەربارەی ژیانی ئەم کەسایەتیە نوسراون، بەڵام جێگای داخە کە بەشێکی هەرە زۆریان لەڕوانگەیەکی مەزهەبیی ووشك و دەمارگرژانە بابەتەکانیان خستۆتە ڕوو نەك وەکو لێکۆڵینەوەیەکی زانستی، بە تایبەتیش ئەو سەرچاوەو ژێدەرانەی لەلایەن نووسەرە شیعیەکانەوە نوسراون زیادەڕۆیی وئەفسانەگەریەکی قوڵ باڵی بەسەردا کێشاون و لەسنووری زانستی وبابەتیدا وەدەری ناون.

هەرچی بەزمانی شیرینی کوردیشە ئەوا تا ئێستا هیچ کتێب ولێکۆڵینەوەیەکی بڵاوکراوە نیە کەتایبەت بێت بەژیانی(حوسەین)، ئەوەشی کە هەیە تەنیا ئاماژەی هەندێ لەسەرچاوەو ژێدەرەکانە لەچوارچێوەی باسێکی دیکەی مێژوویی، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دوورە پەرێزی و خۆبواردنەی توێژەرانی کورد هەیانە بەرامبەر ئەم تەوەرە گرنگ وهەستیارەی مێژووی ئیسلام، جا لێرەدا لەبەر گرنگی ئەم کەسایەتیەو هەستیاریی ئەو ماوە مێژووییە توێژینەوەکەمان تایبەت کرد بە لێکۆڵینەوە لە ژیان وجوڵانەوەکەی(حوسەینی کوڕی عەلی کوڕی ئەبو تالیب (ڕەزای خوای لێبێ))٤-٦١ك/٦٢٦-٦٨٠ز.

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکیەك ودووبەش ودەرەنجام پێکهاتووە، هەر بەشێکیش دابەش دەبێت بۆ چەندین تەوەرەباس، ئەوەتا بەشی

یەکەم کە تایبەتە بە(ژیننامەی حوسەین) لە نۆ تەوەرە پێک هاتووە، و لەم بەشەدا بە ووردی باس لە ناو و نازناو ورەچەڵەک وبەرواری لەدایک بوون وپێکهاتەی خانەوادەیی وبنەماڵەکەی کراوە، هەروەها لەسەر بنەمای قۆناغە گرنگەکانی مێژووی ئیسلام ژیانی حوسەین دابەش کراوەتە سەر چوار قۆناغی سەرەکی، ئەویش بریتیە لە ژیانی ناوبراو لەسەردەمی(پێغەمبەر(صلی الله علیە وسلم))و لەسەردەمی خەلیفەکان(ئەبوبەکرو عومەر (رەزای خوای لێبێ))و (عوسمان وعەلی (رەزای خوای لێبێ))و (حەسەن وموعاویە (رەزای خوای لێبێ))، لەتەوەرەیەکی تایبەتیشدا بەروارو شوێنی شەهیدکردنی حوسەین وگرنگترین بۆچونەکان دەربارەیەوە خراوەتەڕوو، لەسەرجەم ئەو تەوەرانەشدا هەوڵدراوە زانیاری جۆراوجۆرو بیروڕای جیاواز باس بکرێت، و لەکۆتایشدا بیروڕای ڕاست ودروست دیاریکراوە بەپێی بۆچون و تێڕوانینی توێژەر.

هەرچی بەشی دووەمی توێژینەوەکەیە لە هەشت تەوەرە باس پێکهاتووە، ئەم بەشە تایبەتە بەباس ولێکۆڵینەوە لە(جوڵانەوەکەی حوسەین)وگرنگترین ڕووداو ودەرەنجامەکانی، بە لەبەرچاوگرتنی خستنەڕووی بۆچوونە جیاوازەکان لەسەرچاوە سوننی وشیعیەکان و جیاکردنەوەو دیاریکردنی بۆچونە دروست و نادروستەکان.

تەوەرەکانی بەشی دووەم بەباسکردنی بەیعەتنەدانی حوسەین بە یەزیدو هۆکارەکانی دەست پێدەکات کە بەخاڵی دەسپێکی جوڵانەوەکەی دادەنرێت، پاشان ڕووداو پێشهاتە گرنگەکان بەپێی

ڕیزبەندی مێژوویی خراوەتەڕوو، وەك دەرچونی بۆ شاری(مەککە)و نامەناردنی کوفیەکان، و ناردنی (موسلیمی کوڕی عەقیل)بۆ شاری کوفە بەفەرمانی حوسەین بۆ وەرگرتنی بەیعەت ودڵنیاکردنەوەی لە نیازی کوفیەکان بەرامبەری، ئینجا هەڵوێستی والی کوفە و سەرەنجامی دەرچوونەکەی موسلیم باسکراوە، دوای ئەمانە هاتوینەتە سەر توێژینەوە لە دەرچونەکەی حوسەین وهەڵوێستی هاوەڵان بەرامبەری، هەروەها هەڵوێستی والی کوفە(ئیبن زیاد)و گرنگترین هەنگاوەکانی بۆ ڕووبەڕوبونەوەی نەیارانی(یەزیدی کوڕی موعاویە) باسکراوە، پاشان لەتەوەرەیەکی تایبەتیدا باس لە کارەساتی شەڕی(الطف)و سەرەنجامەکەی کراوە، وچارەنووسی بنەماڵەی حوسەین وسەری کوژراوەکانیش بەجیا ڕوون کراونەتەوە.لەکۆتایشدا بەتەوەرەیەك گرنگترین لایەنە بەرپرسەکان لە کوژرانی حوسەین دیاریکراون، و بەووردی لێکۆڵینەوەیان دەربارەوە ئەنجامدراوەو بەپشت بەستن بە سەرچاوە مێژووییەکان هەڵسەنگێندراون.

لەکاتی نوسینی ئەم توێژینەوەیە سوود لە کۆمەڵێ سەرچاوەی ڕەسەن و جۆراوجۆر وەرگیراوە، ئەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیەش جیادەکاتەوە ئەوەیە کە هەوڵدراوە لەسەرجەم بابەت وتەوەرەکاندا بۆچونی سەرچاوە سوننی وشیعیەکان وەربگیرێ وپاشان ڕاستی بابەتەکە بەشێوەیەکی بابەتی ولۆژیکی دیاری بکرێت، لە گرنگترین ئەو سەرچاوانەی بۆ ئەم توێژینەوەیە سوودی لێ وەرگیراوە ئەمانەن:

کتێبی(أنساب الأشراف)ی مێژوونوس(البلاذري ت٢٧٩ك/٨٩٢ز)، کە سەرچاوەیەکی زۆر بەسوود ونایابەو یەکێکە لەسەرچاوە ڕەسەن ونزیکەکان لەڕووداوەکە، ئەوەی بایەخی ئەم سەرچاوەی زیادکردووە ئەوەیە کە بایەخی داوە بە ووردەکاری ودیاریکردنی بەروارەکان.

هەروەها کتێبە بەنرخەکەی(تأريخ الطبري)مێژوونوسی ناودار (الطبري ت٣١٠ك/٩٢٢ز)یەکێکە لەو سەرچاوە ڕەسەن ونزیک لەڕووداوانەی کە لەبەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیەدا بەشێوەیەکی سەرەکی پشتی پێ بەستراوە.

کتێبێکی تری گرنگ و ڕەسەن کە زیاتر لەبەشی یەکەمی ئەم توێژنەوەیە پشتی پێ بەستراوە، بریتیە لەکتێبی(مختصر تأريخ دمشق)، ئەم کتێبە لە بنچینەدا(ئیبن عەساکر)نووسیوتی بەناونیشانی(تأريخ دمشق)، و پاشان لەلایەن (ابن منظور ت٧١١ك/١٣١١ز) کورتکراوەتەوە.

یەکێکی تر لە سەرچاوە مێژووییە ناوازەکان کە کتێبی(تەواوی مێژوو)ی (ئیبن ئەسیر ت٦٣٠ك/١٢٣٢ز)ە، سوودێکی زۆری لێ وەرگیراوە بەتایبەتی لەبەشی دووەمی توێژینەوەکە، چونکە ئەم سەرچاوەیە زۆر بەووردی ئاماژە بەڕووداوەکان دەکات.

لەهەمان کاتیشدا ئەم توێژینەوەیە بەهرەمەند بووە لەسەرچاوە گرنگ وبایەخدارەکەی مێژوونوس(ابن كثير ت٧٧٤ك/١٣٧٢ز) بەناوی (البداية والنهاية)، گرنگی ئەم سەرچاوە مێژووییەش لەوەدایە کە

هــەوڵی داوە گێڕانــەوە لاواز وهەڵبەســتراوەكان جیابكاتــەو
هەقیقەتی ڕووداوەكە.

جگـە لـەم سەرچاوانەی سـەرەوە هەوڵـدراوە سەرچاوە ڕەس
مێژوویيـەكانی شیعەكانیش سوودی لـێ وەربگیرێ، لـەم پێناو
سـوودێكی زۆر لـە كتێبـی(الإرشـاد)ی مێژوونوسـی شـیعی(ال
ت٤١٣ك/١٠٢٢ز) وەرگیراوە، و لە هەموو سەرچاوە شیعیەكانی تر زی
بايـەخی پـێ دراوە چونكە يەكێكـە لەوانـەی نزيكـە لـە ڕووداوەك
لـەپاڵ ئـەم سەرچـاوە ڕەسـەنانەدا دەيـان سەرچـاوەی تـری ڕەسـ
وژێـدەری بايەخـدار لەنوسـراوە سـوننی وشـيعيەكاندا پشـتی پ
بەستراوە بۆ زياتر دەوڵەمەندكردنی توێژينەوەكە.

گرفتی سەرەكی ئەم توێژينەوەيـەش بريتـی بـوو لـە كۆكردنـەوە
دەستخستنی سەرچاوەو ژێدەرە شيعيەكان.

بێگومـان ئـەم توێژينـەوەيـەش وەك هـەر كارێكی تـری مرۆڤكرد
كامـڵ نيـەو كـەم وكـوڕی تێدايـە، هەرچی هەڵـەو كـەم وكوڕيشە لە
نەفسی توێژەر خۆيـەتی، چی چاكەو تەواويشە لەبەخششی خودای
ميهرەبانە.

لەكۆتاييـدا هيـوادارين ئـەم توێژينـەوەيە تـوانيبێتی كـەلێنێك پڕ
بكاتـەوەو زانياريـەكی دروسـتی خستبێتەڕوو دەربـارەی ئـەم بابەتـە
گرنگ و هەستيارەی مێژووی ئيسلام.

توێژەر

بەشی یەکەم:

ژیننامەی حوسەینی کوڕی عەلی

- تەوەرەی یەکەم/ ناو و نازناو ڕەچەڵەکی:

سەرچاوە مێژووییەکان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی ناوی تەواوی(حوسەین کوڕی عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب کوڕی عبدالمطلب کوڕی هاشم)ە[1].

دەربارەی ناونانیشی دوو گێڕانەوەی جیاواز لەسەرچاوەکاندا بەرچاو دەکەون، کە جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی لەسەرەتادا ناوی(حوسەین)نەبووە، بەڵکو ناوێکی تری لێنراوە لەلایەن باوکیەوە، بەڵام پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) ناوەکەی پێشووی گۆڕیوەو ناوی ناوە حوسەین.

لەگێڕانەوەی یەکەمدا لەسەر زاری عەلی (ڕەزای خوای لێبێ) گێڕدراوەتەوە کە گووتویەتی: ((من کەسێك بووم زۆر حەزم لەجەنگ بوو، بۆیە کاتێ (حەسەن[2]) لەدایك بوو ناوم لێنا حەرب،

---

(١) ابن سعد، الطبقات الكبرى، تحقيق:إحسان عباس، (بيروت، ١٩٦٨م)، ٤٧٣/٨ ؛ الذهبي، سير أعلام النبلاء، تحقيق:شعيب الارنؤوط، (بيروت، ١٩٨٢)، ٢٨٠/٣ ؛ ابن كثير، البداية والنهاية، تحقيق:عادل معوض وأخرون، (بيروت، ٢٠٠٨م)، ١٥٤/١١.

(٢) حەسەن کوڕی عەلی کوڕی ئەبو تاڵیبە، ودایکیشی فاتیمەی کچی پێغەمبەرە (صلى الله عليه وسلم)، لەساڵی ٣ك/٦٢٥ز لەدایك بووە، کوڕی یەکەمی باوکیەتی، بڕوانە: الذهبي، سير أعلام النبلاء، ٢٤٥/٣-٢٤٦.

ناوەکەی گۆڕی بۆ حەسەن[٣]، بەڵام پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) پاشان کوڕێکی ترمان بوو ناوم لێناوە حەرب، بەڵام پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ناوی ئەویشی گۆڕی وکردی بە (حوسەین)، پاشان کوڕێکی ترمان بوو ناوم لێنا حەرب، ئەمجارەشیان پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ناوەکەی گۆڕی وکردی بە (موحسین)، پاشان پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: من ناوی ئەو کوڕانەم بەناوی کوڕانی (هارون[٤]) ناوناوە، کەناوەکانیان شیبر و بەشیر وموشبر بووە))[٥].

جێگای ئاماژەپێدانە کەهەرسێ ناوەکەش (شیبرو بەشیرو موشبر) ماناکانیان بەعەرەبی بریتیە لە(حەسەن وحوسەین وموحسین)[٦].

لەگێڕانەوەی دووەمیشدا بەهەمان شێوە لە عەلی (ڕەزای خوای لێبێ) گێڕدراوەتەوە کە ناوی لەکوڕە گەورەکەی ناوە(حەمزە)، و ناویشی

---

(٣) الطبراني، مقتل الحسين بن علي بن أبي طالب، تحقيق:محمد شجاع ضيف الله، (الكويت، ١٩٩٢م)، ص ص٢٨-٢٩.

(٤) هارون برای پێغەمبەر موسایە(علیهم سلام)، بڕوانە: سورة طه/٣٠ ؛ الطبري، تاريخ الطبري، تحقيق:محمد أبوالفضل ابراهيم، (القاهرة، د.س)، ٤٠٢/١.

(٥) احمد بن حنبل، فضائل الصحابة، تحقيق:وصي الله محمدعباس، (بيروت، ١٩٨٣)، ٧٧٣/٢-٧٧٤ ؛ الحاكم، المستدرك على الصحيحين، تحقيق:مصطفى عبدالقادر عطا، (بيروت، ٢٠٠٢م)، ١٨٠/٣.

(٦) فوادعلي رضا، غصن الرسول الحسين بن علي، (بيروت، ١٩٨١م)، ص٢٥.

لە(حوسـەین) ناوە(جەعفـەر)، واتـە بـەناوی مـام وبراکەیـەوە ناو
ناون، بەڵام پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) نـاوی هـەردووکیانی گۆڕیو
بۆ(حەسەن وحوسەین)[7] ، ئـەم دووناوەش(حەسـەن وحوسـەین) دوو
نـاوی نـوێ بوونـە لـەناو عەرەبـدا، و پێشـتر کـەس بـەم ناوانـەوە
ناونەنراوە[8].

دەربارەی نازناوەکانیشی ئـەوا لەسەرچاوەکاندا چەندین نازناوی جۆراوجـۆری بـۆ بـەکارهاتووەو دراونەتـە پـاڵی، بـەڵام لەهـەموو نازناوەکـان بڵاوتـر کەپێیـەوە ناسـراوەو یەکـدەنگی سەرچـاوەکانی لەسـەرە بریتیـە لـە کونیـەی (أبـو عبـدالله)[1]، نازناوەکـانی تـریش بریتین لە(الامام، الشریف، الکامل[2] ، السبط الرسول الله، الشهید[3] ،

---

(٧) الطبرانـي، المعجـم الكـبير، تحقيق:حمـدي بـن عبدالمجيـد السـلفي، (موصـل، ١٩٨٣م)، ٩٨/٣ ؛ الطبراني، مقتل الحسين بن علي بن أبي طالب، ص٣٠.

(٨) ابن الاثير، أسد الغابـة في معرفـة الصحابة، تحقيـق:علي محمدمعوض وعـادل احمد عبدالموجود، (د.م، ١٩٩٤م)، ٢٥/٢.

(١) البلاذري، أنساب الأشراف، تحقيق:سهيل زكار و رياض زركلي، (بـيروت، ١٩٩٦)، ٣٥٩/٣ ؛ أبـونعيم الأصـبهاني، معرفـة الصـحابة، تحقيق:عـادل بـن يوسـف الغزاري، (الرياض، ١٩٩٨)، ٦٦٣/٢، لبيب بيضوت، موسوعة كربلاء، (قم، ١٤٢٧)، ١٦٦/١.

(٢) الذهبي، سير أعلام النبلاء، ٢٨٠/٣.

(٣) ابن كثير، البداية والنهاية، ١٥٤/١١.

سيد الشباب أهل الجنة، ريحانة رسول الله[٤]، الرشيد، الطيب، الزكي، الوفي، السيد، المبارك، التابع لمرضاة الله[٥]، الذبيح، الغريب، المظلوم[٦]...هتد)، ئەم نازناوانەی دوایی زیاتر لەلایەن شیعەکانەوە دەدرێتە پاڵی.

هەرچی ڕەچەڵەکی حوسەینە ئەوا ناوبراو لەبنەماڵەیەکی ناودارە و لەگەڵ پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) لەیەك ڕەچەڵەکن، بەو پێیەی کە(عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب (ڕەزای خوای لێبێ))کوڕەمامی پێغەمبەرە(صلى الله عليه وسلم)[٧]، ئەمانە لەهۆزی(قوڕەیش)ولەتیرەی(بەنی هاشم)ن[٨]، کە یەکێکن لە باناوبانگترین هۆزە عەرەبیەکانی جەزیرەی عەرەبی، و لەشاری(مەککەی پیرۆز)نیشتەجێ بوونە[٩]، ڕەچەڵەکی ئەو

---

(٤) ابونعيم الأصبهاني، معرفة الصحابة، ٢/٦٦١ ؛ محمد رضا الحسيني، الحسين سماته وسيرته، (قم، د.س)، ص١٥.

(٥) باقر الشريف القرشي، حياة الامام الحسين بن علي، (النجف، ١٩٧٤م)، ١/٣٨-٣٩.

(٦) ويكيبيديا الموسوعة الحرة، الحسين بن علي بن أبي طالب، www.wikipedia.ar.com.

(٧) سعد يوسف ابوعزيز، پیاوان وئافرەتانی دەوری پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)، و:تارا حەمە سەعید، (ب.ش، ٢٠٠٩ز)، ل٨٠.

(٨) الذهبي، سيراعلام النبلاء، ٣/٢٨٠، ابن كثير، البداية والنهاية، ١١/١٥٤.

(٩) بروانە: الصلابی، عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب، و:ئومێد کمال و جمیل قادر، (بیروت، ٢٠٠٨ز)، ل٢٢ ؛ محمد هارون، کورتەی ژیانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)، و:جعفر رحمان سلیمان، (هەولێر، ٢٠١٠ز)، ل٦.

بنەماڵەیەش دەگەڕێتەوە بۆ پێغەمبەر (ئیبراهیم (سەلامی خوای لێبێ)) هەروەك لەسەرچاوە ڕەسەنەکاندا ئاماژەی پێکراوە بەم شێوەیە:

(عبدالمطلب کوڕی هاشم کوڕی عبدالمناف کوڕی قوصەی کوڕی کیلاب کوڕی موڕڕە کوڕی کەعب کوڕی لوئەی کوڕی غالب کوڕی فەهر کوڕی مالیك کوڕی نەضر کوڕی کینانە کوڕی خوزەیمە کوڕی مودریکە کوڕی ئیلیلس کوڕی مضر کوڕی نزار کوڕی مەعەد کوڕی عەدنان)ە[10]، ڕەچەڵەکناسانی عەرەب لەسەر ئەو زنجیرەیە یەکدەنگن، بەڵام لەسەرووی(عەدنان) تا دەگاتەوە سەر پێغەمبەر(ئیبراهیم (سەلامی خوای لێبێ)) ڕاوبۆچونی جیاوازی لەسەرە بەهۆی دووری ماوەکەی لەسەردەمی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم)[11].

بەهەمان شێوە حوسەین لەدایکیشیەوە هەمان ڕەچەڵەکی هەیە، چونکە دایکی (فاتیمە کچی موحەممەد کوڕی عبدالله کوڕی عبدالمطلب)ە[12].

(10) ابن هشام، السيرة النبوية، تحقيق:رضوان جامع رضوان، (القاهرة، ٢٠٠٥م)، ٣٣/١-٣٤ ؛ المقريزي، النزاع والتخاصم فيما بين بني أمية وبني هاشم، تحقيق: حسين مؤنس، (القاهرة، د.س)، ص١١٣.

(11) هاشم يحيى الملاح، مێژووی سەردەمی پێغەمبەرو خولەفای راشیدین، و:هۆشیار عبدالله سەنگاوی، (هەولێر، ٢٠١١)، ل٩٤.

(12) الكلبي، جمهرة النسب، تحقيق:ناجي حسن، (بيروت، ١٩٨٦م)، ص٣٠ ؛ الذهبي، سيرأعلام النبلاء، ١١٩/٢.

تەوەرەی دووەم/ لەدایك بوونی :

بەتێڕوانین لەسەرچاوە ڕەسەنەکانی مێژوویی وفەرموودەکاندا بۆمان دەردەکەوێت کەلەدایك بوونی حوسەین ڕاوبۆچوونی جیاوازی لەسەرە، لەگرنگترین ئەو بۆچوونانەش بۆچوونی هەندێ لەسەرچاوە شیعیەکانە بەتایبەتی کتێبی(أصول الکافی[1]) فەرموودەنووسی گەورەی شیعی(الکلینی[2])، کە پێی وایە حوسەین لەساڵی(٣ك)لەدایك بووە[3]، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی بەرواری لەدایك بوونی (حەسەنی کوڕی عەلی (ڕەزای خوای لێبێ)) بۆمان دەردەکەوێت کە ئەمە دوورە لەڕاستی، چونکە سەرچاوەکان یەکدەنگن لەسەرئەوەی حەسەن

---

[1] أصول الکافی: بەناوبانگترین ورەسەنترین سەرچاوەی فەرموودەیە لەلای شیعەکان، هەروەکو زانای شیعی(المفید)دەڵێ:چاکترین وبەسوودترین کتێبی شیعەیە، وئەم کتێبە لە هەشت بەرگدا چاپکراوە، بڕوانە: الکلیني، أصول الکافي، تحقیق:محمد جعفر شمس الدین، (بیروت١٩٩٠م)، ٢٢/١.

[2] الکلیني: ناوی(محمدبن یعقوب بن إسحاق)ە، خەڵکی ناوچەی(کلین)ە ولەگەورە زانایانی شیعەیە، ولەشاری(ڕەی وبەغداد)نیشتەجێ بووە، و کتێبی بەناوبانگی(الکافی)نووسیوە، و ناوبراو لەساڵی ٣٢٨یان٣٢٩ك مردووە، بڕوانە : الکلیني، أصول الکافي، ٢٤/١-٢٥.

[3] أصول الکافي، ٥٣٦/١ ؛ علي الکوراني، السیرة النبویة، (بیروت، ٢٠٠٩م)، ٦٠٣/١ ؛ محمد هادي الیوسفي، موسوعة التاریخ الاسلامي، (د.م، ١٤٢٠هـ)، ٤٤٠/٢.

لەساڵی(٣ك) لەدایك بووە لەمانگی شەعبان یان ڕەمەزان[٤]، بۆیە ناگونجێت بڵێین حوسەینیش هەرلە ساڵی(٣ك) لەدایك بووە.

جا ئەم سەرچاوانە بۆ سەلماندنی بۆچونەکەی خۆیان وگونجاندنی لەگەڵ لەدایك بوونی حەسەن، کۆمەڵێ گێڕانەوەی تری سەیریان هێناوەتەوە دەربارەی لەدایك بوونی حوسەین، لەوانەش گوایە کە جگە لەحوسەین و پێغەمبەر(عیسا (سەلامی خوای لێبێ)) هیچ کەسی تر بەشەش مانگی لەدایك نەبووەو ژیابێ[٥]، یان دەڵێن حوسەین ٦ مانگ و ١٠ ڕۆژ دوای لەدایك بوونی حەسەن لەدایك بووە[٦]، ئەم گێڕانەوەیەش لەگەڵ یەکەمدا تێکدەگیرێ و لەگەڵ یەك نایەتەوە، چونکە لەیەکەمیاندا دەڵێ بەشەش مانگی لەدایك بووەو، لە دووەمیاندا دەڵێ٦مانگ و١٠ ڕۆژیان بەینە ئەمەش ڕاست نیە، بەڵکو بەپێی ڕیوایەتی دووەم بێت حوسەین ئەوپەڕی بە پێنج مانگی لەدایك بووە، چونکە ئەگەر نێوانی حەسەن وحوسەین ٦مانگ و١٠ ڕۆژ بێت، ئەوا عەلی لایەنی کەم دوای لەدایك بوونی حەسەن تا ٤٠ ڕۆژ نەیتوانیوە بچێتە لای خێزانەکەی، بەهۆی ئەو بارە تایبەتیەی

---

(٤) ابن منظور، مختصر تاريخ دمشق، تحقيق:أحمد راتب حموش ومحمد ناجي العمر، (دمشق، ١٩٨٥)، ٥/٧ ؛ الذهبي، سيرأعلام النبلاء، ٢٤٦/٣ ؛ ابن كثير، البداية والنهاية، ٣٧/١١.

(٥) فؤاد علي رضا، غصن الرسول الحسين بن علي، ص٢٢ ؛ مرتضى المطهري، الملحمة الحسينية، ترجمة:محمد صادق الحسيني، (د.م، ١٩٩٢م)، ٢١٠/٣.

(٦) الكليني، أصول الكافي، ٥٣٦/١.

بەسەر ئافرەت دادێت دوای لەدایك بوونی منداڵ، کە لەڕووی شەرعیشەوە پیاو وئافرەت تا ٤٠ ڕۆژ دوای لەدایك بوونی منداڵ بۆیان نیە بەیەك بگەن.

چونکە زانایانی موسڵمان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی ماوەی خوێنی زەیستانی(النفاس) ٤٠ ڕۆژە، و لەو ماوەیەشدا ئافرەت هەمان حوکمی (حەیزداری)دەیگرێتەوە(٧).

جا ئەگەر عەلی (ڕەزای خوای لێبێ) تا ٤٠ ڕۆژ نەچوبێتە لای خێزانەکەی (فاتیمە)، و ماوەی نێوان حەسەن وحوسەینیش ٦مانگ و١٠ ڕۆژبێ، کەواتە حوسەین ئەوپەڕی پێنج مانگ لەسکی دایکی بووە نەك شەش مانگ، بێ گومان ئەمەش شتێکی نائاسایی ونالۆژیکیە و ناگونجێت منداڵ بەپێنج مانگی لەدایك بێت وبژیت!ئەمەش دەیسەلمێنێت کە ئەم گێڕانەوانە هەڵبەستراون بۆ ئەوەی حوسەین وەك کەسێکی نائاسایی نیشان بدەن لەکاتێکدا کە وانەبووە، سەرەڕای ئەمانەش بەشی هەرەزۆری سەرچاوە شیعیەکانیش ئەم بۆچوونە ڕەتدەکەنەوەو بۆ چوونی دووەم دەچەسپێنن وبەڕاستی دەزانن هەروەك لەداهاتوودا ئاماژەی پێدەکەین.

بۆچوونی دووەم دەربارەی لەدایك بوونی حوسەین کەلەسەرچاوە ڕەسەنەکان و ژێدەرەکاندا یەکدەنگی تەواوی لەسەرە ئەوەیە کە

(٧) محمد مەلا صالح باموکی، پوختەی شەریعەتی ئیسلام، (ب.ش، ٢٠١٠ز)، ل ٦٤-٦٥.

ناوبراو لە (٥/شەعبان/ساڵی٤ك) لەدایك بووە[١]، کە دەکاتە ساڵ
٦٢٦زایینی[٢]، لەشاری (مەدینەی پیرۆز)[٣]، تەنانەت زۆربە
سەرچاوە شیعیەکانیش ئەوە بەڕاست دەزانن کە لەساڵی (٤ك/٦٢٦
لەدایك بووە[٤].

کەوا بوو(حوسەین) دەوروبەری ساڵێك لە(حەسەن)ی برا
بچووکترە، چونکە حەسەن لە شەعبان یان ڕەمەزان/٣ك-٦٢٥ز لەدای
بووە، و حوسەینیش لە شەعبان/٤ك-٦٢٦ز لەدایك بووە[٥].

هەندێك بۆچوونی دیکەش دەربارەی لەدایك بوونیەوە هەن
لەسەرچاوەکاندا، بەڵام هەموویان ڕیوایەتی لاوازن وخوودی ئەو
سەرچاوانەی باسیان کردووە هەرخۆشیان ڕەتی دەکەنەوە، لەوانەش
لەگێڕانەوەیەکدا هاتووە کە ((فاتیمە دوای ساڵێك و١٠ مانگ لە
لەدایك بوونی حەسەن حوسەینی بوو، کە ٦ساڵ و٥ مانگ ونیو

---

(١) الزبيري، نسب قريش، تحقيق: إ.ليفي بروفنسال، (القاهرة، د.س)، ١/٢٤ ؛ أبو
نعيم الأصبهاني، معرفة الصحابة، ٢/٦٦٥ ؛ الذهبي، سيرأعلام النبلاء، ٣/٢٨٠ ؛
الخليفة، ريحانة النبي، (عمان، ٢٠٠٨م)، ص١٥.

(٢) سلوى العمد، الشهيد في تراث السنة والشيعة، (بيروت، ١٩٨٧م)، ص١٢٩ ؛ اية الله
الزنجاني، عقائد الأمامية الاثنى عشرية، (قم، ١٩٨٤م)، ١/١٤٦.

(٣) محمد رضا الحسيني، الحسين سماته وسيرته، ص١٩.

(٤) بڕوانە: المفيد، الارشاد، تحقيق:مؤسسة أهل البيت، (بيروت، ١٩٩٥م)، ٢/٢٧ ؛
ابن طاوس، اللهوف في قتلى الطفوف، (بيروت، ١٩٩٣)، ص١٢ ؛
اليوسفي، موسوعة التاريخ الاسلامي، ٢/٤٣٩.

(٥) محمد هادي الخليفة، ريحانة النبي، ص١٥.

لەدوای مێژوو بوو واتە ساڵی ٦ك))[٦]، هەروەها بۆچوونی تریش هەیە دەربارەی ساڵی(٧ك) بەڵام زۆر لاوازە[٧].

کەواتە دەتوانین بڵێین پەسەندترین و ڕاسترین بۆچوون ئەوەیانە کە دەڵێ لە (٥/شەعبان/ساڵی٤ك-٦٢٦ز) لەشاری (مەدینەی پیرۆز) لەدایك بووە.

- تەوەرەی سێیەم / خێزان وبنەماڵەکەی :

بەوپێیەی کە حوسەینی کوڕی عەلی (ڕەزای خوای لێبێ) لەبنەماڵەیەکی ناودارو پایەبەرز بووە، لەگەڵ دایك وباوك وخوشك براکانی وتەواوی بنەماڵەکەی لەناوخەڵکیدا بەچاوێکی پیرۆز وبەڕێز سەیرکراون، کە ناسراون بە بنەماڵەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) (أهل البیت).

باوکی ناوبراو(عەلی کوڕی ئەبوتالیب)ئامۆزاو زاوای پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) بووە[١]، و چوارەمینی خەلیفەکانی ڕاشیدین بووەو لەدوای(عوسمانی کوڕی عەففان (ڕەزای خوای لێبێ))

---

[٦] ابن منظور، مختصر تاریخ دمشق، ٧/١١٦.

[٧] ابن حجر العسقلاني، الإصابة في تمييز الصحابة، تحقيق:خليل مأمون شيخا، (بيروت، ٢٠٠٤م)، ١/٣٧٨.

[١] سعد یوسف أبوعزیز، پیاوان وئافرەتانی دەوری پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم)، ل٨٠.

لەبەرواری ٢٥/ذي الحجة/٣٥ك-٦٥٥ز دەسەڵاتی گرتەدەست[٢]، و دوای پێنج ساڵ لەدەسەڵات ولە مانگی رەمەزانی/٤٠ك-٦٦٠ز شەهیدکراوە بەدەستی(عبدالرحمان کوڕی ملجم)ی خەواریج[٣].

دایکیشی (فاتیمە کچی موحەممەد (صلى الله عليه وسلم) کوڕی عبدالله)یە، کە لەڕێزدارترینی ئافرەتانی ئەو سەردەمە بووە لەساڵی(٢ك-٦٢٤ز)شووی کردووە بە(عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب)[٤].

هەرچی خوشك و براکانیەتی ئەوا ژمارەیان گەلێك زۆرە هەروەکو لەسەرچاوەکاندا ئاماژەیان پێکراوە کە هەر هەندێکیان لەدایکێکن، سەرجەم منداڵەکانی (عەلی و فاتیمە (رەزای خوای لێبێ) پێنج منداڵ بوون بەناوەکانی (حەسەن، حوسەین، موحسین، ئوم کەلسوم، زەینەب)[٥].

ناوی خوشك و براکانی تریشی کەهەر دوو سێیەکیان لە دایکێکن ئەمانەن:

(محمد بن الحنفیە، ئەبوبەکر، عباسی گەورە، عوسمان، جەعفەری گەورە، عبدالله، محمدی بچوك، عومەر، ڕوقیە، محمدی ناوەند، ئوم

---

(٢) هاشم یحیی الملاسح، مێژووی سەردەمی پێغەمبەرو خولەفای راشیدین، ل ٥٤٠.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل٥٨٩.

(٤) الذهبي، سيرأعلام النبلاء، ٢/١١٨-١١٩.

(٥) المسعودي، مروج الذهب ومعادن الجوهر، تحقيق:شارل بلا، (د.م، ١٤٢٢هـ)، ٣/٢٦٠ ؛ الذهبي، سيرأعلام النبلاء، ٢/١١٩.

حەسەن، ڕەملەی گەورە، ئوم هانی، مەیمونە، زەینەبی بچوك، ڕەملەی بچوك، ئوم کەلسومی بچوك، فاتیمە، ئومامە، خدیجە، ئوم کیرام، ئوم سەلەمە، ئوم جەعفەر، جمانە، نەفیسە)[٦].

بەگشتی عەلی (ڕەزای خوای لێبێ) ١٤کوڕو ١٩کچی هەبووە[٧]کە دەکاتە(٣٣)منداڵ، هەندێکی دیکە دەڵێن(٢٧)منداڵی هەبووە[٨]، و لەکوڕەکانیشی تەنیا لە(حەسەن و حوسەین و محمد بن الحنفيە و عومەر)نەوەی لێ بەجێماوە[٩].

حوسەینیش وەك هەر کەسێکی ئاسایی ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوەو چوار کوڕو دووکچی هەبووە[١٠]، ئەمەش بەبەراورد لەگەڵ ژمارەی خێزانەکانی حوسەین ژمارەیەکی کەمە چونکە ناوبراو چوار ژنی هێناوە، بۆیە جارێك پرسیار دەکەن لە(علی زین العابدين کوڕی حوسەین) کە بۆچی باوکی منداڵی کەم بووە؟عەلی لەوەڵامدا گوتی:کەسێك لەشەو و ڕۆژێکدا هەزار ڕەکاعەت نوێژ بکات

---

(٦) ابن سعد، الطبقات الكبرى، ٣/١٩-٢٠ ؛ المسعودي، مروج الذهب ومعادن الجوهر، ٢٦٠/٢.

(٧) ابن سعد، الطبقات الكبرى، ٣/٢٠ ؛ الصلابي، عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب، ل٣٠.

(٨) المفيد، الارشاد، ٣٥٤/١.

(٩) ابن سعد، الطبقات الكبرى، ٣/٢٠ ؛ فخر الرازي، الشجرة المباركة في أنساب الطالبية، تحقيق:السيد المهدي الرجائي، (قم، ١٤٠٩هـ)، ص٣.

(١٠) فخر الرازي، الشجرة المباركة في أنساب الطالبية، ص٧٢.

چۆن کاتی دەبێ بۆ خێزانەکانی تاوەکو منداڵی زۆری ببێ[1].

ناوی منداڵەکانیشی ئەمانەن:

عەلی گەورە: دایکی ناوی (لەیلای کچی ئەبی مورڕەیە)، لەکارەساتی(الطف)لەگەڵ باوکیدا شەهیدکراوە[2].

عەلی بچوک ناسراو بە(زین العابدین): دایکی ناوی(شەهرەبانو کچی یەزدەگوردە[3]، ئەمیش لەکاتی ڕوودانی کارەساتی(الطف)لەگ باوکیدا بووە، وئەو کاتە تەمەنی ٢٣ساڵ بووە، و بەهۆی نەخۆش لەسەر جێگا کەوتووەو لەکوژران ڕزگاری بووە[4]، و حوسەین تەن ئەم کوڕەی لەدوا بەجێماوەو تەنیا لەویش نەوەی هەیە[5].

عبدالله: ئەم کوڕە زۆر بچوک بووەو تەمەنی ٣ ساڵان بووە[6] لەکاتی کارەساتی (الطف)دا تیرێکی بەر ملی کەوت وگیانی لەدەستدا[7]، دایکیشی ناوی(ڕەباب کچی ئەمروئەلقەیسی کەلبیە)[8].

---

(١) اليعقوبي، تاريخ اليعقوبي، (بيروت، د.س)، ٢٤٧/٢.

(٢) المصدر نفسه، ٢٤٦/٢-٢٤٧ ؛ الزبيري، نسب قريش، ٥٧/٢ ؛ فخر الرازي، الشجرة المباركة في أنساب الطالبية، ص٧٢.

(٣) فخر الرازي، الشجرة المباركة في أنساب الطالبية، ص٧٣.

(٤) الزبيري، نسب قريش، ٥٨/٢.

(٥) فخر الرازي، الشجرة المباركة في أنساب الطالبية، ص٧٣ ؛ الذهبي، سيرأعلام النبلاء، ٣٢١/٣.

(٦) الذهبي، سيرأعلام النبلاء، ٣٠٠/٣.

(٧) فخر الرازي، الشجرة المباركة في أنساب الطالبية، ص٧٣.

جەعفەر: ئەم کوڕە پێش شەهیدکرانی باوکی مردووە[9]، لەهەندێ سەرچاوەشدا بە(ئەبوبەکر)ناوی هاتووەو لەڕیزی ئەوانە هەژمار کراوە کە لەکارەساتی (الطف) دا شەهیدکراون[10].

سەکینە: ناوی ڕاستەقینەی خۆی(ئامینە) یان (ئەمیمە) بووە، ودایکی نازناوی(سەکینە)ی پێداوە، ولەساڵی١١٧ك/٧٣٥ز لەشاری مەدینە وەفاتی کردووە، ودایکیشی ناوی(ڕەباب کچی ئەمروئەلقەیسی کەلبیە)[11]، و سەکینە لەچاکترین وجوانترین ئافرەتانی ئەو سەردەمە بووە[12].

فاتیمە: دایکی ناوی (ئوم ئیسحاق کچی تەڵحەی کوڕی عبیدالله)یە[13].

جگە لەمانەش لەسەرچاوە شیعیەکاندا ناوی دوو کچی تریش هاتوون وگوایە ئەمانیش کچی حوسەینن و ناویشیان (زەینەب) و

---

[8] ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، و:زاهیر محمد رشید، (سلێمانی، ٢٠٠٩ز)، ٢١١٥/٦.
[9] فخر الرازي، الشجرة المباركة في أنساب الطالبية، ٧٣ ؛ الزبيري، نسب قريش، ٥٩/٢ ؛ المفيد، الارشاد، ١٣٥/٢.
[10] السعودي، التنبيه والأشراف، (بيروت، ١٩٩٣)، ص٢٧٩.
[11] ابن خلكان، وفيات الاعيان وانباء أبناء الزمان، تحقيق:إحسان عباس، (بيروت، د.س)، ٢٩٦/٢-٢٩٧.
[12] المصدر نفسه، ٢٩٤/٢.
[13] الزبيري، نسب قريش، ٥٩/٢.

(روقیە)یە[1]، لەهەندێ سەرچاوەی تر ناوی کوڕێکی تریش هاتووە بەناوی (عومەر)و گوایە ئەمیش کوڕی حوسەینە و لەکارەساتی (الطف) ڕزگاری بووە[2]، بەڵام ئەم بۆچوونانە زۆر وورد وباوەڕ پێکراونین، و ڕای پەسەند ئەوەیە کە دوو کچ وچوار کوڕی هەبووە.

سەبارەت بە خێزانەکانیشی ئەوا (حوسەین) چوار ژنی هێناوە کە ئەمانەن:

لەیلا کچی ئەبی مورە کوڕی عوروە کوڕی مەسعودی سەقەفی[3].

ئوم ئیسحاق کچی تەڵحەی کوڕی عبیداللە[4].

ڕەباب کچی ئەمروئەلقەیسی کەلبی[5].

شەهرەبانۆی کچی یەزدەگوردی دوا پاشای ساسانی[6]، هەروەها بە(حەراری کچی یەزدەگورد)یش ناوی هاتووە، و حوسەینیش نازناوی(غەزالە)ی لێناوە[7].

---

(١) لبیب بیضوت، موسوعة کربلاء، ١١٤/١ ؛ ایةالله الزنجاني، عقائد الأمامیة الاثنی عشریة، ١٥١/١.

(٢) الدینوري، الأخبار الطوال، تحقیق: عبد المنعم عامر، (القاهرة، ١٩٦٠م)، ص٢٥٩.

(٣) ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٢١١٥/٦.

(٤) الزبیري، نسب قریش، ٥٩/٢ ؛ الخلیفة، ریحانة النبي الحسین بن علي، ص٢٤.

(٥) الصفدي، الوافي بالوفیات، تحقیق:أحمد الأرنؤوط و ترکي مصطفی، (بیروت، ٢٠٠٠م)، ٥٣/١٤.

-تەوەرەی چوارەم / شێوەو سیفەت و ڕەوشتەکانی :

یەکەم- شێوەو ڕووخساری :

سەرجەم سەرچاوەکانی مێژوویی وفەرموودەکان کۆکن لەسەر ئەوەی (حەسەن وحوسەین) لەشێوەو ڕووخسارو لەش ولاریان زۆر لەپێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دەچوون، بەڵام جیاوازیەکیان هەبووە ئەویش ئەوەیە(حەسەن) لەڕووخساریدا زۆرتر لە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دەچوو، بەڵام (حوسەین)لە جەستەو لەشیدا زیاتر لەپێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دەچوو[٨]، وەك لەسەر زاری(عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب (ڕەزای خوای لێبێ)) گێڕدراوەتەوە کە گوتویەتی:((هەرکەسێك دەیەوێت سەیری گەردن وڕووخساری پێغەمبەر بکات، ئەوا باسەیری حەسەن بکات، هەرکەسێکیش دەیەوێت سەیری خوار گەردنی پێغەمبەر بکات تاوەکو پێیەکانی، ئەوا باسەیری حوسەین بکات))[١].

فخر الرازي، الشجرة المباركة في أنساب الطالبية، ص٧٣ ؛ س.ج.و.بنجامين، ايران وايرانيان، ترجمه:محمد حسين كردبچه، (د.م، ١٣٦٣ف)، ص٢٨٠.

اليعقوبي، تاريخ اليعقوبي، (بيروت، د.س)، ٢٤٧/٢.

احمد بن حنبل، فضائل الصحابة، ٧٧٤/٢ ؛ الترمذي، الجامع الصحيح، تحقيق:احمد زهوة و احمد عناية، (بيروت، ٢٠٠٥م)، ص١٠٢٩ ؛ ابن منظور، مختصر تاريخ دمشق، ١١٧/٧ ؛ ابن كثير، البداية والنهاية، ١٥٥/١١.

ابونعيم الأصبهاني، معرفة الصحابة، ٦٦٣/٢.

دەربارەی چۆنیەتی ڕووخساری(حوسەین)، ئەوا ناوبراو
لەژیاندا مابوو کەسێکی زۆر گەنج جوان وچالاك دیاربووە، تەنانە
تەمەنی نزیکەی ٦٠ساڵان دەبوو کەچی سەرو ڕیشی زۆر ڕە
بووە[٢]، زۆر جارانیش قژو ڕیشی بۆیە دەکرد یان لەخەنەی دەخ
و تەنیا هەندێ تاڵە موی بە(سپی)دەهێشتەوە بۆ ئەوە
لەپێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) بچێت[٣](ئەم شێوازە لەنێو کورددا پێ
دەڵێن ماش و برنجی، کە دیمەنێکی جوان دەبەخشێتە کەسا
بەتەمەن)، هەروەها کەسێکی زۆر دەنگ خۆش بووەو زۆریش حەز
بەبۆنی خۆش دەکرد وبەردەوام بۆنی(میسك)ی لێ دەهات[٤].

بەگشتی ئەگەر بمانەوێت بزانین شێوەو ڕوخساری ناوبراو چۆ
بووە، دەبێ بەدوای شێوەو ڕووخساری پێغەمبەر(صلى الله عليه وسل
بگەڕێین، چونکە زانیاری دەربارەی شێوەی حوسەین کەمە،
لەلایەکی تر حوسەین زۆر لەپێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دەچوو
دەربارەی شێوەی پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) لەسەرچاوەکان
بەکەسێکی زۆر ڕێك وجوان وەسف کراوەو یەکێك لەهاوەڵانیش
دەربارەیەوە دەڵێت: ((پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) جوانترینی خەڵك
بووە لەشێوەو ڕووخساردا، وە جوانترین دروستکراوی خودابوو، نە

---

(٢) ابن كثير، البداية والنهاية، ١١/١٥٥.
(٣) أبي يعلي، مسند أبي يعلي، تحقيق: خليل بن مأمون، (بيروت، ٢٠٠٥م)، ص١٨
؛ الطبراني، مقتل الحسين بن علي بن أبي طالب، ص٣٠.
(٤) ايةالله الزنجاني، عقائد الأمامية الاثنى عشرية، ١/١٤٦.

زۆر درێژ و نەگورت بووە_مام ناوەندی بووە_))(٥)، کەواتە حوسەینیش لەشێوەو ڕووخساردا کەسێکی جوان وڕێك وپێك بووە.

دووەم- سیفەت و ڕەوشتەکانی :

بەبۆنەی ئەوەی حوسەین لەبنەماڵەیەکی ناودارو ڕێزدار پەروەردەبووە کەسێکی زۆر ڕەوشت بەرزو خوو جوان بووەو کاریگەری زۆری بنەماڵەکەشی بەسەرەوە بووە بەتایبەتیش دایك وباوك وباپیرەی، و لەسەرچاوەکانیشدا چەندین نمونەی واقیعی و بەسەرهات هەن دەربارەی ڕەوشت بەرزی وچاکیەکانی ناوبراو، لەوانەش:

ئەدەب و ڕەوشتی بەرامبەر کەسانی بەتەمەن:

ڕۆژێك حەسەن وحوسەین لەمزگەوتدا دەبن، ودەبینن پیرەپیاوێك دەستنوێژ بەهەڵە هەڵدەگرێ و ئەوانیش دەیانەوێ هەڵەکانی بۆ چاك بکەنەوە، بەڵام لەڕوویان نایە ئامۆژگاری ئەو پیاوە بەتەمەنە بکەن، بۆیە بانگی پیاوەکە دەکەن و پێی دەڵێن دادوەری بکە لەنێوان هەردووکماندا و بزانە دەستنوێژی کاممان ڕاستترە، پیاوەکەش بەخۆشحاڵیەوە چاودێریان دەکات و دەبینێ هەردووکیان وەك یەك دەستنوێژ دەگرن وهیچ جیاوازیان نیەلەگەڵیش لەپەیامی ئەم دوو منداڵە ژیکەڵە تێدەگات، و

---

(٥) مسلم، صحیح مسلم، تحقیق:محمد فؤاد عبدالباقي، (بیروت، ١٩٩١)، ١٨١٩/٤.

بەزەردەخەنەیەکەوە پێیان دەڵێ: ئێوە هەردووکتان لەسەر هەقن، و ئەوە منم کە دەستنوێژم ناتەواوە[1].

ڕێزگرتن لە(حەسەن)ی برای:

جارێك کێشەیەك دەکەوێتە نێوان هەردووکیان ودڵیان لەیەك دەڕەنجێ، بۆیە خەڵکی بە(حوسەین)دەڵێن تۆ بڕۆ براکەت ئاشتکەرەوە چونکە تۆ لەو بچوکتری، ئەویش دەڵێ: چاکە بۆ ئەو کەسەیە کە دەست پێشخەری دەکات، بەڵام من شەرم دەکەم لە(حەسەن)چاکتربم، کاتێ ئەمە گەیشتەوە بە(حەسەن)یەکسەر هاتەلای و ئاشتی کردەوە[2].

جارێکی تر پیاوێك چووە لای(حەسەن)و داوای یارمەتی لێکرد وئەویش ١٠٠دیناری پێدا، ئەمجا پیاوەکە چووە لای(حوسەین)و داوای یارمەتی لەویش کرد، ئەویش لێی پرسی:حەسەن چەندی پێداوی؟ پیاوەکەش گوتی: ١٠٠ دینار، حوسەین ٩٩ دیناری دایە پیاوەکە تاوەکو لە چاکەکردندا خۆی نەهێنێتە ڕیزی براکەی[3].

---

[1] مأمون غريب، الامام الحسين حياته واستشهاده، (القاهرة، د.س)، ص ص٦٢-٦٣.

[2] عبدالحميد جودة السحار، حياة الحسين، (مصر، د.س)، ص٣٧ ؛ الصلابي، الحسن بن علي بن أبي طالب، (القاهرة، ٢٠٠٤م)، ص٢٥٦.

[3] محمد بكر اسماعيل، الامام الحسين سيرة ومسيرة، (القاهرة، ٢٠٠٦م)، ص٧٤.

ئازایەتی وچاونەترسی:

ئەمەش یەکێکە لە سیفەتە زۆر دیارو ناسراوەکانی حوسەین، کە لەژیانیدا هەرگیز سەری شۆڕنەکردووە بۆ دەسەڵاتداران و نەیارانی خوای و هیچ باکیشی لەمەرگ نەبووە، بۆ نمونە کاتێ دەرچوو بەرەو عێراق گەیشتە سوپای(حوری کوڕی یەزید[٤])کە زۆر تکای لەحوسەین کرد تا بگەڕێتەوە دەنا دەکوژرێت، ئەویش وەڵامی دایەوەو گووتی: تۆبەمەرگ دەمترسێنیت؟! ئینجا ئەم شیعرەی گووت:

سَأمْضِي وَمَا بِالْمَوْتِ عَارٌ عَلَى الْفَتَى
إِذَا مَا نَوَى حَقًّا وَجَاهَدَ مُسْلِمًا
وَآسَى الرِّجَالَ الصَّالِحِينَ بِنَفْسِهِ
وَفَارَقَ خَوْفًا أنْ يَعِيشَ وَيُرْغَمَا[٥]

پاشان پێشنیاری بۆکرا ملکەچ بێ بۆ دەسەڵاتی والی ستەمکاری عێراق، بەڵام ئامادە نەبوو سەری بۆ شۆڕبکات، بۆیە خۆی لەگەڵ ٧٢

---

[٤] حوڕی کوڕی یەزید:یەکێك بوو لەسەرکردەو کەسایەتیە دیارەکانی شاری کوفە، والی کوفە فەرمانی پێدا بۆ ڕێگری کردن لەوەی حوسەین بگاتە کوفە، ئەویش فەرمانەکەی جێ بەجێ کرد، بەڵام دواتر پەشیمان بۆوەو لەکاتی ڕووبەڕووبونەوەی(الطف)ڕیزی سوپای کوفەی جێهێشت وچووە پاڵ حوسەین وشەڕی کرد تاوەکو شەهیدکرا، بڕوانە: جواد محدثي، موسوعة عاشوراء، ترجمة:خليل زامل العصامي، (بيروت، ١٩٩٧م)، ص١٣٥.

[٥] ابن كثير، البداية والنهاية، ١٧٨/١١.

کەس لە شوێنکەوتووانی ڕووبەڕووی سوپایەکی(٤٠٠٠)کەسی بونەوە[٦]!!

کاتێکیش تووشی شەڕهاتن یەکە یەکە ئەندامانی بنەماڵەکەی ومنداڵ هاوەڵەکانی لەبەردەمیدا شەهید دەبوون، کەچی هەر سەری شۆڕنەکرد وتادوا هەناسە بەرگری کرد، لەدوای شەهیدبوونیشی بینیان جگە لە برینی ئەو تیرانەی بەری کەوتبوو ٣٣ برینی ڕم و٢٤ برینی شمشێری بەجەستەیەوە بوو[٧]!!لەدوای ئەم کارەساتەش ئازایەتی وئارامگری حوسەین لەجەنگدا ببوو بەپەندو خەڵك نمونەیان پێ دەهێنایەوە[٨].

هەروەها نووسەری ئەمەریکی(س.ج.و.بنجامین)دەڵێ: ئەگەر لەمێژوودا یەك پاڵەوان هەبێت، ئەوا ئەو پاڵەوانە(حوسەینی کوڕی عەلی)یە[١].

سەخاوەت وبەخشندەیی:

یەکێکە لەو سیفاتە دیارانەی کە بەگشتی(ئەهلی بەیت) زۆر پێی بەناوبانگ بوونە، بۆ نمونە جارێك (حەسەن وحوسەین وعبداللە

---

(٦) بڕوانە: لاپەڕە(٤٥-٤٨).

(٧) البلاذري، أنساب الأشراف، ٤٠٩/٣ ؛ المسعودي، مروج الذهب ومعادن الجوهر، ٢٥٨/٣ ؛ ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٢١٠١/٦.

(٨) فوادعلي رضا، غصن الرسول الحسين بن علي، ص٨٧.

(١) ايران وايرانيان، ص٢٧٧.

تووشی برسیەتی ولەرێگادا حەج، بۆ دەچن [٢]) جەعفەر کوڕی کۆچەری پیاوێکی پیرە دەگەنە تا دەبن، سەخت زۆر وتینوویەتیەکی سەربڕین بۆی هەیبوو مەڕەشی تاکە وئەو پێدەدات شیریان ئەویش و خۆی پێداویستی بۆ پیاوە پیرە ئەو سالێك چەند لەدوای پێیدان، و پاداشتی لە دەناسێتەوەو پیاوەکە حەسەن و مەدینە، شاری دەچێتە بە مەڕی سەر وهەزار دینار هەزار کردبوون لەگەڵی چاکەیەی ئەو دینار هەزار ئەویش حوسەین، لای ناردیە و بەخشی پیرەپیاوەکە پاداشتێك وەکو ئەویش عبدالله، لای ناردیە پێداو مەڕی سەر وهەزار بەخۆو پیرەپیاوەکە و پێدا، مەڕی سەر ودووهەزار دینار هەزار دوو چوار هەزار دینار وچوار هەزار سەر مەڕ گەڕایەوە بۆ ماڵەوە[٣].

هەروەها لەکاتی سەرەمەرگی(ئوسامەی کوڕی زەید[٤])حوسەین دەچێتە سەردانی و دەبینێ زۆر غەمبارەو هۆکاری غەمباریەکەی لێ

---

[٢] عبدالله کوڕی جەعفەر کوڕی ئەبوتالیبە، پیاوێکی زانا وبەڕێزو چاك بووە، ودوایین کەسە لەبەنی هاشم کە پێغەمبەری بینیووە(صلى الله عليه وسلم)، و بەهۆی کۆچی موسڵمانان لە وولاتی حەبەشە لەدایك بووە، بڕوانە: الذهبي، سیر اعلام النبلاء، ٣/٤٥٦.

[٣] ابن حجة، طيب المذاق من ثمرات الأوراق، تحقيق:أبو عمار السخاوي، (الشارقة، ١٩٩٧م)، ص ص٢٤٦-٢٤٧ ؛ الغزالي، إحياء علوم الدين، تحقيق:طه عبدالرؤوف سعد، (القاهرة، ٢٠٠٣م)، ٣/٢١٩.

[٤] ئوسامە کوڕی زەید کوڕی حاریسە کوڕی شەرحەبیلە، یەکێکە لە هاوەڵە خۆشەویستەکانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)، و پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) بەر لە وەفاتکردنی کردیە سەرکردەی سوپایەك بۆشەڕی شام، کەلەو

دەپرسێت؟ ئوسامەش دەڵێ:من ٦٠هەزار قەرزارم، حوسەینیش دڵی دایەوەو گووتی پێش ئەوەی بمریت قەرزەکانت بۆ دەدەمەوە، ئینجا فەرمانی کردو سەرجەم قەرزەکانی بۆ دایەوە(٥).

جارێکی دیکە پیاوێکی دەشتەکی دەچێتە مزگەوتی مەدینە بۆ ئەوەی موسڵمانان یارمەتی بدەن، چونکە پیاوەکە کوڕە مامێکی خۆی کوشتووەو دەیەوێت خوێنباییەکەی بدات، عوتبەی کوڕی ئەبوسوفیان لەوێ دەبێت ١٠٠ درهەمی پێدەدات، بەڵام پیاوەکە وەریناگرێت وداوای تەواوی خوێنەکە دەکات، عبدالله ی کوڕی زوبەیریش ٢٠٠ درهەمی پێدەدات بەڵام پیاوەکە لەویشی وەرناگرێ و دەچێتە لای(حوسەینی کوڕی عەلی)و داوای تەواوی خوێنەکەی لێ دەکات، ئەویش ١٠هەزار درهەمی پێدەدات بۆ دانی خوێنبایی کوڕە مامەکەی، و ١٠هەزار درهەمی تریشی پێدەدات بۆ چاککردنی گوزەرانی خۆی(٦).

سوپایەدا چەندین هاوەڵی گەورەی وەك(ئیمامی عومەر)هەبوون، بەڵام بەر لەدەرچوونی بۆشام پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) وەفاتی کرد، بڕوانە:الذهبي، سيرأعلام النبلاء، ٢/٤٩٦-٤٩٧.

(٥) العاملي، لواعج الأشجان، تحقيق:السيد حسن الامين، (بيروت، ١٩٩٦م)، ص١٢ ؛ باقر الشريف القرشي، حياة الامام الحسين بن علي، ١/١٢٨-١٢٩.

(٦) فوادعلي رضا، غصن الرسول الحسين بن علي، ص ص٨٣-٨٤.

لێبوردەیی:

جارێك یەكێ لەكارگوزارەكانی حوسەین هەڵەیەك دەكات وئەویش بڕیار دەدات تەمبێی بكەن، كارگوزارەكەش پێی دەڵێت:گەورەم خوای گەورە دەفەرموێت﴿وَٱلۡكَٰظِمِينَ ٱلۡغَيۡظَ﴾، حوسەین گووتی: لێی گەڕێن ئەوا ڕقی خۆمم خواردەوە، كارگوزارەكە گووتی:﴿وَٱلۡعَافِينَ عَنِ ٱلنَّاسِ﴾، حوسەین گووتی:ئەوا لێت خۆش بووم، كارگوزارەكە گووتی:﴿وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلۡمُحۡسِنِينَ﴾، حوسەین گووتی: ئەوا لەپێناوی خوادا تۆم ئازادكرد وديارِیشی پێبەخشی[1].

جارێكی تر كەنیزەیەك دێتە لای حوسەین وچەپكێ ڕەیحانەی پێشكەش دەكات، ئەویش لەبەرامبەر ئەوەدا ئازادی دەكات[2].

عیبادەت وخواپەرستی:

حوسەین لەژیانیدا بەوە ناسراوە كە كەسێكی زاهید ولەخواترس بووەو زۆر بایەخی بەدونیا نەداوە، تەنانەت (علی زین العابدینی كوڕی حوسەین)هۆكاری ژمارەی كەمی منداڵەكانی باوكی دەگەڕێنێتەوە بۆ سەرقاڵ بوونی باوكی بەخواپەرستی[3]، ناوبراو

---

(1) فوادعلي رضا، غصن الرسول الحسين بن علي، ص٨٥ ؛ محمد بكر اسماعيل، الامام الحسين سيرة ومسيرة، ص٧٥.

(2) باقر الشريف القرشي، حياة الامام الحسين بن علي، ١٢٩/١ ؛ محمد بكر اسماعيل، الامام الحسين سيرة ومسيرة، ص٧٥.

(3) اليعقوبي، تاريخ اليعقوبي، ٢٤٧/٢.

لەژیانیدا(٢٥)جار بەپێ حەجی کردووە، و لەشەو و ڕۆژێکیشدا هەزار ڕەکاعەت نوێژی کردووە[٤].

ڕەوانبێژی وشیعرکووتن:

بەشێوەیەکی گشتی کۆمەلگای عەرەبی لەو سەردەمەدا بایەخێکی زۆریان بەلایەنی ڕەوانبێژی وشیعر داوەو ئەم ژینگەیەش کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر حوسەین، تەنانەت باوکیشی یەکێکە لەو کەسایەتیانەی بە زمانپاراوی و ڕەوانبێژێکی بلیمەت ناسراوە، ئەمەش وای لە حوسەین کردووە کە بایەخێکی زۆر بدات بە ڕەوانبێژی وشیعر گووتن، و لەسەرچاوەکانیشدا کۆمەڵێك ووتەی بایەخدار و شیعری ئەو تۆمارکراون، بۆنمونە لەم شیعرەدا باسی کەم بایەخی ماڵی دونیا دەکات ودەڵێ:

كُلّمَا زِيدَ صَاحِبُ المَالِ مَالاً
زِيدَ فِي هَمِّهِ وَفِي الاشتِغَالِ
قَدْ عَرَفْتَاكِ يَا مُنَغِّصَةَ العَيْ
شِ وَيَا دَارَ كُلِّ فَانٍ وَبَالِ
لَيسَ يَصْفُوا لِزَاهِدٍ طَلَبُ الزُّهْد
إِذَا كَانَ مُثْقَلًا بِالعِيَالِ

---

(٤) ابي الفداء، المختصر في اخبار البشر، (مصر، د.س)، ١٩١/١ ؛ ابن الوردي، تاريخ ابن الوردي، (بيروت، ١٩٩٦م)، ١٦٥/١.

لەشیعرێکی تردا باسی بەکەمزانینی دونیا وگەورەیی دوارۆژ دەکات و دەڵێ:

لَئِنْ كَانَتِ الدُّنْيَا تعَدُّ نَفِيسَةً
فَدَارُ ثَوَابِ اللهِ أعْلَى وأنْبَلُ
وَإنْ كَانَتِ الأبْدَانُ لِلمَوْتِ أُنْشِئَتْ
فَقَتْلُ سَبِيلِ اللهِ بِالسَّيْفِ أفْضَلُ
وَإنْ كَانَتِ الأرْزَاقُ شَيْئًا مُقَدَّرًا
فَقِلَّةُ سَعْيِ المَرْءِ فِي الكَسْبِ أجْمَلُ
وَإنْ كَانَتِ الأمْوَالُ لِلتَّرْكِ جُمِّعَتْ
فَمَا بَالُ مَتْرُوكٍ بِهِ المَرْءُ يَبْخَلُ

لەشیعرێکی تریدا کەباسی حاڵی مردووان دەکات دەڵێت:

نَادَيْتُ سُكَّانَ القُبُورِ فَأسْكَتُوا
وَأجَابَنِي عَنْ صَمْتِهِمْ نَدْبُ الْجُثَى
قَالَتْ أتَدْرِي مَا صَنَعْتُ بِسَاكِنِيَّ
مَزَّقْتُ ألحُمَهُمْ وَخَرَّقْتُ الكُسَا
وَحَشَوْتُ أعْيُنَهُمْ تُرَابًا بَعْدَ مَا
كَانَتْ تَأذَّى بِاليَسِيرِ مِنَ القَذَى
أمَّا العِظَامُ فَإنَّنِي مَزَّقْتُهَا
حَتَّى تَبَايَنَتِ المَفَاصِلُ وَالشَّوَى
قَطَعْتُ ذَا مِنْ ذَا وَمِنْ هَذَا كَذَا

فتركتها رِمَمَا يَطُولُ بهَا البلى[1]

-تەوەرەی پێنجەم / شەهیدکردنی و هەڵسەنگاندنی بۆچوونەکان :

باس وبەسەرهاتی شەهیدکردنی حوسەین وهاوەڵانی بابەتێکی دوور ودرێژەو لەداهاتوودا بەووردی باسی دەکەین، بەڵام لێرەدا تەنیا ئاماژە دەکەین بە شوێن وبەروار وتەمەنی حوسەین لەکاتی شەهید بوونیدا، لەگەڵ هەڵسەنگاندنی ئەو کاردانەوەو بیروبۆچوونە جیاوازانەی دەربارەی ئەو مەسەلەیە هەن.

بەکورتی هۆکاری شەهیدکردنی ئەو دەگەڕێتەوە بۆ بەیعەت نەدان وڕازی نەبوونی بە خیلافەی(یەزیدی کوڕی موعاویە[2])، کە لەئەنجامدا خەڵکی(کوفە[3])نامەیان بۆی ناردو پەلکێشی عێراقیان

---

[1] بۆبینینی ئەم شیعرانە بڕوانە: ابن منظور، مختصر تاريخ دمشق، ١٣٢/٧-١٣٣ ؛ ابن كثير، البداية والنهاية، ٢١٤/١١-٢١٥.

[2] یەزید کوڕی موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیانە، دایکی ناوی مەیسونی کچی بەحدەیە، لەساڵی ٢٦ك ولەسەردەمی خەلیفە عوسمانی کوڕی عەففان (ڕەزای خوای لێبێ) لەدایك بووە، و لەساڵی ٦٤ك مردووە. بڕوانە:محمد الخضري، دەوڵەتی ئەمەوی، و:لوقمان باپیر، (هەولێر، ٢٠١١ز)، ل٥٧.

[3] کوفە: ناوچەیەکی بەناوبانگە لەڕەشەخاکی عێراق لەبابل، و ئەم شارە لەسەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی خەتتاب (ڕەزای خوای لێبێ) دروستکراوە

کرد، و لەوێشدا حوسەین بەبێ هیچ پشتیوانیەك خۆی لەبەردەم سوپای زەبەلاحی ئومەویدا بینیەوەو خۆی و ٧٢ کەس لەشوێنکەوتووەکانی کوژران[٤]، خەڵکی کوفەش نەك هەر پشتیوانیان لێ نەکرد بەڵکو دژایەتیشیان کردو لەدژی جەنگان، هەروەکو مێژوونوس(مەسعودی)دەڵێ:((سەرجەم ئەوانەی بەشداربوون لەکوشتنی حوسەین لەسەربازان وشەڕکەرەکان خەڵکی کوفە بوون، و هیچ شامیەك لەگەڵیاندا نەبوو))[٥].

هەرچۆنێك بێت حوسەین وهاوەڵانی بەدەستی خەڵکی عێراق کوژراون، لەناوچەیەکدا کە ناسراوە بە(الطف) لە(کەربەلا[٦]) لەنزیك ڕووباری فورات[٧]، بەدووری ٢٥ میل لە باکووری شاری کوفە[٨].

لەلایەن سەعدکوڕی ئەبی وقاص، لەساڵی ١٧ یان ١٨ یان ١٩ك. بڕوانە:یاقوت الحموي، معجم البلدان، (بیروت، ١٩٩٥م)، ٤/٤٩٠-٤٩١.

(٤) ول دیورانت، قصة الحضارة، ترجمة:محمد بدران، (القاهرة، ١٩٧٩م)، ١٣/٨٢.

(٥) مروج الذهب ومعادن الجوهر، ٣/٢٥٧.

(٦) کەربەلا: ناوچەیەکە لەعێراقدا لەنزیك شاری کوفەیە(ئێستا شارێکە دەکەوێتە باشوری بەغداد، و مەزاری ئیمامی حوسەینی لێیە).بڕوانە: یاقوت الحموي، معجم البلدان، ٤/٤٤٥.

(٧) النويري، نهاية الأرب في فنون الأدب، تحقيق:عمادعلي حمزة، (بيروت، د.س)، ٢/٢٥٣.

(٨) ول دیورانت، قصة الحضارة، ١٣/٨٢.

سەبارەت بە بەرواری شەهیدبوونیشی چەند ڕاوبۆچوونێك هەیە لەوانەش:

لەڕۆژی عاشورا ١٠/موحەرەم/٦٠ك -٦٧٩ز لەڕۆژی شەممە شەهیدکراوە[٩].

لەساڵی ٦٢ك -٦٨١ز شەهیدکراوە[١٠].

ئەوەی کە یەکدەنگی سەرچاوەکانی لەسەردو ڕاسترین بۆچوونە ئەوەیە کە لە ١٠/موحەرەم/٦١ك شەهیدکراوە[١]، کە دەکاتە ١/١٠/٦٨٠ز[٢]، یان ١٠/١٠/٦٨٠ز[٣].

دەربارەی ئەو ڕۆژەش کە تیایدا شەهیدکراوە بۆچوونێکی دیارو یەکلاکەرەوە نیە لەسەرچاوەکاندا، و کۆمەڵێ ڕۆژ دیاری کراون وەك: شەممە[٤]، دووشەممە[٥]، چوارشەممە[٦]، هەینی[٧].

---

(٩) أبونعيم الأصبهاني، معرفة الصحابة، ٦٦٦/٢.

(١٠) ابن منظور، مختصر تاريخ دمشق، ١٥٦/٧ ؛ ابن كثير، البداية والنهاية، ٢٠٤/١١.

(١) اليعقوبي، تاريخ اليعقوبي، ٢٤٥/٢ ؛ الكلاباذي، الهداية والإرشاد في معرفة أهل الثقة والسداد، تحقيق:عبدالله الليثي، (بيروت، ١٤٠٧هـ)، ١٧٠/١ ؛ أبونعيم الأصبهاني، معرفة الصحابة، ٦٦٥/٢ ؛ ابن منظور، مختصر تاريخ دمشق، ١٥٦/٧ ؛ ابن كثير، البداية والنهاية، ٢٠٤/١١.

(٢) عەلی کەندی، ئینسکلۆپیدیای مێژوونامە، (هەولێر، ٢٠٠٩)، ٨٢/١.

(٣) اية‌الله الزنجاني، عقائد الأمامية الاثنى عشرية، ١٥١/١.

(٤) ابن منظور، مختصر تاريخ دمشق، ١٥٦/٧.

(٥) اليعقوبي، تاريخ اليعقوبي، ٢٤٥/٢.

(٦) الكلاباذي، الهداية والإرشاد في معرفة أهل الثقة والسداد، ١٦٩/١.

هەر بەهەمان شێوە دەربارەی تەمەنیشی بۆچوونی جیاواز خراوەتە لەسەرچاوەکاندا، بەڵام ڕاستترینیان ئەوەیە کەتەمەنی لەنێوان ٥٦ بۆ ٥٧ ساڵی بووە(٨)، چونکە لە(شەعبانی/٤ك)لەدایک بووەو لە(موحەڕەمی/٦١ك) شەهیدکراوە(٩)، بەمەش ماوەی تەمەنی دەکاتە نزیکەی ٥٦ ساڵی.

لەو ڕۆژەوەی حوسەین بەیعەتدانی ڕەتکردەوە تائەو ڕۆژەی شەهیدکرا (١٧٥) ڕۆژی خایاندووە، ١٢ڕۆژ لەمەدینە مایەوە، چوار مانگ و١٠ ڕۆژیش لە مەککە مایەوە، و ٢٣ ڕۆژیش ڕێگای نێوان مەککە و کەربەلای بڕی، ٨ ڕۆژیش لەکەربەلا مایەوە ئینجا شەهیدکرا(١٠).

شایانی باسە سەرچاوەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) بەر لەوەفاتکردنی هەواڵی کوژرانی حوسەینی داوە، ئەویش بەچەند گێڕانەوەیەکی جیاواز لەسەرچاوەکاندا هاتووە بۆنمونە:

---

(٧) ابن كثير، البداية والنهاية، ١١/٢٠٤.
(٨) ابن عبدالبر، الاستيعاب في معرفة الأصحاب، تحقيق، علي محمد البجاوي، (بيروت، ١٩٩٢م)، ١/٢٩٧.
(٩) أبو الفرج الأصفهاني، مقاتل الطالبيين، تحقيق: السيد أحمد صقر، (بيروت، د.س)، ص٨١.
(١٠) محمدي، موسوعة عاشوراء، ص٢٠.

لەڕیوایـەتێکی شـیعیدا هـاتووە کـە(ئوم سـەلەمە[11])ی دایکی ئیمانـــداران فەرموویـــەتی:((ڕۆژێك بینـــیم حوســـەین لـەلای پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) بوو، پێغەمبـەر(صلى الله عليه وسلم) شتێکی لەدەست بوو سەیری دەکردو دەگریا!منیش گووتم:بۆچی دەگریێ؟ فـەرمووی: ئەمـە خـۆڵی کەربەلایـە جوبرائیـل بـۆی هێنـاوم، تۆش لەدەفرێکدا هـەڵی بگرەو هـەرکاتێکیش بینیت بـووە بـەخوێن ئـەوا بزانە حوسەین کوژراوە))[12].

لەگێڕانەوەیـەکی سوننیشـدا هـاتووە[13]((فریشـتەیەك هاتـە لای پێغەمبـەر(صلى الله عليه وسلم) کاتـێ لـەماڵی ئـوم سـەلەمە بـوو، پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) بـە ئـوم سـەلەمەی فەرموو:ئـەم دەرگایە بگرەو مەهێڵە کەس بێتە لامان، بەڵام حوسەین هات وخۆی گەیاندە پێغەمبـەر(صلى الله عليه وسلم) وئـەویش لەباوەشـی گـرت، فریشـتەکە

---

(11) ئـوم سـەلەمە: نـاوی هینـد کچـی ئـەبی ئومەییـە یـە، یـەکێك بـووە لەخێزانـەکانی پێغەمبـەر(صلى الله عليه وسلم) کەلەسـاڵی ٤ك لـەدوای وەفـاتکردنی مێردەکـەی پێغەمبـەر(صلى الله عليه وسلم) مـارەی کـرد. بڕوانە:صفی الرحمان المبارکفوری، گوڵاوی سـەرمۆر، و: بکرحمـە صدیق، (تاران، ٢٠٠٦)، ل٥٦١.

(12) أبـي مخنـف، مقتـل الحسين، (قـم، ١٣١٢)، ص ١٧٧ ؛ إدريـس الحسـيني، لقـد شيعني الحسين، (بيروت، ١٩٩٥م)، ص٢٩٤.

(13) شێخ ئەلبانی لـەزنجیرەی فەرموودەڕاستەکان(صحیح) هێناویـەتی، بڕوانـە: الألبـاني، سلسـلة الأحاديـث الصحيحة وشيء مـن فقههـا وفوائـدها، (الريـاض، ١٩٩٥م)، ٣/١٦٠.

فەرمووی: ئایا خۆشت دەوێت؟ ئەویش فەرمووی: بەڵێ، فریشتەکە گووتی: ئوممەتەکەی تۆ دەیکوژن، ئەگەر دەتەوێت ئەو شوێنەشت نیشان دەدەم کە لەسەری دەکوژرێت، ئینجا هەندێ خۆڵی سووری هێنا))[1].

هەروەها لە پێغەمبەرەوە (صلی الله علیە وسلم) گێڕدراوەتەوە کە فەرموویەتی: ((ئەو ڕۆڵەیەم -حوسەین- لەخاکێکدا دەکوژرێت کەپێی دەڵێن کەربەلا، جا هەرکەسێك ئەو ڕۆژەی بینی باسەری بخات))[2]، هەروەها دەربارەی کەربەلا فەرموویەتی(کرب وبلاء)واتە ناڕەحەتی وبەلا[3].

هەروەها لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە کە (ئیبن عەبباس[4]) گوتوویەتی: ((ڕۆژێك لەخەودا پێغەمبەرم بینی (صلی الله علیە وسلم) کە

---

(1) البغوي، معجم الصحابة، تحقيق: محمد الأمين بن محمد الجكني، (الكويت، ٢٠٠٠م)، ٢/١٧-١٨ ؛ الطبراني، مقتل الحسين بن علي بن أبي طالب، ص ص٤٣-٤٤ ؛ الذهبي، سير أعلام النبلاء، ٣/٢٨٨-٢٨٩ ؛ ابن كثير، البداية والنهاية، ٩/٢٧-٢٨.

(2) ابن كثير، البداية والنهاية، ١١/٢٠٥.

(3) الذهبي، سير أعلام النبلاء، ٣/٢٩٠.

(4) ئیبن عەبباس: ناوی عبدالله کوڕی عەبباسە ئامۆزای پێغەمبەرە (صلی الله علیە وسلم)، و یەکێکە لەگەورەترین زانایانی ئیسلام وماوەی ٣٠مانگ هاوەڵێتی پێغەمبەری کردووە، وکاتێ پێغەمبەر(صلی الله علیە وسلم) وەفاتی کرد ئەو تەمەنی ١٥ ساڵ بوو، بڕوانە: سعد یوسف أبوعزیز، پیاوان وئافرەتانی دەوری پێغەمبەر(صلی الله علیە وسلم)، ل١٧٢.

زۆر شپرزەببوو!دەفرێکی لەدەست بوو کە پڕ لەخوێن بوو، منیش لێم پرسی ئەمە چیە؟فەرمووی ئەمە خوێنی حوسەین وهاوەڵانیەتی، منیش ئەو ڕۆژەم دیاری کرد کەخەوەکەم بینی، پاشان کەهەواڵی شەهیدبوونی حوسەینیان بۆ هێنام بینیم هەمان ئەو ڕۆژە شەهیدکراوە کەمن خەوەکەم بینی بوو))[٥].

بەگشتی ڕووداوی شەهیدبوونی حوسەین کاردانەوەی زۆر گەورەی هەبووە لەسەر دڵ ودەروونی موسڵمانان، و ئەم کاردانەوە قوڵەش بووەتە هۆی هەڵبەستنی دەیان ڕیوایەت وقسەی ئەفسانەیی ودوور لەڕاستی دەربارەی کوژرانەکەی، کە هیچ کات لەگەڵ ئەقڵ وژیریدا ناگونجێن، لەوانەش:

گوایە بەکوژرانی حوسەین چەندین دیاردەی سرووشتی سەیروسەمەرە ڕوویانداوە، وەك سوور هەلگەڕانی ئاسۆی ئاسمان بۆ ماوەی ٦مانگ، کە لەوەو پێش هەرگیز ئەو سورایە نەبینراوە[٦]!!یان دەڵێن لەو ڕۆژەدا خۆر گیراوەو، لەوڵاتی شامدا هیچ بەردێك بەرز نەکراوەتەوە مەگەر لەژێریدا خوێن هەبووە[٧]!!هەروەها دەڵێن: لەو ڕۆژەدا خوێن باریوە!و هەسارەکانی

---

(٥) ابن عبدالبر، الأستيعاب في معرفة الأصحاب، ٣٩٥/١-٣٩٦ ؛ السيوطي، تاريخ الخلفاء، تحقيق:احمدابراهيم زهوة و سعيد بن احمد العيدروسي، (بيروت، ٢٠٠٦م)، ص١٦٠ ؛ ابن حجر العسقلاني، الإصابة في تمييز الصحابة، ٢٨١/١.

(٦) السيوطي، تاريخ الخلفاء، ص١٦٠.

(٧) ابونعيم الأصبهاني، معرفة الصحابة، ٦٦٧/٢.

ئاسمان بەریەکتری کەوتون، و لەکاتی سوورکردنەوەی گۆشتی وشتردا گۆشتەکە بووەبە ژەقنەبووت[٨]!!.....لەگەڵ چەندین گێڕانەوەی تری ئەفسانەیی باوەڕ پێنەکراو.

لەراستیدا ئەو گێڕانەوانە بریتین لە دەربڕینی هەست وسۆزی لەرادبەدەری خەڵك بۆ کوژرانەکەی، وە گەورەیی کارەساتەکە لەروانگەی ئەواندا دەسەلمێنێت نەك ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگر بەڵکو هیچی بەسەر ڕاستیەوە نیە، تەنانەت لەڕووی سەنەدیشەوە سەرجەمیان هەڵبەستراوو بێ سەنەدن، واتە ڕیوایەتی(ضعیف)یش نین، بەڵکو هەڵبەستراون(موضوع)ن[١].

(ئیبن کەثیر)یش ئەمانە بەدرۆو هەڵبەستراوی شیعە ڕافیزەکان لەقەڵەم دەدات وپێی وایە هیچ ڕاستیەکی تێدانیە[٢]، و دەڵێت: بۆ کوژرانی عەلی وعوسمان وعومەر و وەفاتکردنی ئەبوبەکر و پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم) هیچ کارەساتێکی لەم شێوانە ڕووی نەداوە، لەکاتێکدا هەموو ئەمانە باشترو پایەبەرزتر بوون لەحوسەین، کەواتە بۆچی تەنیا بۆ شەهیدبوونی ئەو ئەم ڕووداوە سەیرو سەمەرانە ڕوودەدەن وئەم شین وگریانە دەکەن؟![٣]

---

(٨) ابن منظور، مختصر تاريخ دمشق، ٧/١٤٩-١٥٠ ؛ ابن كثير، البداية والنهاية، ١١/٢٠٧.

(١) الخميس، دەمێك لەمێژووی ئیسلام، و:عەلی خان، (هەولێر، ٢٠١١)، ل ٢٧٧.

(٢) بڕوانە: البداية والنهاية، ١١/٢٠٧.

(٣) المصدر نفسه، ٩/٢٩ ، ١١/٢٠٨-٢٠٩.

بەهەڵسەنگاندنی بۆچوون وهەڵوێستەکان دەربارەی شەهیدکردنی حوسەین بۆمان دەردەکەوێت کە هەڵوێستی سوننی لەومەسەلەیەدا میانگیرو ئاقڵانەیە، چونکە(ناصیبەکان[٤])پێیان وایە کوشتنی حوسەین کارێکی ڕەوا بووە بەبیانووی دەرچوون لەدەسەڵاتی خەلیفە[٥]!!لەبەرامبەردا شیعەکان تەڕو ووشك بەیەکەوە دەسوتێنن وکەوتونەتە تانەتێگرتن ونەفرەتکردن لەهەموو ئەوانەی وەك ئەوان بیرناکەنەوە لەو مەسەلەیەدا، لەهەموو ئەمانەش سەیرتر ئەوەیە شیعەکان بەپێی بنەمای ئاینی(الرجعة[٦])پێیان وایە حوسەین لەکۆتایی دونیا دووبارە دەگەڕێتەوە سەرزەوی وتۆڵە لەنەیارانی دەکاتەوە[٧]!!

بەڵام هەڵوێستی ناوەڕاست ومیانگیر هی ئەهلی سوننەیە نە

---

(٤) ناصیبەکان ئەوانەن کەڕقیان لە ئیمامی عەلی وئەهلی بەیتە(هەردوو مەزهەبی سوننی وشیعی کۆکن لەسەر لاڕێبوون وخراپی ئەوانەو دژایەتیشیان دەکەن، وئەمانە لەبنەچەدا لەدژی رافیزەکان دروست بوون کەدژایەتی هاوەلانیان دەکرد)، بڕوانە: الخميس، دەمێك لەمێژووی ئیسلام، ل٢٩٥.

(٥) هەمان سەرچاوە، ل ل ٢٩٤-٢٩٥.

(٦) الرجعة:واتە گەڕانەوەی سەرجەم ئیمامەکانی شیعە بۆ دونیا پێش کۆتایی هاتنی دونیا لەسەردەمی ئیمامی ١٢ مەهدی، و شیعەکان باوەڕیان وایە هەرکەسێ باوەڕی بەگەڕانەوەی ئیمامەکان نەبێت ئەوا لەڕێبازی ئیسلام لایداوە!! بڕوانە: اية‌الله الزنجاني، عقائد الأمامية الاثنى عشرية، ٢/٢٣٨-٢٤١.

(٧) المصدر نفسه، ٢/٢٣٨-٢٤١.

زیادەڕەوی شیعەکان و نە کەمتەرخەمی ناصیبەکان، چونکە سوننەکان هەموو ڕێزو خۆشەویستیەکیان بۆ حوسەین هەیەبەبێ زیادەڕۆیی[8]، بۆنمونە زانای گەورەی سوننی(شیخ الاسلام ئیبن تەیمیە[9]) دەربارەی شەهیدبوونەکەی دەڵێت((بەناهەق وبەمەزلومی شەهیدکراوەو ئەوانەشی کوشتویانە تاوانێکی زۆر گەورەیان ئەنجامداوە))[1]، هەروەها دەڵێت((ئەوەی حوسەینی کوشت و ئەوەشی هاوکاری کوشتنەکەی کردو ئەوەشی پێی ڕازی بێت، نەفرەتی خوداو فریشتەکان وتەواوی خەڵکی لێبێت))[2].

(ئیبن کەثیر)یش پێی وایە جێگای خۆیەتی هەموو موسڵمانێك دڵغەمگین بێت بە کوژرانی حوسەین[3]، لەهەمان کاتدا ئەو بۆچونە

---

[8] بۆ زیاتر ئاشنابوون بەهەڵوێستی سوننە دەربارەی ئەو مەسەلەیە بڕوانە: الشیباني، مواقف المعارضة في عهد یزید بن معاویة، (الریاض، ٢٠٠٩م)، ص ص٤١٩-٤٢٥.

[9] شیخ الاسلام ئیبن تەیمیەی حەڕانی، لەساڵی٦٦١ك لەشاری حەڕان لەدایك بووە، و یەکێکە لەنوێگەرو گەورەترین زانایانی سوننی لەمێژوودا، و زۆرێکیش لەسەرچاوەکان دەڵێن کورد بووە، و لەساڵی ٧٢٨ك لە بەندیخانەی قەڵا لەدیمەشق کۆچی دوایی کردووە، بڕوانە: عەلی باپیر، زانایانی ئیسلام کێن وچۆنن، (ب.ش، ٢٠٠١)، ل٢٠٨.

[1] الخمیس، دەمێك لەمێژووی ئیسلام، ل٣٠٠.

[2] ابن تیمیة، مجموعة الفتاوی، تحقیق:عامر الجزار و أنور الباز، (المنصورة، ٢٠٠٥م)، ٢٩٨/٤.

[3] ابن کثیر، البدایة والنهایة، ٢٠٨/١١.

ئەفسوناوی وکارە قێزەونانە ڕەتدەکاتەوە کەبەناوی خۆشەویستی حوسەینەوە لەلایەن شیعەکانەوە ئەنجام دەدرێت[٤].

- تەوەرەی شەشەم / ژیانی لەسەردەمی پێغەمبەردا:

هەرچەندە سەرچاوە مێژووییەکان زانیاری ووردیان تێدانیە دەربارەی ئەو ماوەیەی ژیانی حوسەین، بەهۆی بچوکی تەمەنی ونەبوونی هیچ ڕۆڵێکی لەژیانی موسڵماناندا، بەڵام لەسەرچاوە ڕەسەنەکانی فەرموودەدا ژمارەیەکی زۆر فەرموودە گێڕدراونەتەوە دەربارەی پەیوەندی وخۆشەویستی نێوانیان، تەنانەت زۆربەی سەرچاوەکانی فەرموودە تەوەرێکی تایبەتیان تەرخانکردووە بەباسی چاکەو خۆشەویستی نێوان هەردووکیان.

خۆشەویستی وگرنگیدانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) بە حوسەین هەر لەگەڵ لەدایك بوونیەوە دەست پێدەکات، و پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) خۆی وەکو سوننەتێکی ئیسلام بانگ دەدات بەگوێچکەی حوسەین[٤]، پاشان کەدەبیستێ باوکی ناوی لێناوە(حەرب)ئەم ناوەی بەدڵ نابێت، و ناوەکەی دەگۆڕێت بەناوێکی چاکتر ودەیکات بە(حوسەین)[٥]، ئەم خۆشەویستیەش ڕۆژلەڕۆژ زیاتر دەبوو

(٤) المصدرنفسه، ٢٠٧/١١.

(٤) أبونعيم الأصبهاني، معرفة الصحابة، ٦٦٤/٢.

(٥) أحمد بن حنبل، فضائل الصحابة، ٧٧٣/٢-٧٧٤.

تەنانەت پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) زۆر دلگران دەبوو بەگریان وئازار چەشتنی کچەزاکەی، هەروەکو جارێك بەبەردەم ماڵی (فاتیمە (رەزای خوای لێبێ)) تێپەڕی وگوێی لەگریانی حوسەین بوو، چووە لای کچەکەی وفەرمووی:ئایا نازانی گریانی حوسەین ئەزیەتم دەدات؟![6].

سەرەڕای ئەوەی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) پایەیەکی بەرزی کۆمەڵایەتی هەبووە، بەڵام ئەمە نەبووەتە ڕێگر لەبایەخدانی ئەو بەمنداڵان، بەتایبەتیش هەردوو خۆشەویستەکەی(حەسەن وحوسەین)، و لەسەرچاوەکاندا زۆر ڕووداو وبەسەرهات تۆمارکراون دەربارەی بایەخدانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) پێیان لەوانەش:

یەکێك لەهاوەڵان بەناوی(سەعد کوڕی مالیك)دەڵێ:((جارێك چوومە لای پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) وبینیم حەسەن وحوسەین لەسەر پشتی بوون ویاریان دەکرد!منیش گووتم:ئەی پێغەمبەری خوا ئایا خۆشت دەوێن؟!فەرمووی: بۆچی خۆشم ناوێن ئەوانە ڕەیحانەی منن لەدونیادا))[1].

(ئیبن عەبباس) دەگێڕێتەوەو دەڵێت((جارێك پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) حوسەینی لەسەر شان وملی خۆی دانابوو، پیاوێکیش گووتی: ئەی منداڵ سواری سەرشانی چاکترین کەس بویت،

---

(٦) الطبراني، المعجم الكبير، ١١٦/٣.

(١) ابن تيمية، فضل اهل البيت وحقوقهم، (جدة، ١٩٨٤م)، ص ١٦٠.

پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:چاکترین سواریش ئەوە حوسەینە-))[٢].

لەفەرموودەیەکی تردا هاتووە کە((پیاوێکی ئەنساری دەچێتە لای پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)، و دەبینێ وا حوسەینی لەباوەش گرتووە ماچی دەکات وبەسنگیەوە دەیگوشێت، پیاوەکەش ئەمەی پێ سەیر دەبێت ودەڵێت: من چەند منداڵێکم هەیە تائێستا ماچم نەکردوون پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: من چی بکەم لەوەی خودا ڕەحمی لەدڵی تۆ دەرهێناوە))[٣].

ڕووداوێکی تری گرنگ هەیە کە دەیسەلمێنێ پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) ئەوپەڕی سۆز وبەزەیی هەبووە بۆ(حەسەن وحوسەین) ئەویش ئەوەیە کە لەکاتی پێشنوێژی کردن لەمزگەوتدا حەسەن وحوسەین کەئەو کاتە زۆر منداڵ بوونە، هاتن و چوونە سەرشانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)، ئەویش بۆئەوەی ئەزیەتیان نەدات ولەکاتی هەڵسانەوەی نەکەونە خوارەوە سوژدەکەی یەکجار درێژدەکاتەوە، بەشێوەیەك هاوەڵان وایاندەزانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) شتێکی بەسەرهاتووە[٤].

زۆرجارانیش پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) خۆی یاری دەکرد لەگەڵ

---

(٢) الترمذي، الجامع الصحيح، ص ١٠٣٠.

(٣) احمد بن حنبل، فضائل الصحابة، ٢/٧٦٩.

(٤) ابن الأثير، جامع الأصول، تحقيق:عبدالقادر الأرنؤوط، (د.م، ١٩٧٢م)، ٩/٣٦-٣٢.

حەسەن وحوسەین وهانی دەدان بۆ چالاکی ویاری کردن، بۆنمونە ئەبوهورەیرە[٥] دەگێڕێتەوەو دەڵێ: بینیم حەسەن وحوسەین لەلای پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) زۆرانبازیان دەکرد[٦]، جارێکی تر پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) لەخوانێك دەگەڕایەوەو بینی (حوسەین) لەناو منداڵاندا یاری دەکات، ئەویش بەخێرایی بەرەو ڕووی چوو تابیگرێ ویاری لەگەڵدا بکات، منداڵەکانی دەوروبەری هەریەکەو بەلایەکدا ڕایانکرد، و پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) ئەملاو ئەولای لەحوسەین گرت وتوانی بیگرێت، ئینجا دەستێکی بردە ژێر چەناگەیی ودەستێکی تری خستە سەر سەری وماچی کرد، و فەرمووی: حوسەین لەمنەو منیش لەحوسەینم، خودایە ئەو کەسەت خۆشبوێت کە حوسەینی خۆش دەوێت، بەڕاستی حوسەین یەکێکە لە نەوەکان[٧].

کەواتە ئەویش وەك هەر منداڵێکی ئاسایی پێگەیشتووەو یاری کردووە، بەڵام جێگای سەرسوڕمانە کە هەندێ لەسەرچاوە شیعەکان

---

(٥) ئەبوهورەیرە: یەکێکە لەهاوەڵانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) وچوار ساڵ هاوەڵێتی کردووە، و لەهەموو هاوەڵان زیاتر فەرموودەی گێڕاوەتەوە، بڕوانە: سعد یوسف أبوعزیز، پیاوان وئافرەتانی دەوری پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)، ل٢١٦.

(٦) فوادعلي رضا، غصن الرسول الحسين بن علي، ص٣٥.

(٧) أحمد بن حنبل، فضائل الصحابة، ٢/٧٧٢؛ الصلابي، عەلی کوڕی ئەبوتالیب، ل٩٦.

بـەبیانوی (معصـوم) ێتـی لـەگوناه بەتوونـدی ئـەوە ڕەتدەکەنـەوە کەحوسەین لەژیانیدا یاری کردبێ[1]!!وەك ئـەوەی بلێـی یاریکردنی منداڵان تاوان بێ! ئایا چ ئەقڵێك ئەوە قبوڵ دەکات منـداڵ لەژیانیدا یاری نەکردبێت؟!

لــە فەرموودەیــەکی تــردا دەربــارەی ســۆز وخۆشەویسـتی پێغەمبــەر(صـلی الله علیـه وسـلم) بـۆ حوسـەین هـاتووە کـە((جارێك پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) لەسەر مینبەر ووتاری بۆ خەڵك دەدا، لەو کاتــەدا حەســەن وحوسـەین هاتنـە ژوورەوەو هـەردووکیان کراسی سووریان لەبەردابوو دەکەوتن وهەڵدەستانەوە، کە پێغەمبـەر(صلی الله علیه وسلم) ئەمـەی بینـی ووتارەکەی بڕی ولەمینبـەر هاتـە خوارەوەو هــەردووکیانی بــردە لای خـۆی، ئینجـا فـەرمووی:خوداو پێغەمبـەر ڕاسـتیان فـەرمووە- ﴿ إِنَّمَآ أَمۡوَٰلُكُمۡ وَأَوۡلَٰدُكُمۡ فِتۡنَةٞ ﴾[2] -بەڕاسـتی من ئەوانەم بینی بەم شێوەیەبوون خـۆم بۆ ڕانـەگیرا، ئینجا دەستی بە ووتاردان کردەوە))[3].

لەفــەرموودەکانی تــری پێغەمبــەر(صـلی الله علیــه وسـلم) دەربــارەی هەردوو کچەزاکەی ئەمانەن((ئەی خودایە من ئەوانەم خۆش دەوێت

---

(۱) محمد صادق الروحاني، قربان الشهادة، (د.م، د.س)، ص٢٨.

(۲) سورة التغابن/١٥.

(۳) ابـن أبـي شـيبة، المصنف في الأحاديث والآثار، تحقيق:كمال يوسف الحوت، (بيروت، ١٩٨٩م)، ٣٧٩/٦ ؛ الترمذي، الجامع الصحيح، ص ص١٠٢٨-١٠٢٩ ؛ ابن الأثير، جامع الأصول، ٣٢/٩.

نزش خۆشت بوێن))[٤]، ((حەسەن وحوسەین سەرداری لاوانی بەهەشتن))[٥]، ((حەسەن وحوسەین ڕەیحانەی منن لەدونیادا))[٦]...هتد.

سەرباری ئەم خۆشەویستی ومیهرەبانیە زۆرەی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) بۆ حوسەین، لەهەمان کاتدا زۆر بایەخیشی داوە بەپەروەردە کردنی بەشێوازێکی تەندروست وچاك، بۆنمونە حوسەین خۆی دەگێڕێتەوەو دەڵێ((جارێك من لەگەڵ پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) چووم بۆ ژووری صەدەقات بیت المال و من دەنکە خورمایەکم خستە دەممەوە، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: فڕێی بدە خواردنی ماڵی صەدەقە بۆ ئێمە حەڵاڵ نیە))[٧].

بەشێوەیەکی گشتی لەماوەی ژیانی حوسەین لەگەڵ پێغەمبەردا (صلى الله عليه وسلم)، پەیوەندیەکی توندوتۆڵ وپڕ لەسۆز ومیهرەبانی لەنێوانیاندا بەرچاودەکەوێت، و لەوماوەیەشدا حوسەین تەمەنی

---

[٤] ابن أبي شيبة، المصنف في الأحاديث والأثار، ٣٧٨/٦ ؛ الترمذي، الجامع الصحيح، ص١٠٢٠.

[٥] الحاكم، المستدرك على الصحيحين، ١٨٢/٣ ؛ الألباني، سلسلة الأحاديث الصحيحة وشيء من فقهها وفوائدها، ٤٢٣/٢.

[٦] أبونعيم الأصبهاني، معرفة الصحابة، ٦٦٣/٢ ؛ ابن حجر العسقلاني، الإصابة في تمييز الصحابة، ٣٧٩/١.

[٧] أحمد بن حنبل، مسند احمد بن حنبل، تحقيق:محمدعبدالقادرعطا، (بيروت، ٢٠٠٨م)، ٥٤٤/١.

بچوك بووەو كاتێ پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) وەفاتی كرد، تەمەنی (٧)ساڵ بوو جگە لەمانگێك[٨].

-تەوەرەی حەوتەم / ژیانی لەسەردەمی خیلافەی ئەبوبەكر و عومەر ١١-٢٣ك/٦٣٢-٦٤٤ز:

لەڕاستیدا زانیاری دەربارەی ژیانی حوسەین لەسەردەمی خەلیفە(ئەبوبەكر و عومەر (رەزای خوای لێبێ))زۆر كەمە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بچوكی تەمەنی ئەو بۆیە هیچ ڕۆڵێكی ئەوتۆی نەبووە لە دەوڵەتی خیلافەدا، ئەو زانیاریانەشی كە هەن بریتین لەچەند ڕووداو بەسەرهاتێك كە خۆشەویستی وتوندوتۆڵی پەیوەندی نێوان هەردوو خەلیفە بەبنەماڵەی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دووپاتدەكەنەوە.

دەربارەی ژیانی ئەو لەسەردەمی خەلیفە(ئەبوبەكر (رەزای خوای لێبێ))١١-١٣ك/٦٣٢-٦٣٤ز، ئەوا لەو ماوەیەدا ئەوپەڕی تەمەنی حوسەین نۆ ساڵان بووە[١]، و لەسەرچاوە باوەڕپێكراوەكاندا ئەوە دووپات دەكرێتەوە كە پەیوەندیەكی زۆر پتەو وپڕ لەخۆشەویستی هەبووە لەنێوان بنەماڵەی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) و خەلیفە ئەبوبەكر

---

[٨] ابن حبان، الإحسان في تقريب صحيح ابن حبان، تحقيق:شعيب الأرنؤوط، (بيروت، ١٩٨٧م)، ٣/ ١٩٠.

[١] عبدالله العلايلي، الامام الحسين، (بيروت، ١٩٨٦م)، ص٢٩٧.

(ڕەزای خوای لێبێ)، هەروەکو لەگێڕانەوەیەکدا هاتووە((ڕۆژێک خەلیفە ئەبوبەکر حەسەن دەخاتە سەرشانی خۆی ویاری لەگەڵدا دەکات، و دەڵێت: بەباوکەوە بەقوربانت بم زۆر لەپێغەمبەر دەچێ و لە عەلی ناچێ، عەلی بەدیاریانەوە وەستابوو پێدەکەنی))[٢].

بەگشتی خەلیفە ئەبوبەکر (ڕەزای خوای لێبێ) زۆر ئاگاداری بنەماڵەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بووەو زۆریش قەدری دەگرتن، بەردەوام ئاگاداری هاوەڵانی دەکردەوەو دەیفەرموو: ئاگاداری پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بن بەرامبەر بنەماڵەکەی[٣].

١٣- بەهەمان شێوە لەسەردەمی خەلیفە عومەر (ڕەزای خوای لێبێ) ٢٣ك/٦٣٤-٦٤٤ز حوسەین تەمەنی بچوک بووەو ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەبووە لەبواری سیاسی وسەربازی، بەلام زانیاریەکان زیاترن لە ژیانی ئەو لەسەردەمی ئەبوبەکر (ڕەزای خوای لێبێ)، ئەو زانیاریانەش هەمووی تایبەتن بەباسی خۆشەویستی وپەیوەندی چاکی نێوانیان.

ڕێزو پلەی حوسەین ئەوەندە زۆر بووە لای خەلیفە عومەر (ڕەزای خوای لێبێ)، کە بەردەوام خەلیفە حوسەینی پێش منداڵەکانی خۆی دەخست ولەوانی زیاتر خۆشدەویست، بۆ نمونە جارێک حوسەین دەچێت بۆ ماڵی خەلیفەو لەڕێگادا چاوی دەکەوێت بە(عبدالله کوڕی

(٢) البخاري، صحيح البخاري، (الرياض، ١٩٩٨م)، ص٧١٥.
(٣) المصدر نفسه، ص٧١٥.

عومەر[٤])و لێی دەپرسێت بۆکوێ دەچی؟عبدالله دەڵێ:ویستم بچمە لای باوکم بەڵام مۆڵەتی نەدام، کە حوسەین ئەمەی بیست ئەویش گەڕایەوەو نەچووە لای، پاشان کە خەلیفە عومەر (رەزای خوای لێبێ) ئەوی بینی و بەهۆکاری نەهاتنەکەی زانی پێی گووت:هاتبای بۆلام بەڕاستی تۆ بۆمن وەکو(عبدالله)ی، ئایا هیچ قژێك لەسەرمان ڕواوە جگە لەئێوە[٥]، (ئەم پەندە لای عەرەب بۆ بەرز ڕاگرتنی کەسێك بەکاردێت).

هەروەها(عبدالله کوڕی عباس)ی ئامۆزای پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) شایەتی ئەو ڕاستیە دەدات کە خەلیفە عومەر (رەزای خوای لێبێ) حەسەن وحوسەینی پێش منداڵەکانی خۆی دەخست لە چاکەدا هەروەکو دەڵێ: جارێك لەکاتی دابەشکردنی بەخششەکاندا خەلیفە عومەر یەکەی(١٠هەزار)درهەمی دایە(حەسەن وحوسەین)، کەچی (هەزار) درهەمی دایە (عبدالله)ی کوڕی [١].

---

(٤) عبدالله کوڕی عومەری کوڕی خەتتاب: یەکێکە لەگەورە زانایانی ئیسلام وهاوەڵانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)، هەر لەمنداڵیەوە موسڵمان بووەو لەگەڵ باوکیدا کۆچی کردووە بۆ شاری مەدینە، بۆ یەکەم جاریش لەشەڕی خەندەق بەشداری کردووەو یەکێکیشە لەهاوەڵانی بەیعەتی ڕیزوان، بڕوانە: سعد یوسف أبوعزیز، پیاوان وئافرەتانی دەوری پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)، ل٣٢٨.

(٥) ابن منظور، مختصر تاريخ دمشق، ١٣٦/٧.

(١) فوادعلي رضا، غصن الرسول الحسين بن علي، ص٤٠.

تەنانەت لەکاتی دامەزراندنی دیوانەکان و بڕینەوەی موچەکاندا، خەلیفە بڕیاریدا موچەی(حەسەن وحوسەین) هاوتای موچەی باوکیان بێت ویەکسانی کردن لەگەڵ هاوەڵانی بەشداربوو لە شەڕی بەدر، و هەریەکەشیان بڕی(٥ هەزار)ی بۆ بڕینەوە[٢].

ڕووداوێکی تری گرنگ کە ڕادەی بەرزی پەیوەندی پتەوی نێوانیان دەسەلمێنێ، ئەوەیە کە ساڵێك لەووڵاتی (یەمەن) شتومەکی زۆر دێت بۆ شاری (مەدینە)، و خەلیفە بڕیاردەدات جل وبەرگ بەسەر خەڵکی شارەکە دابەش بکات، ئەمەش دەبێتە جێگای دڵخۆشی خەڵکی مەدینەو دێنە مزگەوت وسوپاسی خەلیفە دەکەن، لەو کاتەدا خەلیفە عومەر (ڕەزای خوای لێبێ) بینی وا حەسەن وحوسەین لەبەردەمیماڵەکەیان وەستاون وهیچیان پێ نەبڕاوە، بۆیە خەلیفە زۆر دڵگران دەبێت و یەکسەر نامە دەنێری بۆ والی یەمەن وداوای لێ دەکات بەخێرایی دوو دەستە جلوبەرگی بۆ بنێرێ، ئەویش فەرمانەکەی جێ بەجێ کرد، و کاتێ جل وبەرگەکان گەیشتنە مەدینە خەلیفە دای بە(حەسەن وحوسەین)و پۆشتەی کردن[٣].

هەروەها لەدوای فەتحکردنی ناوچەکانی فارس وهێنانی دەسکەوتەکانی جەنگ بۆ مەدینە، خەلیفە عومەر (ڕەزای خوای لێبێ) وەك ڕێزێك بۆ هەردووکیان بڕیاریدا کچی پاشای فارس بداتە

---

(٢) ابن منظور، مختصر تاريخ دمشق، ١٢٧/٧.
(٣) المصدر نفسه، ١٢٧/٧.

حوسەین وئەویش هاوسەرگیری لەگەڵدا کرد[٤]، ئەم ئافرەتەش ناو (شەهرەبانۆ) بوو کە ناسراوە بە(شاه زنان)و دایکی(عەلی زین العابدینی کوڕی حوسەین)ە[٥].

جگە لەم زانیاریانە ڕووداوێکی تر هەیە لەنێوان حوسەین وخەلیفە عومەر، کە سەرچاوە شیعیەکان زۆر زیاد لەخۆی گەورە دەکەن وشیکاری پڕلە وەهم وبێ مانای بۆ دەکەن و ڕیوایەتەکان دەقرتێنن بەئامانجی تایبەتی خۆیان، ئەم ڕووداوەش لەکاتێکدا ڕوویداوە کە حوسەین هێشتا بچووك بووەو تەمەنی نۆ ساڵان بووە[٦]، چەند گێڕانەوەیەکی زۆر لەیەك نزیك هەن دەربارەیەوە بەم شێوەیە:

ڕۆژێك خەلیفە عومەر لەسەر مینبەر ووتاری دەدا، و حوسەین هەڵساو گووتی: لەمینبەری باوکم وەرە خوارەوەو بڕۆ سەر مینبەری باوکت، عومەریش گووتی:ڕاست دەکەی مینبەری باوکتە مینبەری باوکی من نیە، ئینجا گووتی: کێ ئەمەی پێ گووتی؟ عەلی (ڕەزای خوای لێبێ) هەڵسایەوەو گووتی:کەس ئەمەی پێ نەگووتوە ئێمە داوای لێبوردن دەکەین، عومەریش (ڕەزای خوای لێبێ) گووتی: پێویست بەوە

---

(٤) سلوى العمد، الشهيد في تراث السنة والشيعة، ص١٣٢.

(٥) ويكيبيديا الموسوعة الحرة، الحسين بن علي بن ابي طالب، www.wikipedia.ar.com.

(٦) فوادعلي رضا، غصن الرسول الحسين بن علي، ص٤٠.

دەکات مینبەری باوکیەتی[1].

ئاکات ئەو برازایەم ڕاست دەکات مینبەری باوکیەتی. لەگێڕانەوەیەکی تردا هاتووە کە عومەر (ڕەزای خوای لێبێ) گوتویەتی: باوکم هیچ مینبەرێکی نیە، ڕۆڵەکەم کەس هەیە لەسەرووی ئێمەبێ جگە لەخودا پاشان ئێوە[2].

جێگای ئاماژەپێدانە کە ئەم ڕووداوە ڕووداوێکی زۆر ئاسایی بووەو لەو کاتەشدا حوسەین تەمەنی بچوك بووەو ئەم قسەیەشی تەنیا وەکو سۆزێکی منداڵانە گووتوە بۆ پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)، چونکە ئەو ڕۆژانی پڕ لەخۆشەویستی و یادەوەریەکانی ئەوی لەیاد نابوو کەلەسەر ئەو مینبەرە ووتاری دەدا، و حوسەین مەبەستی لە(مینبەری باوکم) پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بووە نەك عەلی باوکی، چونکە حەسەن وحوسەین بەدرێژایی تەمەنیان بە پێغەمبەریان گووتوە باوکە، تەنانەت (حەسەن) لەسەرەمەرگدا وەسیەتی بۆ حوسەین کردو گووتی((لەلای باوکم بمنێژە))، لەدوای وەفاتکردنیشی حوسەین یەکسەر چووە لای (دادە عائیشە[3]) و

---

[1] السيوطي، تاريخ الخلفاء، ص١١٢.

[2] الذهبي، سير أعلام النبلاء، ٢٨٥/٣ ؛ ابن حجر العسقلاني، الإصابة في تمييز الصحابة، ٣٧٩/١.

[3] دادە عائیشە: کچی ئەبوبەکری صدیقە وخۆشەویسترین خێزانی پێغەمبەر بووە (صلى الله عليه وسلم)، هەرلەمنداڵیەوە موسڵمان بووەو کۆچی کردووە بۆ شاری مەدینە، و لەساڵی ٢ك شووی کردووە بەپێغەمبەر (صلى الله عليه

ئیزنی لێ خواست تا لای پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) بینێژن ئەویش ڕازی بوو بەڵام (مەڕوانی کوڕی حەکەم[٤]) ڕێگای پێنەدا[٥].

بەڵام ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە سەرچاوە شیعیەکان وای لێکدەدەنەوە وەك ئەوەی بڵێی حوسەین بیرمەندێکی سیاسی بێت وبەو منداڵیەوە شەیدای دەسەڵات بێت! و گوایە ئەو بەرگری لەمافی باوکی کردووە[٦]!بەڵام ئەمانە دوورن لەڕاستی چونکە:

١-عەلی (رەزای خوای لێبێ) کەسێکی زۆر ئازاو چاونەترس بووە، و زۆر لەوە گەورەتر بوو کەچاوی لەدەستی منداڵێکی نۆ ساڵانە بێت مافەکەی بۆ وەربگرێتەوە.

٢-عەلی (رەزای خوای لێبێ) خۆی بەیعەتی داوە بە خەلیفە عومەر (رەزای خوای لێبێ)، و بووەتە دەستە ڕاست وڕاوێژکارێکی باڵای خودی خەلیفە، ئەگەر ڕقی لێبوایەو دەسەڵاتەکەی بەناشەرعی بزانیبوایە چۆن بەیعەتی پێ دەداو

وسلم)، بڕوانە: سعد یوسف أبوعزیز، پیاوان وئافرەتانی دەوری پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم)، ل٥٤٥.

(٤) مەڕوان کوڕی حەکەمی کوڕی عاصە، یەکێکە لەگەورە پیاوانی ئومەوی(لەساڵی٦٤ك دەسەڵاتی خیلافەی وەرگرتووە)، لەشاری مەککە لەدایك بووەو هەڵوێستی توندبووە بەرامبەر ئەهلی بەیت، بڕوانە: الذهبي، سیر أعلام النبلاء، ٣/٤٧٦-٤٧٩.

(٥) بڕوانە: هەمان سەرچاوە ، ٣/٢٧٥-٢٧٦.

(٦) بڕوانە:الطبرسي، الأحتجاج، (د.م، ١٣٨٠)، ٢/١١-١٢ ؛ جعفر مرتضی العاملي، الحیاة السیاسیة للإمام الحسن، (بیروت، ١٩٩٤م)، ص ص١١٤-١١٥.

بەدەسەلاتەکەی ڕازی دەبوو؟!

۲. عەلی (ڕەزای خوای لێبێ) جگە لە هاوڕێیەتی کردنی خەلیفە عومەر (ڕەزای خوای لێبێ)، پەیوەندیەکی توندوتۆڵی خزمایەتیشی لەگەڵدا بەستووەو یەکێ لەخۆشەویسترین کچەکانی خۆی بەناوی(ئوم کەلسوم)کە لە(فاتیمەی کچی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) بووە) لە خەلیفە عومەری مارە کردووەو هاوسەرگیریان کردووە[1]، ئایا چ ئەقڵێك ئەوە قبوڵ دەکات عەلی (ڕەزای خوای لێبێ) دوژمنی عومەر (ڕەزای خوای لێبێ) بێت وخۆشەویسترین کچی خۆیشی پێ بدات؟!

ئەوەی زیاتر دەیسەلمێنێ کە پەیوەندی نێوان خەلیفە عومەر (ڕەزای خوای لێبێ) لەگەڵ ئەهلی بەیت توندو تۆڵ وچاك بووە، ئەوەیە کە هەم عەلی وهەم حوسەین (ڕەزای خوای لێبێ) کوڕی خۆیان بەناوی خەلیفە عومەر ناوناوە[2]، ئایا کەس کوڕو منداڵی خۆی بەناوی دوژمنی ناو دەنێت؟

ئەمە سەرەڕای ئەو هەموو ڕیوایەتە ڕاست و دروستانەی کە دەیسەلمێنن پەیوەندی نێوانیان زۆر باش بووە، وەك لەپێشتردا باسکران کە خەلیفە تا چ ڕادەیەك ڕێزو خۆشەویستی وچاکەی بۆیان هەبووە.

---

(۱) الذهبي سير أعلام النبلاء، سير خلفاء الراشدين/۱۲۰.

(۲) بڕوانە لاپەڕە(۱۱۰۹)

کەواتە دەتوانین ئاماژە بەو ڕاستیە بکەین کەنووسەرانی شیعی لەکۆن ونوێدا بۆ سەلماندنی بیروباوەڕی خۆیان، بەوپەڕی نازانستیی ودەمارگرژانە لێکدانەوەیان کردووە بۆ ئەم دەقەو چەندین دەقی تر، کە سەراپا شیکاری هەڵیت وپەڵیت و قرتاندنی بێ ویژدانانەو زیادکردنی ووتەی بێ سەنەدن، بۆیە هیچ بایەخێکی زانستیان نیەو هیچ باوەڕپێکراویش نین.

- تەوەرەی هەشتەم / ژیانی لەسەردەمی خیلافەی عوسمان وعەلی(رەزای خوای لێبێ)٢٣-٤٠ک/٦٤٤-٦٦٠ز:

سەرەتای دەرکەوتنی ڕۆڵی سیاسی حوسەین دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی خەلیفە عوسمان (رەزای خوای لێبێ) ٢٣-٣٥ک/٦٤٤-٦٥٥ز، و لەو سەردەمەدا تەمەنیشی (٢٠)ساڵان بووە[٣]، و گرنگترین ڕۆڵی سیاسیشی لەو ماوەیەدا لەسێ ڕووداوی گرنگدا دەردەکەوێت کە ئەمانەن:

یەکەم/فەتحکردنی ناوچەکانی ئەفریقیا: لەساڵی ٢٥ک/٦٤٦ز بەفەرمانی خەلیفە عوسمان (رەزای خوای لێبێ) سەرکردەی ناودار(عبدالله کوڕی ئەبی سەرح[٤])هەڵسا بەفەتحکردنی چەند

---

(٣) عبدالله العلايلي، الامام الحسين، ص٣١٠.

(٤) عبدالله کوڕی سەعد کوڕی ئەبی سەرح:برای شیری خەلیفە عوسمان بوو، لەسەردەمی دەسەلاتی ئەودا کرایە والی میسرو چەند ناوچەیەکی فەتحکرد،

ناوچەیەك لە ئەفریقا، بەڵام موسڵمانان نەیانتوانی بەتەواوی کۆنتڕۆڵ بارودۆخەکە بکەن بۆیە داوای یارمەتیان لەخەلیفە کرد، ئەویش دوای ڕاوێژکردن بەهاوەڵان سوپایەکی لەشاری مەدینە پێکهێناو بۆی ناردن، کە لەڕیزی ئەو سوپایەدا(حەسەن وحوسەینی کوڕانی عەلی (ڕەزای خوای لێبێ))ی تێدابوو(٥)، لەم هەڵمەتەشدا هەردوو کوڕەکەی عەلی (ڕەزای خوای لێبێ) گەیشتنە ناوچەکانی(مەغریب)(٦).

دووەم/فەتحکردنی ناوچەکانی (تەبەرستان(١)): لەساڵی (٣٠ك/٦٥١ز) والی شاری کوفە هەڵسا بە فەتحکردنی ناوچەکانی تەبەرستان، و لەڕیزی سوپاکەیدا(حوسەینی کوڕی عەلی (ڕەزای خوای لێبێ))ی تێدابوو لەگەڵ چەندین کەس لەگەورە هاوەڵانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)(٢).

و دواتر بێ لایەن بوو لەکێشەی نێوان موسڵمانان وبەیعەتی نەدایە عەلی و معاویە، ولەساڵی٥٩ مردووە، بڕوانە: الذهبي، سير أعلام النبلاء، ٣/٣٣-٣٤.

(٥) ابن خلدون، تاريخ ابن خلدون، تحقيق:خليل شحادة، (بيروت، ٢٠٠٠م)، ٢/٥٧٣-٥٧٤ ؛ عبدالله العلايلي، الامام الحسين، ص٣١٣.

(٦) باقرعلي رضا، غصن الرسول الحسين بن علي، ص٤٣.

(١) تەبەرستان: ناوچەیەکی زۆر گەورەو فراوانی شاخاویەو دارو میوەی زۆری تێدایە، و ژمارەیەکی یەکجار زۆر زانای گەورەی تێدا سەرهەڵداوە، دەکەوێتە باکوری وڵاتی ئێرانی ئێستا، لەباشوری دەریای قەزوین)، بڕوانە: یاقوت الحموي، معجم البلدان، ٤/١٣.

(٢) الطبري، تاريخ الطبري، ٤/٢٦٩ ؛ جعفر مرتضى العاملي، الحياة السياسية للإمام الحسن، ص١٣٢.

سێیەم/بەرگری کردن لەخەلیفە عوسمان (رەزای خوای لێبێ)

ڕووداوی بەرگری کردنی کوڕانی عەلی (رەزای خوای لێبێ) لە خەلیفە عوسمان (رەزای خوای لێبێ) لەسەروبەندی ئاژاوەگێڕی (سەبەئیەکان[٣])، بەلگەیەکی تری زۆر بەهێزە بۆ دەمکوتکردنی نووسەرە شیعیەکان کە پێیان وایە دژایەتی یەکتریان کردووە، ئەم بەرگری کردنەش لەخەلیفە لەلایەن کوڕانی عەلی (رەزای خوای لێبێ) چەند جارێك دووبارە بۆتەوە بۆنمونە:

کاتێ سەبەئیەگان لەناوشاری مەدینە بوون لە ووتاری ڕۆژی هەینیدا خەلیفە عوسمان (رەزای خوای لێبێ) سەرکۆنەی ئاژاوەگێڕیەکانی کردن، ئەوانیش کردیان بەئاژاوە نانەوە تا خەلیفە لەهۆش خۆی چوو، ئینجا خەلیفەیان بردەماڵەوەو کۆمەڵێ کەس لەلای خەلیفە مانەوە بۆ ئەوەی بەرگری لێ بکەن لەهەر دەستدرێژیەکی سەبەئیەکان، جا یەکێ لەو کەسانەی لای خەلیفە مانەوە(حوسەینی کوڕی عەلی (رەزای خوای لێبێ))بوو[٤].

---

(٣) سەبەئیەکان: ڕێکخراوێکی نهێنی بوون ودژایەتی دەسەڵاتی خیلافەی ئیسلامیان دەکرد، و زۆربەی شوێنکەوتوانیشی لەخەڵکی بەسرەو کوفە ومیسر بوون، سەرکردەکەشیان (عبدالله کوڕی وەهەب کوڕی سەبەء)بوو، کە بەڕەچەڵەك جوولەکەبووەو خەڵکی یەمەن بووە، بڕوانە:صلاح عبدالفتاح الخالدی، خەلیفەکانی ڕاشیدین لەنێوان جێنشین بوون وشەهیدبوونیاندا، و:فاتح سەنگاوی، (هەولێر، ٢٠٠٩)، ل١٣٤.

(٤) ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ١٥٨٣/٤.

خەلیفەو ماڵی گەمارۆدانی بە دەستیانکرد سەبەئیەکان پاشان جاران سێ (رەزای خوای لێبێ) عەلی لەوکاتەشدا لێبڕی، وئاویان خۆراك بەچەکەوە خزمەتکارەکانیشی وخزمەتکارەکانیشی و حوسەین حەسەن نارد و بۆ ناوی

پاشان سەبەئیەکان دەستیانکرد بە گەمارۆدانی ماڵی خەلیفەو خۆراك وئاویان لێبڕی، لەوکاتەشدا عەلی (رەزای خوای لێبێ) سێ جاران ناوی بۆ ناردو حەسەن وحوسەین وخزمەتکارەکانیشی بەچەکەوە نارده پێش ماڵی عوسمان (رەزای خوای لێبێ)، فەرمانیشی پێکردن کە بەرگری لەخەلیفە بکەن و نەهێڵن سەبەئیەکان ئەزیەتی بدەن، کاتێ هاوەڵان ئەوەیان بینی ئەوانیش لاسایی ئەویان کردەوەو کوڕانی خۆیان نارد بۆ بەرگری کردن لەخەلیفە[٥]، کە عوسمان (رەزای خوای لێبێ) بەمەی زانی بانگی کردن وسوێندی دان کەلەوێ بڕۆن وخۆیان تووشی شەڕی سەبەئیەکان نەکەن، بۆیە هەموو ئەوانەی لەوێ بوون ڕۆیشتن تەنیا چەند کەسێك نەبێ لەوێ مانەوەو ماڵی خەلیفەیان جووڵ نەکرد کەیەکێ لەوان(حوسەین)بوو[٦]، ئەوان لەوێدا تووشی شەڕیش بوون لەگەڵ سەبەئیەکان بۆ نمونە یەکێ لەخزمەتکارەکان دەگێڕێتەوەو دەڵێ من یەکێك بووم لەوانەی(حوسەین)مان لەبەردەم ماڵی خەلیفە عوسمان (رەزای خوای لێبێ) بەبریندار هەڵگرت[٧].

ئەم سێ ڕووداوە گرنگە بەتایبەتی ئەوەی دواییان بەڕوونی دەیسەلمێنێ کە بنەماڵەی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) هەمیشە هاوخەم وهاوسەنگەرو پشتیوانی خەلیفەکانی ڕاشیدین بوونە، و

---

(٥) فؤادعلي رضا، غصن الرسول الحسين بن علي، ص٤٤.

(٦) ابن الاثير، تەواوی مێژوو، ١٥٩٦/٤.

(٧) الخليفة، ريحانة النبي الحسين بن علي، ص٣٩.

تەنانەت ئامادەبوون بەگیانی خۆشیان بەرگریان لێ بکەن.

سەبارەت بە ژیان و ڕۆڵی حوسەین لەسەردەمی دەسەڵاتی باوکیدا(عەلی (رەزای خوای لێبێ)) ٣٥-٤٠ك/٦٥٥-٦٦٠ز، ئەوا بەشداریەکی چوست وچالاکانەیەو لەسەرجەم پێشهات و ڕووداوەکاندا هاوددە ویارمەتیدەرێکی زۆر چاکی باوکی بووە، و لەسەرجەم شەڕەکانی(جەمەل[1] ، صفین[2]، خەواریج[3])لەگەڵیا بەشداربووە[4]، و ڕۆڵێکی زۆر کارایشی بینیووە بۆنمونە لەشەڕی(جەمەل)بەرپرسی بەشی چەپی سوپای (عەلی (رەزای خوای

(١) شەڕی جەمەل:ئەو شەڕەبوو کەلەساڵی ٣٦ك/٦٥٦ز لەنێوان سوپای(عەلی وعائیشە) (رەزای خوای لێبێ) ڕویدا لەنزیك شاری بەصرە، بەهۆی لێکتێنەگەیشتنیان لەلایەك، و ئاژاوەو پیلانگێڕی سەبەئیەکان لەلایەکی دیکەوە، بڕوانە: صلاح عبدالفتاح الخالدی، خەلیفەکانی ڕاشیدین لەنێوان جێنشین بوون وشەهیدبووندا، ل٢٧٢-٢٧٣.

(٢) شەڕی صفین:ئەو شەڕەبوو کەلەساڵی٣٦ك/٦٥٦ز لەنێوان سوپای(عەلی وموعاویە) (رەزای خوای لێبێ) ڕویدا لەسەر ڕووباری فورات، ئەم شەڕەش هەر لەئەنجامی شەهیدکردنی خەلیفە عوسمان (رەزای خوای لێبێ) کەوتەوە، بڕوانە:هەمان سەرچاوە، ل٢٨٧-٢٨٨.

(٣) شەڕی خەواریج ناسراوە بەشەڕی نەهرەوان کەلەساڵی٣٨ك/٦٥٨ز لەنێوان سوپای عەلی (رەزای خوای لێبێ) وسوپای خەواریجەکان ڕوویدا بەهۆی یاخی بوون و دەستدرێژی لەڕادەبەدەری خەواریجەکان دژی موسڵمانان وخەلیفە، بڕوانە: هاشم یحیی الملاح، مێژووی سەردەمی پێغەمبەرو خولەفای ڕاشیدین، ل٥٧٨-٥٨٢.

(٤) ابن حجر العسقلاني، الإصابة في تمييز الصحابة، ٣٧٩/١.

(لیێ) بووە[٥].

بەگشتی حوسەین ماوەی(٣٧)ساڵ لەگەڵ باوکیدا ژیاوە[٦]، لەو ماوەیەشدا عەلی (ڕەزای خوای لێبێ) زۆر پشتی پێ بەستیوە لە ڕاپەڕاندنی کارەکاندا بەتایبەتیش لەشەڕەکان، بۆیە زۆر جاران ستایشی ئازایەتی حوسەینی دەکرد و بەسەربازەکانی دەگوت: من وحوسەین لەئێوەین وئێوەش لەئێمەن[٧]، بەڵام ئەوەندە پشتی بەحەسەن نەدەبەستی چونکە ئەو کەسێکی نەرم ونیان و حەز بە ئاشتەوایی بوو ڕۆڵێکی سەربازی ئەوتۆشی نەبووە، و دەربارەی ئەو دەیانگوت:حەسەن نەرم ونیانیەکەی بەقەد چیاکانە[٨]، باوکیشی دەیگوت:حەسەن لەجەنگدا هیچ سوودێکتان پێ ناگەیەنێ[٩].

- تەوەرەی نۆیەم / ژیانی لەسەردەمی خیلافەی حەسەن وموعاویە٤٠-٦٠ك/٦٦٠-٦٧٩ز:

هەروەکو ئاشکرایە لەدوای شەهیدبوونی خەلیفە عەلی (ڕەزای خوای لێبێ) لەساڵی ٤٠ك/٦٦٠ز، خەڵکی کوفە بەیعەتیان دایە حەسەنی کوڕی

---

(٥) فوادعلي رضا، غصن الرسول الحسين بن علي، ص٤٧.
(٦) المصدر نفسه، ص٢٧.
(٧) الذهبي، سير اعلام النبلاء، ٣/٢٨٧.
(٨) المصدر نفسه، ٣/٢٧٦.
(٩) المصدر نفسه، ٣/٢٨٧.

عەلی (ڕەزای خوای لێبێ)[1]، بەمەش حەسەن بوو بە دەسەلاتداری شەرعی موسڵمانان لەسەر بنەمای شورا.

لەسەردەمی دەسەلاتی (حەسەن)دا (ڕەزای خوای لێبێ) گۆڕانکاریەکی گرنگ ڕوویدا لە بارودۆخی سیاسی خیلافەدا، ئەویش ئەوەبوو کێشەی ناوەخۆیی کۆتایی پێهات ودووبارە موسڵمانان بوون بە یەکڕیزو یەك دەوڵەت، ئەمەش دوای وازهێنانی حەسەن بوو لە دەسەلات بۆ موعاویە[2]، هۆکاری وازهێنانیشی لەدەسەلات دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی خۆی کە زۆر حەزی بەئاشتەوایی بووە بەلام هۆکاری سەرەکی و ڕاستەوخۆ بریتی بوو لە خیانەتی کوفیەکان لە حەسەن، ئەمەش لەکاتێکدا بوو کەئەوان کەوتبوونە ڕێ ڕووەو شام بۆ شەڕی موعاویە، بەلام لەڕێگادا کوفیەکان دەستیانکرد بەئاژاوەنانەوەو پەرتەوازەبوون لەدەوری حەسەن، بەئەندازەیەك کەوتنە تالانکردنی کەلوپەلەکانی حەسەن، و تەنانەت ڕایەخەکەی ژێریشیان برد!و پاشان بەشمشێر بریندارایان کرد!کە حەسەن ئەم هەڵوێستە ناجوامێرانەی خەڵکی کوفەی بینی یەکسەر بڕیاری

---

[1] ابن کثیر، البدایة والنهایة، ١٨/١١.

[2] بڕوانە: صلاح عبدالفتاح الخالدی، خەلیفەکانی ڕاشیدین لەنێوان جێنشین بوون وشەهیدبووندا، ل ٣٢٩-٣٣١.

ئاشتەواییدا لەگەڵ موعاویە[3].

كوفیەكان سەرباری ناپاكی وپەرتەوازەبوون لەدەوری حەسەن كەچی بە ئاشتەواییەكەش ڕازی نەبوون، و كۆمەڵێ لەگەورە پیاودكانیان كۆبوونەوەو كەوتنە هاندانی حوسەین بۆشكاندنی ڕێككەوتننامەكەو دەرچوون لەدژی موعاویە، حوسەینیش هەرچەندە ئاشتەواییەكەی بەدڵ نەبوو، بەڵام پابەندبووە پێیەوەو پێشنیاری كوفیەكانی ڕەتدەكردەوە[4].

بەگشتی لەسەرچاوەكاندا ئەوە ئاشكرایە كە حوسەین براكەی داناوە تا ئەم ئاشتەواییە نەبەستێ وشەڕبكات، بەڵام حەسەن داواكەی ڕتكردۆتەوە تائەو ڕادەیەی كەپێی گووتوە:((هاتۆتە سەرم لەماڵێكدا بەندت بكەم ودەرگات لەسەر دابخەم تا لەم قسانەت پەشیمان دەبیتەوە))[5]، كە حوسەین ئەمەی بینی ئیدی وازی لێهێناو پابەندبوو بە ئاشتەواییەكە تا مردنی موعاویە.

لەدوای بەئەنجام گەیشتنی ئاشتەواییەكەش پەیوەندی نێوان هەردوولا ئاسایی بۆتەوەو موعاویە زۆر ڕێزو حورمەتی هەردووكیانی دەگرت، و بەردەوام دیاری وخەڵاتی گرانبەهای بۆ

(3) ابن كثير، البداية والنهاية، ١١/١٨-١٩ ؛ فوادعلي رضا، غصن الرسول الحسين بن علي ص٦١ ؛ صلاح عبدالفتاح الخالدي، خەلیفەكانی ڕاشیدین لەنێوان جێنشین بوون وشەهیدبووندا، ل٣٢٨.

(4) البلاذري، انساب الأشراف، ٣/٣٦٣-٣٦٤.

(5) ابن كثير، البداية والنهاية، ١١/١٥٥.

دەناردن و بەخششی پێ دەدان، تەنانەت یەکێ لەو جارانە بڕی (٢٠٠هەزار) ی بۆ ناردووون[٦].

لەڕووی سیاسیشەوە تێکەڵبوون و هاوکاری کردنێکی چاک لەنێوانیانیاندا هەبووە، و حەسەن وحوسەین (ڕەزای خوای لێبێ) بەشداربوونە لە جموجۆڵ وهەڵمەتەکانی فتوحات لەو سەردەمەدا، بۆ نمونە کاتێ لەساڵی(٥١ك/٦٧١ز)سوپای موسڵمانان بەسەرکردایەتی(یەزیدی کوڕی موعاویە)چوون بۆ فەتحکردنی شاری(قوستەنتینیە)، حوسەین لەڕیزی ئەو سوپایەدا بەشداربووە[١].

بەڵام دواتر هەندێ بارگرژی کەوتە نێوان حوسەین وموعاویە لەبەر دوو هۆکار:

یەکەم/ کوژرانی(حیجری کوڕی عودەی[٢])بەفەرمانی موعاویە[٣].

---

(٦) المصدر نفسه، ١٥٦/١١.

(١) ابن منظور، مختصر تاريخ دمشق، ١١٥/٧ ؛ فوادعلي رضا، غصن الرسول الحسين بن علي، ص٦٩.

(٢) حیجری کوڕی عودەی:یەکێك بووە لەشوێنکەوتەکانی عەلی (ڕەزای خوای لێبێ)، بۆچونی جیاواز هەیە لەوەی کە ئایا یەکێکە لەهاوەڵان یان شوێنکەوتوەکان، بەڵام ڕای زۆرینە ئەوەیە کەشوێنکەوتووە(تابعين)ە، ئەم پیاوە بەفەرمانی موعاویە (ڕەزای خوای لێبێ) کوژراوە، چونکە حیجر دەیویست لە عێراق کێشە دروست بکات، بڕوانە: الخميس، دەمێك لەمێژووی ئیسلام، ل ل٣٤٣-٣٤٤.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل ل٣٤٣-٣٤٤.

دووەم/ بەیعەت وەرگرتن بۆ یەزید، کە هەر لەدوای وەفاتکردنی حەسەن لەساڵی ٤٩ك/٦٦٩ز[٤]، موعاویە هەوڵیدەدا یەزیدی کوڕی بکاتە جێنشینی خۆی، و لەساڵی ٥٦ك/٦٧٦ز بەڕەسمی داوای بەیعەتی کرد بۆ یەزید[٥]، و توانی بەیعەتی بۆ وەربگرێ و بیکاتە جێنشینی خۆی، بەڵام زۆرێك لە کەسایەتیە ناودارەکانی وەك(حوسەینی کوڕی عەلی)و(عبدالله کوڕی زوبێر[٦])و(عبدالله کوڕی عومەر)و(عبدالله کوڕی عەبباس)و(عبدالرحمان کوڕی ئەبوبەکر[٧])بەیعەتیان بە یەزید نەدا[٨]، چونکە پێیان وابوو ئەمە پێچەوانەی سیستەمی شورایە، بۆیە (عبدالله کوڕی زوبێر) داوای لە موعاویە کرد بۆ دیاریکردنی جێنشین لەدوای خۆی لاسایی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)

---

[٤] مجدي فتحي، تاريخ الاسلام والمسلمين في عصر الأموي، (طنطا، ١٩٩٨م)، ص٥٥.

[٥] الصدر نفسه، ص٦٢.

[٦] عبدالله کوڕی زوبێر کوڕی عەوامە، یەکێکە لە کەسایەتیە دیارەکانی موسڵمانەکان، و یەکەمین منداڵ بوو کە لەشاری مەدینە لەدایك بوو لەدوای کۆچکردنی موسڵمانان بۆ ئەو شارە، بڕوانە:: الذهبي، سير أعلام النبلاء، ٣٦٣/٢-٣٦٤.

[٧] عبدالرحمان کوڕی ئەبوبەکری صدیقە (ڕەزای خوای لێبێ)، و گەورەترین منداڵی باوکی بووەو لەشەڕی بەدردا لەڕیزی بێ باوەڕان بوو، بەڵام پاش ماوەیەکی کەم موسڵمان بووەو کۆچی کردووە بۆ شاری مەدینە، کەسێکی زۆر ئازاو لێهاتوو بووە، بڕوانە: الذهبي، سير أعلام النبلاء، ٤٧١/٢.

[٨] ابن كثير، البداية والنهاية، ١٥٦/١١.

بکاتەوە یانیش لاسایی ئەبوبەکر (ڕەزای خوای لێبێ) یان عومەر (ڕەزای خوای لێبێ) بکاتەوە، بەڵام موعاویە پێشنیارەکانی ڕەتکردەوە[9].

هۆکاری هەڵبژاردنی یەزید وەك جێنشین لەلایەن موعاویە ڕاوبۆچوونی جیاوازی لەسەرە لەلای توێژەران، هەندێك پێیان وایە مەبەستی درێژەدان بووە بە دەسەڵاتی بنەماڵەی ئومەوی[10]، هەندێکی دیکە پێیان وایە مەبەستی موعاویە چارەسەرکردنی کێشەی ناوەخۆیی نێوان موسڵمانان بوو لەسەر دەسەڵات بە دانانی دەسەڵاتێکی هەمیشەیی[1].

هەندێکی دیکەش پێیان وایە ئەم هەنگاوەی موعاویە زۆر باش دەبوو بۆ ڕێگری کردن لە ناکۆکی نێوان موسڵمانان، ئەگەر هاتبا کوڕەکەی خۆی دیاری نەکردبوایە[2]، بەتایبەتی لەکاتێکدا کە کەسانی زۆر چاکتر وشیاوتر هەبوون لەیەزید بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە وەك(حوسەین و ئیبن عەبباس وئیبن عومەر وئیبن زوبێر)، لەدەرەنجامی ئەمەشدا هەندێ کێشەو بارگرژی کەوتە نێوان حوسەین وموعاویە، و چەند نامەیەکیش لەنێوانیاندا ئاڵوگۆڕ کرا

---

(9) عبدالمنعم الهاشمي، موسوعة تاريخ العرب، (بيروت، ٢٠٠٦م)، ٢/١٢-١٢٠١٣.

(10) طقوش، پوختەی مێژووی ئیسلامی، و:نیهادجلال حبیب الله، (بیروت، ٢٠٠٩)، ل١٢٣.

(1) محمودشاکر، پوختەی مێژووی شارستانیەتەکان، و:نیهادجلال حبیب الله، (ب.ش، ٢٠١١)، ٤٧٩/١.

(2) علي إبراهيم حسن، التاريخ الإسلامي العام، (القاهرة، د.س)، ص ص ٢٦٩-٢٧٠.

لەسەر ئەم کێشەیە[3]، بەڵام لەسەردەمی موعاویەدا حوسەین هیچ هەنگاوێکی دوژمنکارانەی هەڵنەگرت، و پەیوەندی نێوانیان هەر بەئاشتی مایەوەو داواکاری خەڵکی کوفەشی ڕەتکردەوە بۆ دەرچوون لە دەسەڵاتی موعاویە[4]، ئەویش بەردەوام بوو لەڕێزگرتن و چاکەکردن لەگەڵ حوسەین، تەنانەت موعاویە لە سەرەمەرگی خۆیدا بانگی یەزیدی کوڕی کردو وەسیەتی بۆ کرد کەنەرم ونیان وچاکەکاربێ لەگەڵ حوسەین[5].

---

(3) بۆبینینی نامەکان بڕوانە: ابن منظور، مختصر تاريخ دمشق، ١٣٧/٧.

(4) المصدر نفسه، ١٣٦/٧.

(5) المصدر نفسه، ١٣٧/٧-١٣٨.

بەشی دووەم:

جوڵانەوەکەی حوسـەین و شـەهیدبوونی

- تەوەرەی یەکەم/ بەیعەت نەدانی حوسەین بە یەزید و هۆکارەکانی:

بەوپێیەی موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان لەساڵی ٥٦ک/٦٧٦ز یەزیدی کوڕی کرد بەجێنشینی خۆی و بەیعەتی بۆ وەرگرت[١]، شتێکی سرووشتی بوو کە لەدوای مردنی موعاویە لەمانگی ڕەجەبی/٦٠ک-٦٧٩ز لەتەمەنی ٧٨ساڵی[٢]، کوڕەکەی بێتە شوێنی بەناوی(یەزیدی کوڕی موعاویە)، لەهەمان مانگی ساڵی ٦٠ک/٦٧٩ز، کە ئەوکاتە تەمەنی ٣٤ ساڵ بوو[٣].

یەزید هەر لە سەرەتاوە هەموو توانایەکی خۆی خستەگەڕ بۆ وەرگرتنی بەیعەت لەو کەسانەی کەلەسەردەمی باوکیدا ئامادە نەبوون بەیعەتی پێ بدەن[٤]، کە بریتی بوون لەخەڵکێکی کەمی شاری مەدینە بەتایبەتی(حوسەینی کوڕی عەلی)و(عبدالله کوڕی زوبێر)و(عبدالله کوڕی عومەر)[٥]، بۆیە یەزید خێرا نامەی نووس

(١) الخمیس، دەمێك لەمێژووی ئیسلام، ل٢٥٦.

(٢) الذهبي، العبر في خبر من غبر، تحقیق:أبوهاجر محمد السعید بن بسیوني زغلول، (بیروت، ١٩٨٥م)، ٤٧/١.

(٣) ابن کثیر، البدایة والنهایة، ١٥١/١١.

(٤) ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٢٠٢١/٥ ؛ ابن کثیر، البدایة والنهایة، ١٥١/١١.

(٥) محمد الخضري، دەوڵەتی ئەمەوی، ل٥٧.

بۆ والی شاری مەدینە(وەلیدی کوڕی عوتبە[٦])و دوای ئاگادارکردنەوەی لەمردنی موعاویە بۆی نووسیبوو((دوای سڵاو: حوسەین و عبداللە کوڕی عومەر و عبداللە کوڕی زوبێر بگرەو بەیعەتیان لێ وەربگرە، گرتنێك کە هیچ دەربازبوونێکی تیا نەبێ تا بەیعەت دەدەن، سڵاو وماڵئاوا))[٧].

لەهەندێ سەرچاوەی تردا هاتووە کە لەنامەیەکدا بۆ والی شاری مەدینە نووسیویەتی((داوای بەیعەت بکە لەخەڵکی و لەسەرانی قورەیش دەست پێ بکە، یەکەم کەسیش لەحوسەین دەست پێ بکە، چونکە پێشەوای ئیمانداران-موعاویە-پەیمانی لێ وەرگرتووم کە نەرم ونیان و چاکەکاربم لەگەڵیدا))[٨].

کاتێ والی شاری مەدینە نامەکەی پێگەیشت یەکسەر بانگهێشتی(مەڕوانی کوڕی حەکەم)ی کرد تا ڕاوێژی پێ بکات دەربارەی ئەو بابەتە، مەڕوان بەوالی مەدینەی ڕاگەیاند کە پێویستە پێش ئاگادارکردنەوەیان لەمەرگی موعاویە بەیعەتیان لێ وەربگیرێ،

---

(٦) وەلید کوڕی عوتبەی کوڕی ئەبوسوفیانە، کەسێکی داناو چاکە خواز بووەو لەسەردەمی موعاویەوە کراوەتە والی شاری مەدینە، بڕوانە: الذهبي، سير أعلام النبلاء، ٥٣٤/٣.

(٧) الطبري، تاريخ الطبري، ٣٣٨/٥ ؛ ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٢٠٢١/٥ ؛ ابن كثير، البداية والنهاية، ١٥١/١١-١٥٢.

(٨) ابن منظور، مختصر تاريخ دمشق، ١٣٨/٧.

و ئەگەر بەیعەتیشیان نەدا یەکسەر بیانکوژێت[9]، چونکە ئەگەر ئەوان لەمەرگی موعاویە ئاگاداربببنەوە هەریەکەیان لەناوچەیەکدا شۆڕش بەرپا دەکەن[10].

بۆیە والی مەدینە(وەلیدی کوڕی عوتبە) یەکسەر ناردی بەدوای (حوسەین) و(عبدالله کوڕی زوبێر) تا بەیعەتیان لێ وەربگرێت، حوسەین بەدەم بانگێشتەکەیەوە هات و وەلیدیش داوای بەیعەتی لێکرد، بەڵام حوسەین نەیدەویست بەیعەت بدات بۆیە بیانووی هێنایەوەو گووتی: ((کەسی وەکو من بەنهێنی بەیعەت نادات و هەرکاتێ چوویتە لای خەڵك وداوای بەیعەتت لێ کردن ئینجا لە ئێمەشی بخوازە))، مەڕوان داوای لە وەلید کرد کە بە زۆرەملێ بەیعەتی لێ وەربگرێت و ڕێگای پێ نەدات بڕوات بەبێ بەیعەت تەنانەت ئەگەر بە کوشتنیشی بێت، بەڵام وەلید بەتوندی قسەکەی ڕەتکردەوەو ڕێگایدا بە حوسەین کە بڕواتە ماڵەوە، بەڵام عبدالله کوڕی زوبێر بەدەم داواکەی وەلید نەهات و هەر داوای مۆڵەتی دەکرد، تا دواتر لەگەڵ(جەعفەر)ی برای شاری مەدینەی جێهێشت و بەنهێنی ڕوویکردە شاری مەککە، چونکە ئامادە نەبوو بەیعەت بدات بە یەزید[1].

---

(٩) ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٥/٢٠٢١ ؛ ابن کثیر، البداية والنهاية، ١١/١٥٢.

(١٠) ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٥/٢٠٢١.

(١) الطبري، تاريخ الطبري، ٥/٣٣٩-٣٤١ ؛ ابن كثير، البداية والنهاية، ١١/١٥٢.

یەک شەو لەدوای دەرچوونی عبداللە وبراکەی، حوسەینیش لەگەڵ کەس وکارو بنەماڵەکەی شاری مەدینەی جێهێشت و ڕوویکردە شاری مەککە، دیارە ئەویش دەیویست بەیعەت بەیەزید نەدات[2]، بەڵام(عبداللە کوڕی عومەر)و(عبداللە کوڕی عەبباس)لەدوای بەیعەتدانی خەڵکی ئەوانیش بەیعەتیاندا وسەرکێشیان نەکرد، چونکە حەزیان دەکرد کێشە دروست نەبێت لەناو موسڵماناندا[3].

دەتوانین بڵێین گرنگترین هۆکارەکانی بەیعەتنەدانی حوسەین بەیەزید ئەمانەن:

لەدوای وەفاتکردنی حەسەن وموعاویە، حوسەین خۆی بەشایستەترین کەس دەزانی بۆ وەرگرتنی پۆستی خیلافە[4]، لەڕاستیشدا هەر وابووەو بەهەموو پێوەرێک حوسەین زۆر چاکترو شایستەتربوو لە یەزید بۆ وەرگرتنی ئەم پۆستە، چونکە تەمەن وزانست وچاکەی ئەو زۆر زیاتربوو لە یەزید، تەنانەت لەلای موسڵمانانیش حوسەین زۆر خۆشەویستترو قبوڵکراوتربوو لە یەزید[5].

---

[2] ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٥/٢٠٢٤.
[3] ابن خلدون، تاريخ ابن خلدون، ٣/٢٦.
[4] عبدالمنعم خفاجي وعبدالعزيز شرف، معارك فاصلة في تاريخ الاسلامي، (القاهرة، ١٩٩٢م)، ص٣٢.
[5] الصلابي، الدولة الأموية، (بيروت، ٢٠٠٥)، ١/٤٥٨.

(ئیبن خەلدون)یش دەڵێ:((حوسەین زۆر شیاوتربوو لەیەزید بۆ وەرگرتنی خیلافە، بەڵام حوسەین دەربارەی توانای خۆی بە هەڵەداچوو، چونکە دەمارگیری هۆزی مضر بۆ قورەیش بوو، دەمارگیری قورەیشیش بۆ بەنی عبدالمناف بوو، دەمارگیری ئەوانیش بەدەستی بەنی ئومەییە بوو))[٦]، کەواتە ڕاستە حوسەین چاکتربوو لەیەزید، بەڵام لەڕووی هێزەوە ئەو توانایەی نەبووە ڕووبەڕووی یەزید ببێتەوە.

گۆڕینی سیستەمی شورا بۆ سیستەمی پشتاوپشتی لەهەڵبژاردنی خەلیفەدا، ئەمەش پێچەوانەی سوننەتی ئیسلام بوو کە ئومەویەکان ئەنجامیاندا[١]، بۆیە کەسایەتیە دیارو ناسراوەکان ئامادە نەبوون دان بنێن بە شەرعیەتی دەسەڵاتی یەزیدی کوڕی موعاویە.

پاڵپشتی کردنی خەڵکی کوفە لە حوسەین، چونکە ئەوان هەر لەسەردەمی موعاویەوە بەردەوام نامەیان بۆی دەنارد وداوایان لێدەکرد لەدەسەڵاتی ئومەوی دەربچێ، بەڵام حوسەین داواکانی ڕەتدەکردنەوەو پابەندبوو بەئاشتەوایی نێوانیان[٢]، واتە پەیوەندی نێوان حوسەین وخەڵکی کوفە هەرمابوو، پاشان بەناردنی نامە زۆرەکانیان وڕاگەیاندنی پشتگیری خۆیان بۆی، بوونە هاندەر بۆ

(٦) مقدمة ابن خلدون، تحقيق:احمد الزعبي، (بيروت، د.س)، ص٢٤٨.
(١) الصلابي، الدولة الأموية، ١/٤٥٨.
(٢) السيوطي، تاريخ الخلفاء، ص١٥٩.

ئەوەی حوسەین لەدژی یەزید بوەستێتەوە، چونکە خەڵکانێک وناوچەیەکی شك بردووە کە پشتگیری لێ بکەن، بەڵام بەداخەوە خەڵکی کوفە جگە لە فریودان و پشت تێکردن وپاشان کوشتنی هیچی تریان بۆ نەکرد.

- تەوەرەی دووەم/ دەرچوونی بۆ شاری مەککە و نامە ناردنی کوفیەکان:

دوای ئەوەی حوسەین ئامادە نەبوو بەیعەت بداتە یەزید و دەشیزانی ئومەویەکان وازی لێناهێنن، بڕیاریدا ڕووبکاتە شاری مەککەو لەگەڵ خۆشیدا تەواوی کەس وکارو ئەندامانی بنەماڵەکەی برد جگە لە(محمد بن الحنفیە[٣])ی برای نەبێت کە لەگەڵیدا دەرنەچوو[٤]، چونکە ئەو کارەی حوسەینی بەدڵ نەبووەو زۆریش ئامۆژگاری حوسەینی کرد کە خۆی تووشی کێشە نەکات تا ئەوکاتەی دڵنیا دەبێت لەوەی خەڵك پشتگیری لێدەکەن[٥].

---

[٣] محمد بن الحنفیە کوڕی عەلی کوڕی ئەبو تاڵیبە، دایکی ناوی خەولەی کچی جەعفەری حەنەفیە، و محمد لەساڵی ١٣ك لەدایك بووەو یەکێك بووە لە گەورە پیاوانی ئەهلی بەیت، بڕوانە: الذهبي، سير أعلام النبلاء، ٤/١١٠-١١١.

[٤] المفید، الارشاد، ٣٤/٢ ؛ ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٢٠٢٤/٥ ؛ الشيباني، مواقف المعارضة في عهد يزيد بن معاوية، ص٢٣٧.

[٥] المفید، الارشاد، ٣٤/٢-٣٥ ؛ ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٢٠٢٤/٥ ؛ محمود شاكر، التاريخ الاسلامی، (بیروت، ٢٠٠٠م)، ١٢٢/٤-١٢٣.

بەڵام حوسەین سووڕ بوو لەسەر چوونی بۆشاری مەککە، و پێش ئەوەی بڕوات سەردانی گۆڕی پێغەمبەری کرد (صلی الله علیه وسلم) و دوای گریانێکی بەکوول ماڵئاوایی لێکرد[٦]، پاشان لەڕۆژی یەکشەممە لەمانگی رەجەبی/٦٠ك-٦٧٩ز شاری مەدینەی جێهێشت و ڕوویکردە شاری مەککە لەگەڵ کەس وکارو بنەماڵەکەی[٧].

ئینجا لەڕێگادا چاوی کەوت بە(عبدالله کوڕی موتیع[١])ئەویش ئامۆژگاری کرد کە لەشاری مەککە بمێنێتەوەو نەچێتە کوفە، وئەوەی بەبیر هێنایەوە کە چۆن خەڵکی کوفە باوکیان بەکوشتندا وبراکەشیان فریودا[٢]، هەر لەڕێگادا چاوی کەوت بە(عبدالله کوڕی عومەر)و(عبدالله کوڕی عەبباس)و ئەوانیش زۆر ئامۆژگاریان کرد کە بەقسەی خەڵکی کوفە فریو نەخوات و نەچێتە لایان[٣].

کاتێکیش والی شاری مەدینە(وەلیدی کوڕی عوتبە)ئاگادار کرایەوە لە دەرچوونی حوسەین وئیبن زوبێر، بەخێرایی(٣٠) سواری بەدوایاندا نارد تا بیانگەڕێنێتەوە، بەڵام ئەوان سەرکەوتوو نەبوون

---

(٦) أبي مخنف، مقتل الحسين، (قم، ١٣١٢)، ص٢٢.
(٧) البلاذري، أنساب الأشراف، ٣٧١/٣.
(١) عبدالله کوڕی موتیع کوڕی ئەسوەدە، دایکی ناوی ئوم هیشامی کچی ئەبی خیارە، و یەکێك بووە لەو کەسانەی کە نەیاری بنەماڵەی ئومەوی بووە بڕوانە: ابن سعد، الطبقات الكبرى، ١٤٤/٥-١٤٥.
(٢) ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٢٠٣٧/٦ ؛ ابن خلدون، تاريخ ابن خلدون، ٢٧/٣.
(٣) الذهبي، سير أعلام النبلاء، ٢٩٦/٣.

ونەیاندۆزینەوە[٤]، و سەرەنجام حوسەین لە بەرواری ٣/شەعبان/٦٠ك-٦٧٩ز گەیشتە شاری مەککە[٥]، و لەماڵی(عەبباس)ی مامی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) مایەوە[٦]، خەڵکانێکی یەکجار زۆریش لەدەورەی کۆبوونەوە، هەرچی عبدالله کوڕی زوبێر بوو ئەوا لە نزیك(کەعبە)خەریکی نوێژو خواپەرستی بوو[٧]، وە بەهۆی بوونی حوسەین لەمەککە شتێکی سروشتی بوو کە خەڵکی ئەوەندە بایەخیان نەدەدا بەبوونی ئیبن زوبێر لەو شارەدا[٨].

لەپاش ئەوەی خەڵکی کوفەش ئاگادار بوونەوە لە مردنی موعاویە، و دەرچوون و بەیعەتنەدانی حوسەین وئیبن زوبێر، ئەمەیان بەهەلزانی بۆ ئەوەی لەدژی دەسەڵاتی ئومەوی بوەستنەوە[٩]، چونکە ئەوان بەسروشتی خۆیان دژی هەموو دەسەڵاتدارێك بوون.

---

[٤] الشيباني، مواقف المعارضة في عهد يزيد بن معاوية، ص٢٣٧.

[٥] البلاذري، أنساب الأشراف، ٣٧١/٣.

[٦] ابن منظور، مختصر تاريخ دمشق، ١٣٨/٧.

[٧] ابن كثير، البداية والنهاية، ١٥٦/١١.

[٨] الطبري، تاريخ الطبري، ٣٥١/٥.

[٩] المصدر نفسه، ٣٥١/٥-٣٥٢ ؛ المفيد، الارشاد، ٣٦/٢.

بۆیە شیعەکانی کوفە لەماڵی(سلێمانی کوڕی صەردی خوزاعی[10])کۆبونەوەو باسی مردنی موعاویەو بەیعەتنەدانی حوسەینیان کرد، و سلێمان پێی گوتن((ئەی خەڵکینە ئێوە شوێنکەوتەی ئەو و باوکی ئەون، ئەگەر سەری دەخەن وجیهادی لەگەڵدا دەکەن ئەوا نامەی بۆ بنێرن، ئەگەریش دەترسن وسەری ناخەن ئەوا ئەو پیاوە زەلیل مەکەن))، شیعەکان گوتیان:بەڵکو دوژمنەکانی دەکوژین وخۆمان بەکوشتن دەدەین[11].

ئینجا گەورە پیاوانی کوفە دەستیانکرد بەنامەناردن بۆ حوسەین لەوانەش(سلێمانی کوڕی صەردی خوزاعی، موسەیبی کوڕی نەجبە، ریفاعەی کوڕی شەداد، حەبیبی کوڕی موزاهیر.....هتد)[1]، یەکەمین نامەش لەڕێگای دوو کەس نێردران بەناوەکانی(عبدالله کوڕی سەمعی هەمەدانی)و(عبدالله کوڕی وال)، کە لە بەرواری١٠/رەمەزان گەیشتنە شاری مەککە[2]، دەقی نامەکەش بەم شێوەیە بوو:

---

(١٠) سلێمان کوڕی صەردی خوزاعی کوفی، یەکێك بوو لەهاوەڵانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) و دوای پشتهەڵکردنی کوفیەکان وکوژرانی حوسەین، هەڵسا بەدامەزراندنی بزوتنەوەی(تەوابین)، پاشان لەشەڕێکدا بەرامبەر ئیبن زیاد کوژرا لەساڵی ٦٥ك، بڕوانە: الذهبي، سير اعلام النبلاء، ٣/٣٩٤-٣٩٥.

(١١) أبي مخنف، مقتل الحسين، ص٢٧-٢٨ ؛ الطبري، تاريخ الطبري، ٥/٢٥٢.

(١) الطبري، تاريخ الطبري، ٥/٣٥٢ ؛ المفيد، الارشاد، ٢/٣٦-٣٧ ؛ ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٦/٢٠٣٧.

(٢) البلاذري، أنساب الأشراف، ٣/٣٧٠.

((بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان، سڵاو لەتۆ: ئێمە لەگەڵ تۆدا سوپاسی خودایەك دەكەین كە جگە لەو پەرستراوێكی تر نیە، سوپاس بۆ ئەو خودایەی كە دوژمنەكەی تۆی لەناوبرد، ئەو دوژمنە ستەمكارەی كە كاروباری ئەم ئومەتەی لەدەست دەرهێنان وداگیری كرد بۆخۆی، و بەبێ ڕەزامەندی خەڵك حوكمی كردو چاكەكانی كوشتن وخراپەكانی هێشتنەوە، ئێمە هیچ پێشەوایەكمان نیەو وەرە بۆلای ئێمە، بەڵكو خودا بەهۆی تۆوە لەسەر هەق كۆمان بكاتەوە، نوعمانی كوڕی بەشیریش[3] بۆخۆی لەكۆشكی ئیمارەتەو ئێمە نە لە جەژن ونە لە ڕۆژی هەینیدا لەگەڵیدا كۆنابینەوە، و ئەگەر بزانین تۆ دێیتە لامان ئەوا ئەو دەردەكەین بۆ شام بەپشتیوانی خودا، سڵاو ڕەحمەتی خودات لێبێت))[4].

دوای ئەمەش خەڵكی كوفە بەردەوام بوون لە نامە ناردن بۆی و بەلێشاو نامەیان بۆی دەنارد، و تەنیا دوو شەو دوای گەیشتنی نامەی یەكەم، حوسەین(١٥٠) نامەی تری بۆ هات[5]، ولەنامەكانی كۆتاییدا

---

[3] نوعمانی كوڕی بەشیری ئەنصاری لەساڵی ٢ك لەدایك بووە، و یەكێك بووە لەهاوەڵانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)، و كەسێكی زۆر هێمن و زانا بووەو لەسەردەمی موعاویەوەكرابووە والی شاری كوفە، بڕوانە: الذهبي، سير أعلام النبلاء، ٤١١/٣-٤١٢.

[4] الطبري، تاريخ الطبري، ٣٥٢/٥ ؛ الكوفي، كتاب الفتوح، تحقيق:علي شيري، (بيروت، ١٩٩١م)، ٢٨/٥ ؛ المفيد، الارشاد، ٣٧/٢ ؛ ئيبن ئەسير، تەواوی مێژوو، ٢٠٣٨/٦.

[5] ابن كثير، البداية والنهاية، ١٥٦/١١ ؛ ابن خلدون، تاريخ ابن خلدون، ٢٧/٣.

زۆر تکایان لێی دەکرد تا بەزووترین کات بچێتە لایان، و لەدەقی کۆتا نامەشدا بۆیان نووسیبو:((بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان، بۆ حوسەینی کوڕی عەلی سەلامی خودات لێبێت، دوای سلاو:ئێمە جگە لەتۆ هیچ پێشەوایەکی ترمان نیە، ئەی کوڕی پێغەمبەری خودا خێراکە خێراکە))[٦].

دەربارەی ژمارەی نامەکان کە خەڵکی کوفە بۆ حوسەینیان ناردووە ڕاوبۆچوونی جیاواز هەیە، کەمترین ژمارە لەسەرچاوەکاندا بە(٥٠٠)نامە هاتووە[٧]، بەلام سەرچاوە شیعیەکان دەڵێن جاری واهەبووە لەیەك ڕۆژدا (٦٠٠)نامەی بۆ هاتووە، و لەکۆی گشتیدا (١٢هەزار)نامەی کوفیەکانی بۆ هاتووە[٨]، بێ گومان ئەمە زیادەڕۆیی زۆری تێدایەو نامەکان ئەوەندە نەبوونە، بەلام ژمارەی نامەکان کەمیش نەبوون و ژمارەیەکی زۆری بۆ هاتبوو، هەروەکو کاتێ حوسەین بەڕێکەوت بەرەو عێراق و لەڕێگادا چاوی کەوت بە(فەرەزدەق)ی شاعیر، و فەرەزدەق لێی پرسی:بۆچی دەچێتە لای

---

(٦) أبي مخنف، مقتل الحسين، ص٢٩ ؛ إحسان إلهي ظهير، الشيعة وأهل البيت (لاهور، د.س)، ص٢٨١.

(٧) الخميس، دەمێك لەمێژووی ئیسلام، ل٢٦٣.

(٨) ابن طاوس، اللهوف في قتلى الطفوف، ص٢٤ ؛ آل بحر العلوم، مقتل الإمام الحسين، تحقيق:حسين بحرالعلوم، (بيروت، ٢٠٠٦م)، ص١٤٧ ؛ المقرم، مقتل الحسين، (قم، ٢٠١٢م)، ص١٤٤ ؛ الشيرازي، جهاد الحسين ومصرعه، (الكويت، ١٩٩٨م)، ص١٩.

خەڵکی کوفە؟حوسەین گووتی:باری ووشترێك نامەیان بۆ ناردووم[١]، فەرەزدەق پێی گووت: ئەوان دڵیان لەگەڵ تۆدایە، بەڵام شمشێریان لەگەڵ بەنی ئومەییە دایە[٢].

هەرچەندە کوفیەکان ئەو هەموو نامەیان ناردو تیایدا هانی حوسەینیان دەدا بۆ دەرچوون وپێیان دەگووت(١٠٠هەزار)کەست لەگەڵدایە[٣]، بەڵام ئەو پیاوێکی زۆر ژیربوو زوو بەقسەی کوفیەکان هەڵنەخەڵەتاو وەڵامی نەدانەوە، چونکە ئاگاداربوو لەپێشینەی خراپی کوفیەکان کە چیان هێنا بەسەر باوك وبراکەیدا(عەلی و حەسەن (رەزای خوای لێبێ))[٤]، بۆیە بڕیاریدا لەسەرەتادا کوڕەمامەکەی خۆی(موسلیمی کوڕی عەقیل[٥])بنێرێت بۆ لایان تا لە ڕاستی هەواڵەکە دڵنیای بکاتەوە[٦].

---

[١] ابن منظور، مختصر تاريخ دمشق، ١٤٥/٧.

[٢] إبراهيم زعرور و علي أحمد، تاريخ العصر الأموي السياسي والحضاري، (دمشق، ١٩٩٦م)، ص٣٢.

[٣] الطبري، تاريخ الطبري، ٣٩١/٥.

[٤] إبراهيم زعرور و علي أحمد، تاريخ العصر الأموي السياسي والحضاري، ص٣٢.

[٥] موسلیم کوڕی عەقیلی کوڕی ئەبو تالیبە، دایکیشی ناوی ئوم وەلەدە، یەکەمین کەس بوو لەهاوەڵانی حوسەین کەشەهیدکرا لەشاری کوفە بەهۆی جوڵانەوەکەی حوسەین ، بڕوانە: أبوالفرج الأصبهاني، مقاتل الطالبيين، ص٨٦.

[٦] ابن مسكويه، تجارب الأمم وتعاقب الهمم، تحقيق:سيد كسروي حسن، (بيروت، ٢٠٠٣م)، ٢٤/٢.

ئـەوەی زیـاتر دەیسـەلمێنێت حوسـەین متمانـەی بـە کوفییەکان نەبووە ئەوەیە کە لەبەرامبەر ئەو هەموو نامانەی خەڵکی کوفە حوسـەین تـەنیا یـەك نامـەی بـۆ نـاردن و لـەو نامەیەشدا بەڕوونی گومـان ودوودڵـی ئـەو لەکوفیـەکان بەرچاودەکەوێت، چونکە تیایدا ئـەوەیان پـێ دەڵێـت بـۆ ئـەوە موسـلیمی ڕەوان کـردووە تـا لەڕاستی هەواڵەکە دڵنیای بکاتەوە[٧].

- تەوەرەی سێیەم / ناردنی موسلیمی کوڕی عەقیل بۆ کوفە، و هەڵوێستی ئومەویەکان:

دوای هـاتنی نامـە زۆرەکـانی خـەڵکی کوفـە حوسـەین بڕیاریدا (موسـلیم) بنێرێتـە لایـان، بـۆ ئـەوەی لەڕاستی بارودۆخەکە دڵنیای بکاتـەوەو ئەگـەر بینـی خـەڵکی کـۆکن لەسـەر ئـەوە، ئـەوا یەکسەر هەواڵی پـێ بـدات وبەیعـەتی بـۆ وەربگرێـت[٨]، سـێ کەسیشی لەگەڵ موسلیمدا نارد تا لەڕێگادا هاوڕێیـەتی بکـەن ئەوانیش(قەیسی کوڕی موصـــەهری صـــەیداوی[٩]) و (عـــەمارە کـــوڕی عبدالسلولیا ...

---

[٧] بۆبینینی دەقی نامەکە بڕوانە: ابي مخنف، مقتل الحسين، ص٢٠ ؛ الطبري، تاريخ الطبري، ٢٥٣/٥ ؛ الكوفي، كتاب الفتوح، ٣١-٣٠/٥ ؛ المفيد، الارشاد، ٣٩/٢.

[٨] المفيد، الارشاد، ٣٩/٢ ؛ ابن خلدون، تاريخ ابن خلدون، ٢٩/٢.

[٩] قەیسی کوڕی موصەهری صەیداوی، یەکێك بوو لەکەسایەتیە دیارەکانی ... ئەسەد لەشاری کوفە، لەگەڵ موسلیم دەرچوو بۆ شاری کوفەو پاشان نامە...

بوون(عبدالرحمان کوڕی عبدالله ئەربەحی)[10].

ئینجا موسلیم بۆ جێ بەجێکردنی بڕیارەکە ڕووی کردە شاری مەدینە، و دوای ماڵئاوایی کردن لە کەس وکارەکەی دوو ڕێنیشاندەری لە هۆزی(قەیس) بەکرێ گرت تاڕێگای کوفەیان پێ نیشان بدەن[1]، بەڵام دوای بەڕێکەوتنیان بۆ کوفە ڕێگایان ونکرد لەڕێگادا یەکێك لە ڕێنیشاندەرەکان[2] یان هەردووکیان لەتینویەتیدا مردن[3]، لە دوای ئەم ڕووداوە موسلیم نامەی نارد بۆ حوسەین وداوای لێکرد لەجیاتی ئەو کەسێکی تر بنێرێت، بەڵام حوسەین نامەی ڕەتکردەوەو پێداگربوو لەسەر ئەوەی موسلیم خۆی بچێت بۆ کوفە[4].

بۆیە موسلیم ناچار بوو ڕووبکاتە شاری کوفە و لە ٥/شەوال/٦٠ك-٦٧٩ز گەیشتە ئەم شارە[5]، دەربارەی ئەوەی کە لەشاری

موسلیمی بۆ حوسەین بردەوە، بڕوانە: جواد محدثي، موسوعة عاشوراء، ص٣٦٦.

(١٠) المفيد، الارشاد، ٣٩/٢ ؛ الصلابي، الدولة الأموية، ٤٦٠/١.

(١) ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٢٠٣٩/٦.

(٢) ابن الجوزي، المنتظم في تاريخ الملوك والأمم، تحقيق:محمد عبدالقادر عطا و مصطفى عبدالقادر عطا، (بيروت، ١٩٩٢م)، ٣٢٥/٥.

(٣) ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٢٠٣٩/٦.

(٤) أبي مخنف، مقتل الحسين، ص ص٣١-٣٢ ؛ البلاذري، أنساب الأشراف، ٢٧٠/٣-٢٧١.

(٥) عبدالله بن عبدالعزيز، من قتل الحسين، (القاهرة، د.س)، ص٣٠ ؛ آل بحر العلوم، مقتل الإمام الحسين، ص٢١٩.

کوفە لەماڵی کێ ماوەتەوە لەسەرچاوەکاندا ڕاوبۆچوونی جیاواز هەیە، بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کەلەسەرەتای چوونی بۆ کوفە لەماڵی(موختاری کوڕی عەبیدی سەقەفی[٦])ماوەتەوە، و لەدوای هاتنی(ئیبن زیاد[٧])وەك والی بۆ شاری کوفە، موسلیم ڕووی کردە ماڵی(هانی کوڕی عوروە[٨])، ماوەیەکی کەمیش لەماڵی(موسلیمی کوڕی عۆسەجە)مایەوە کە یەکێ بوو لە لایەنگرانی حوسەین لە کوفە[٩].

---

(٦) موختاری کوڕی عەبیدی سەقەفی یەکێك بوو لە گەورە پیاوانی بەنی سەقیفە، کەسێکی ئازابووەو بانگەشەی خۆشەویستی ئەهلی بەیتی دەکرد، بەڵام لەڕاستیدا کەسێکی درۆزن بووەو دواتر بانگەشەی پێغەمبەرایەتی بۆ خۆی دەکرد، بڕوانە: الذهبي، سير أعلام النبلاء، ٣/٥٣٨-٥٣٩.

(٧) ئیبن زیاد ناوی تەواوی-عبیدالله کوڕی زیاد بن أبیه-بوو، دایکیشی ناوی مەرجانەیە، ئیبن زیاد دەسەڵاتی چەندین ناوچەی گرتۆتە دەست وەك بەصرە وکوفە وخوراسان، کەسێکی زۆر خراپ وتوندوتیژبووەو بەفەرمانی ئەو حوسەین وهاوەڵانی شەهیدکران، بڕوانە: الذهبي، سير أعلام النبلاء، ٣/٥٤٥-٥٤٦.

(٨) هانی کوڕی عوروە یەکێك بوو لە سەرکردەکانی شاری کوفە، وبەناوبانگترینی ئەوانە بوو کە پشتگیری حوسەینیان دەکرد، و لەتوانایدا هەبوو ٢٠هەزار شەڕکەر کۆبکاتەوە، بەڵام لەدوای کوژرانی موسلیم ئەویش کوژرا لەلایەن ئیبن زیادی والی کوفە، بێ ئەوەی کەس لەسەری بەوەڵام بێت، بڕوانە: الصلابي، الدولة الأموية، ١/٤٧١-٤٧٢.

(٩) الشيباني، مواقف المعارضة في عهد يزيد بن معاوية، ص٢٩٠ ؛ الصلابي، الدولة الأموية، ١/٤٦٠.

لەگەڵ گەیشتنی موسلیم بۆ شاری کوفە یەکسەر شیعەکان لەدەوری کۆبونەوەو ژمارەیەکی یەکجار زۆری خەڵك بەیعەتیان پێدا، ولەسەرچاوەکانیشدا ڕاوبۆچوونی جیاواز هەیە دەربارەی ژمارەی بەیعەتدەرەکان، هەندێ دەڵێن (١٢هەزار) بەیعەتدەربوون[١٠]، هەندێکی دیکە بە(١٨ هەزار)[١١]، یان (٣٠ هەزار)[١٢]، یان (٤٠ هەزار) هەژماریان کردوون[١٣]، تەنانەت هەندێ لەسەرچاوە شیعیەکان دەڵێن(٨٠ هەزار) کەس بەیعەتی پێداوە[١٤].

بەیعەتدانی ٤٠ هەزار یان ٨٠ هەزار کەس لەڕاستیەوە دوورەو زیادەڕەوی زۆری تێداکراوە، چونکە ناگونجێ ئەو هەموو خەڵکە بەیعەتیان پێدابێت کەچی والی شارەکە بەشوێنی موسلیمی نەزانیبێ! بەڵام ١٢ هەزار یان ١٨ هەزار بەیعەتدەرەکە نزیکترن لەڕاستیەوە، هەرچۆنێك بێت ژمارەیەکی زۆری خەڵکی کوفە لە لایەنگرانی حوسەین بەیعەتیان بە موسلیم داوە، بۆیە کاتی موسلیم ئەمەی

---

(١٠) ابن الجوزي، المنتظم في تاريخ الملوك والأمم، ٣٢٥/٥ ؛ الصلابي، عصر الدولتين الأموية والعباسية، (عمان، ١٩٩٨م)، ص٢٥.

(١١) ابن مسكويه، تجارب الأمم وتعاقب الهمم، ٢٩/٢ ؛ النويري، نهاية الأرب في فنون الأدب، ٢٥٤/٢٠.

(١٢) أبي الفداء، المختصر في أخبار البشر، ١٨٩/١ ؛ ابن خلدون، تاريخ ابن خلدون، ٢٩/٣.

(١٣) عبدالله بن عبدالعزيز، من قتل الحسين، ص٣٠.

(١٤) أبي مخنف، مقتل الحسين، ص٣٣ ؛ ايةالله الزنجاني، عقائد الأمامية الاثنى عشرية، ١٥٠/١.

بینی یەکسەر نامەیەکی بۆ حوسەین نارد وتیاید نووسی((١٠٠ هەزار شمشێرت لەگەڵدایە))[١].

شیعەکان ئەوەندە هاتوچۆی لای موسلیمیان دەکرد تا شوێنەکەی ئاشکرابوو، هەواڵەکەش گەیشتەوە بە والی کوفە(نوعمانی کوڕی بەشیر)، ئەویش لەبەر ئەوەی کەسێکی هێمن و خۆپارێز بووەو حەزی بەئاشتی دەکرد، بۆیە خەڵکی کۆکردەوەو چووە سەر مینبەرو ووتارێکی بۆ دان، و داوای لێکردن خۆیان بەدوور بگرن لە ئاژاوەنانەوە، و پێی گوتن من تەنیا شەڕ لەگەڵ ئەو کەسانە دەکەم کە شەڕم لەگەڵدا بکەن[٢]، هەرچەندە لە ووتارەکەیدا کەمێ هەڕەشەی کرد، بەڵام بەگشتی نەرمی نواندنێکی زۆری تێدا بەدی دەکرا، بۆیە کەسێك لەهاوپەیمانانی ئومەوی لەکوفە بەناوی(عبدالله کوڕی موسلیمی کوڕی سەعیدی حەزرەمی) لێی هەڵسایەوەو پێی گووت:ئەم ئاژاوەیە تەنیا بەتوندو تیژی چارەسەر دەبێ بەڵام هەڵوێستی تۆ بۆچونی پیاوی لاوازە، ئینجا ئەم پیاوەو چەندین کەسی تر هەڵسان بەنامە ناردن بۆ(یەزید) و لەم هەواڵە ئاگاداریان کردەوە[٣].

---

(١) إحسان إلهي ظهير، الشيعة وأهل البيت، ص٢٨١.

(٢) الكوفي، كتاب الفتوح، ٣٤/٥-٣٥ ؛ ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٢٠٣٩/٦-٢٠٤٠.

(٣) الطبري، تاريخ الطبري، ٣٥٦/٥ ؛ ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٢٠٤٠/٦.

دوای ئاگاداربوونەوەی یەزید لە بارودۆخی کوفە بەپرس و ڕاوێژکردن لەگەڵ(سێرجۆن[٤])ی کارگوزاری موعاویە، هەڵسا بەدانانی(ئیبن زیاد)بە والی شاری کوفە وبەصرە، و لەنامەیەکدا ئەمەی بەئیبن زیاد ڕاگەیاند وداوای لێکرد بچێتە کوفە و موسلیم دەستگیربکات ودووری بخاتەوە بۆ شوێنێکی دوور یان بیکوژێت[٥].

ئەمەش دەرفەتێکی زۆر باش بوو بۆ ئیبن زیاد تاپێگەی خۆی بەهێزتربکات، چونکە پێشی ئەمە(یەزید) زۆری ڕق لە ئیبن زیاد بوو، دەیویست لە ویلایەتی بەصرەش لایبدات وهیچی لەژێردەستدا نەهێڵێ[٦]، بۆیە ئیبن زیاد بەوپەڕی توندوتیژی وستەمکاری ڕەفتاری کرد بەرامبەر هەر جموجۆڵێکی حوسەین ولایەنگرانی، و لە یەکەم هەنگاویشیدا دەرکەوت کە ئەو زمانی ئاشتی نازانێ، ئەویش ئەوەبوو کە (حوسەین)نێردراوێکی ناردبوو بۆ بەصرە وداوای لێکردن پشتگیری لێ بکەن، بەڵام ئیبن زیاد نێردراوەکەی گرت ویەکسەر کوشتی، پاشان لە ووتارێکیدا بۆ خەڵکی بەصرە هەڕەشەی توندی

---

(٤) سێرجۆن کوڕی مەنصوری ڕۆمیە، کارگوزارو ڕاوێژکاری تایبەتی موعاویە بووەو، لەسەردەمی موعاویە ویەزید وعبدالملك پلەی نووسەری هەبووە، و بەبنەچە مەسیحی بووەو پاشان موسڵمان بووە، بڕوانە: الشيباني، مواقف المعارضة في عهد يزيد بن معاوية، ص٣٠٩.

(٥) الطبري، تاريخ الطبري، ٥/٣٥٦-٣٥٧ ؛ ابن كثير، البداية والنهاية، ١١/١٥٧-١٥٨.

(٦) ابن كثير، البداية والنهاية، ١١/١٥٧.

لێکردن لە هەر کارێکی نەخوازراو، (عوسمان)ی برایشی لەشوێنی خۆی دانا لە بەصره[٧].

ئینجا ئیبن زیاد ڕووی کردە شاری کوفەو دەسەڵاتی شارەکەی گرتە دەست، لەووتارێکیشدا بە خەڵکی شارەکەی ڕاگەیاند کە ئەو کراوەتە والی کوفە، و بەرامبەر گوێڕایەڵەکان وەك باوك وبرا دەبێت و بەرامبەر یاخیبوانیش دەبێتە شمشێرو قامچی[١].

کاتێ موسلیم ئەم هەواڵەی پێگەیشتەوە یەکسەر ڕووی کردە ماڵی(هانی کوڕی عوروە)و ئەویش بەناچاری و بەنادڵی پەنایدەو شیعەکانیش دەستیانکرد بە هاتووچۆکردن بۆ ماڵی هانی[٢]، لەلایەن خۆیشیەوە ئیبن زیاد کۆیەلەیەکی خۆی بەناوی(معقل)ڕاسپارد بۆ سیخوڕی کردن وئاشکراکردنی شوێنی موسلیم، بۆ ئەمەش (٣هەزار)درهەمی پێدا بۆئەوەی خۆی وەك لایەنگری حوسەین پیشان بدات وئەم پارەیەش وەك هاوکاری خۆی پێشکەش بکات[٣]، بۆ ئەوەی بتوانێ متمانە دروست بکات لای موسلیم.

---

(٧) الدينوري، الأخبار الطوال، ص ص ٢٣١-٢٣٢ ؛ ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٢٠٤١/٦.

(١) الدينوري، الأخبار الطوال، ص ص٢٣٢-٢٣٣ ؛ محمد الخضري، دەوڵەتی ئەمەوی، ل ٦١.

(٢) الطبري، تاريخ الطبري، ٣٦٢/٥ ؛ ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٢٠٤٣/٦.

(٣) الطبري، تاريخ الطبري، ٣٦٢/٥ ؛ المفيد، الارشاد، ٤٥/٢.

بەمەش توانی شوێنی موسلیم ئاشکرابکات کە لەماڵی(هانی) بوو، بۆیە ئیبن زیاد بەفێڵێك بانگی(هانی) کرد بۆ کۆشکی خۆی، و کاتێ هانی هات ئیبن زیاد سەرزەنشتی کرد لەسەر گلدانەووەی موسلیم وداوای لێکرد کە تەسلیمی بکات، بەڵام هانی بەتوندی ڕەتی کردەوە موسلیمی تەسلیم بکات[٤]، بۆیە کەوتنە لێدان وکوتانی وبەسەختی بریندایان کردو لەماڵێکدا بەندیان کرد[٥].

کە هەواڵی داکاری کردنی هانی لەلایەن ئیبن زیادەوە گەیشتەوە بە موسلیم، موسلیم هەستی کرد تازە کار لە کار ترازا، بۆیە بڕیاریدا ڕووبەڕووی ئیبن زیاد ببێتەوەو لەناو هاوەڵانیدا دروشمی نهێنی شەڕی ڕاگەیاند کە بریتی بوو لە(یامنصور أمت)واتە ئەی سەرکەوتوو بمرێنە، بەمەش یەکسەر(٤هەزار)کەس لەدەوەری موسلیم کۆبوونەوە، و ئەویش بێ دواکەوتن هەڵسا بەگەمارۆدانی کۆشکی ئیبن زیاد، لەو کاتەشدا جگە لە(٣٠)پاسەوان و(٢٠)کەس لەسەرکردەکانی کوفە هیچ کەسی تر لەناو کۆشکدا نەبوو لەگەڵ ئیبن زیاد[٦]، بەڵام ئیبن زیاد زۆر زیرەکانە توانی سوود لەم سەرگردانە وەربگرێ وهەندێکی بەسەروەت وسامان هەڵخەڵەتاند وهەندێکی تری بەسوپای شام ترساند، بۆیە سەرکردە کوفیەکان

---

[٤] ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٢٠٤٦/٦-٢٠٤٧.

[٥] المسعودي، مروج الذهب ومعادن الجوهر، ٢٥٢/٣ ؛ الكوفي، كتاب الفتوح، ٤٧/٥-٤٨.

[٦] المفيد، الارشاد، ٥٢/٢-٥٣ ؛ ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٢٠٤٩/٦.

هاتنە دەرەوەو ئەندامانی هۆزەکەی خۆیان بردەوە تا وای لێهات هەر کەسەو دەهات کوڕو باوك و برای خۆی دەبردەوە[٧].

ڕەنگە بەڕووکەش وادەربکەوێت کە کۆبوونەوەی(٤هەزار)شەڕکەر لەدەوری موسلیم بەرامبەر(٣٠)پاسەوانی ئیبن زیاد سەرکەوتن بەلای موسلیمدا بێت، بەلام لەڕاستیدا ئەمە یەکەم ئاماژەبوو بۆ شکستی موسلیم، چونکە لە کۆی ئەو هەموو بەیعەتدەرەی کوفە(کە بە ١٢هەزار تا ٨٠ هەزار هەژمارکراون لەسەرچاوەکاندا)، تەنیا(٤هەزار)کەس ئامادەبوون لەپاڵ ئەودا شەڕبکەن؛وەنەبێ ئەو چوار هەزارەش دڵسۆزو چوست وچالاك بن، بەڵکو ئەوانیش هیچیان باشتر نەبوو لەوانەی ترو یەك لەدوای یەك پشتیان بەرداو ڕۆیشتن، هیچ شەرمێکیان نەکرد لەوەی کە ئەم پیاوە غەریبەیان پەلکێشکردووە بۆ لای خۆیان وبۆ شەڕ هانیانداوە، کەچی ئێستا بەتەنیا جێی دەهێڵن بەرامبەر دوژمنێکی دڵڕەقی ستەمکار.

هەروەك لەسەرچاوەکاندا ئاماژە کراوە هەر لەهەمان ئەو ڕۆژەی کە(٤هەزار)شەڕکەری کوفی لەدەوری موسلیم کۆبوونەوە، تاگەیشتنە ئێوارە تەنیا(٣٠)کەسی لەگەڵدا مایەوە؛دوای ئەوەی نوێژی مەغریبی بۆ کردن وڕووی کردە دەروازەی(کیندە)لە کوفە تەنیا(١٠)کەسی لەگەڵدا مایەوە، کە لەدەروازەکە تێپەڕی تەنانەت یەك کەسیشی لەگەڵدا نەمایەوە تا کۆڵانەکانی پێ پیشان بدات؛موسلیم بەتاك و

---

(٧) الخميس، دەمێك لەمێژووی ئیسلام، ل٢٦٥ ؛ الصلابي، الدولة الأموية، ٤٦٩/١.

تەنیا مایەوەو سەرگەردان ببوو نەیدەزانی چی بکات و بۆ کوێ بچێت!![1]

پاشان موسلیم لەدەرگای ماڵێکیدا تا خۆی تیادا حەشاربدات ولەماڵی ژنێکدا مایەوە بەناوی(تەوعە)، ئەو شەوە موسلیم زۆر دڵشکاوبوو بەردەوام دەیگوت ئەم خەڵکە درۆیان لەگەڵ کردم وفریویاندام، پاشان هەر کوڕی ئەو ژنە بەناوی(بیلالی کوڕی ئەسید) هەواڵی بە(ئیبن زیاد)دا کە موسلیم لەماڵی ئەوانە!![2]

دوای ئاشکرابوونی شوێنی موسلیم یەکسەر ئیبن زیاد(٧٠)شەڕکەری نارد بۆ دەستگیرکردنی، و سەربازەکان گەمارۆی ماڵەکەیاندا و هێرشیان کردە سەری، موسلیمیش شەڕێکی زۆر دلێرانەی کرد وبەتەنیا توانی سێ جار سەربازەکان لەماڵەکە بکاتە دەرەوە، بۆیە ناچاربوون ماڵەکەیان ئاگر تێبەرداو موسلیمیان بریندارکرد تا وای لێهات توانای شەڕکردنی نەما، ئینجا سەربازەکانی ئیبن زیاد پەیمانیان پێدا کە ئەگەر خۆی بەدەستەوەبدات سەلامەت دەبێ ونایکوژن بۆیە موسلیم خۆی بەدەستەوەدا[3]، بەڵام سەربازەکان خیانەتیان کرد لە پەیمانەکەیان و بردیانە لای ئیبن زیاد، و هەردووکیان لەگەڵ یەکتری کەوتنە شەڕەقسەیەکی توندو دوای

---

[1] الطبري، تاريخ الطبري، ٣٧١/٥ ؛ المفيد، الارشاد، ٥٤/٢ ؛ ابن كثير، البداية والنهاية، ١٦٠/١١.

[2] ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٦/٢٠٥٠-٢٠٥١.

[3] هەمان سەرچاوە، ٦/٢٠٥١-٢٠٥٢ ؛ ابن كثير، البداية والنهاية، ١١/١٦٠-١٦١.

ئەوەی موسلیم زانی دەیکوژن وەسیەتی کرد کە نێردراوێك بنێرنە لای حوسەین ولەم هەواڵانە ئاگاداری بکەنەوەو پێی بڵێن خەڵکی کوفە خیانەتیان لێی کردووەو بابگەڕێتەوەو نەیەتە کوفە، ئینجا بەفەرمانی ئیبن زیاد موسلیمیان بردە سەرەوەی قەڵایەك تا بیکوژن، موسلیمیش لەبەر خۆیەوە دەیگوت((خودایە خۆت حوکم بکە لەنێوان ئێمەو گەلێکدا کە درۆیان لەگەڵ کردین وفریویاندین))، ئینجا موسلیمیان کوشت و لەسەرووی کۆشکەوە فڕێیاندایە خوارەوە[٤]، ئەم ڕووداوەش لە بەرواری ٩/ذي الحجة/٦٠ك-٦٧٩ز بوو[٥].

دوای کوشتنی موسلیم، ئیبن زیاد هەڵسا بەکوشتنی(هانی کوڕی عوروە)[٦]، ئینجا سەری (موسلیم و هانی)نارد بۆلای خەلیفە(یەزید)، و ئەویش بەمە خۆشحاڵ بوو لەنامەیەکیشدا دەستخۆشی لێکرد[٧].

---

(٤) ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٢٠٥٣/٦-٢٠٥٥ ؛ الصلابي، الدولة الأموية، ٤٧٠/١-٤٧١.

(٥) ابن كثير، البداية والنهاية، ١٦٣/١١.

(٦) الكوفي، كتاب الفتوح، ٦١/٥.

(٧) ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٢٠٥٥/٦.

- تەوەرەی چوارەم / دەرچوونی حوسەین بەرەو عێراق و هەڵوێست لەبەرامبەریدا:

هاوکات لەگەڵ ڕووداوەکانی کوژرانی موسلیم وناپاکی کوفیەکان حوسەین بڕیاریدا بەرەو کوفە بەڕێ بکەوێ، چونکە لەلایەك ئاگاداری ئەو ڕووداوانە نەبوو، لەلایەکی ترەوە نامەیەکی موسلیمی بۆ هاتبوو[1]، کە بەر لەکوژرانی بە ٢٧ ڕۆژ و لەسەرەتای گەیشتنی بۆ کوفە بۆی ناردبوو کە تیایدا نوسیبوو((پێشەوا کەسی خۆی بەدرۆ ناخاتەوە، هەموو خەڵکی کوفە لەگەڵتدان و هەر کە ئەم نامەیەت خوێندەوە یەکسەر وەرە لامان))[2].

لەڕاستیدا ئەم بڕیارەی حوسەین بەدڵی هاوەڵان و کەسایەتیە دیارەکانی موسڵمانان نەبوو، چونکە ئەوان چاك ئاگاداری پێشینەی خراپی خەڵکی عێراق بوون، بۆیە هیچ کەس لەگەورە پیاوانی ئەهلی بەیت وهاوەڵانی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) لەگەڵیدا دەرنەچوون[3]، و ئەوان دەیانزانی خەڵکی عێراق خەڵکانێکی ئاژاوەگێڕو سپڵەن وەهی ئەوە نین بۆ کارێکی وا گرنگ پشتیان پێ ببەسترێ، بۆیە زۆر تکایان لە حوسەینیش کرد تا دەرنەچێت بۆ عێراق وپەشیمان ببێتەوە،

---

(1) ابن كثير، البداية والنهاية، ١٦٤/١١.

(2) الطبري، تاريخ الطبري، ٣٩٥/٥ ؛ الشيباني، مواقف المعارضة في عهد يزيد بن معاوية، ص٣٣١.

(3) الخليفة، ريحانة النبي الحسين بن علي، ص٥٥.

لەگرنگترین ئەو کەسایەتیانەش کە داوایانکرد نەچێتە عێراق ئەمانەبوون:

عومەری کوڕی عبدالرحمانی کوڕی حارس کە یەکێك بوو لەخزمەکانی، دوای ئەوەی زۆر ئامۆژگاری کرد تا نەچێتە عێراق بەحوسەینی گووت((خەڵکی کۆیلەی زێڕو زیون، و من دڵنیام ئەو کەسانە شەڕت لەگەڵدا دەکەن کە موژدەی هاوکاریان پێداوی))[4].

ئیبن عەبباس، لە هەمووان زیاتر تکای لە حوسەین دەکرد ولێی دەپاڕایەوە تا دەرنەچێ، تەنانەت سێ جاران هاتە لای و بەکوڵ بۆی دەگریا وئامۆژگاری دەکرد کە نەچێتە عێراق وپێی گووت((من دەترسم ئەوان فریوت بدەن و درۆت لەگەڵدا بکەن، و هێرشت بکەنە سەرو لەهەموو کەسێك زیاتر توندبن لەگەڵتا......خەڵکی عێراق کەسانی خراپ وستەمکارن ونزیکیان مەبەوە...))، هەروەها پێشنیاری ئەوەی بۆ کرد کە ئەگەر هەر دەیەوێت لە دەسەڵاتی یەزید دەربچێ ئەوا بابچێتە وولاتی یەمەن، بەڵام ئەمانە هیچ سوودێکی نەبوو!بۆیە داوای لەحوسەین کرد کەژن ومنداڵەکانی لەگەڵ خۆیدا نەبات، نەبادا وەکو عوسمان (ڕەزای خوای لێبێ) بکوژرێت و ژن ومنداڵەکانیشی سەیری بکەن[5].

---

[4] البلاذري، أنساب الأشراف، ٣٧٣/٣ ؛ ابن مسكويه، تجارب الأمم وتعاقب الهمم ٣٤/٢-٣٥.

[5] البلاذري، أنساب الأشراف، ٣٧٣/٣-٣٧٤ ؛ المسعودي، مروج الذهب ومعادن الجوهر، ٢٤٩/٣ ؛ ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٢٠٥٦/٦-٢٠٥٨.

عبدالله کوڕی زوبێر، بەحوسەینی گووت((بۆ کوێ دەچی؟ بۆلای گەلێك کە باوکتیان کوشت وپەلاماری براکەتیاندا؟!حوسەین گووتی: لەوێ بکوژرێم پێم باشترە لەوەی بەهۆی منەوە حورمەتی مەککە بشکێت))[6].

عبدالله کوڕی عومەر، کاتێ زانی حوسەین بەرەو عێراق دەرچووە، بەدووری دوو شەوە ڕێ ڕۆیشت و خۆی گەیاندێ وتکای زۆری لێکرد تاوەکو بگەڕێتەوە، بەڵام حوسەین سووربوو لەسەر چوونی بۆ کوفە، بۆیە عبدالله دەستی لە ملی کردو زۆر بۆی گریاو ماڵئاوایی لێکردو جێی هێشت[1].

جگە لەمانە چەندان کەسی تر لەهاوەڵان ودڵسۆزانی ئەهلی بەیت داوایان لەحوسەین کرد خۆی بەدووربگرێ لەدەرچوون بەرەو عێراق، بەڵام ئەمانە هەمووی بێ سوود بوو چونکە حوسەین ئامانجێکی گەورەی هەبوو کە بریتی بوو لە گۆڕینی ئەو بارودۆخە سیاسیەو لادانی یەزید لەسەر دەسەڵات، بۆئەمەش هیچ شتێك نەیتوانی ڕێگای لێبگرێت وپاشگەزی بکاتەوە.

سەرەنجام لەبەرواری ٨/ذی الحجە/٦٠ك-٦٧٩ز لەشاری مەککە دەرچوو، ئەمەش یەك ڕۆژ بەر لە کوژرانی موسلیم بوو[2]، لەگەڵ

---

(٦) الذهبي، سير أعلام النبلاء، ٢٩٣/٣ ؛ ابن كثير، البداية والنهاية، ١٦٦/١١.

(١) الذهبي، سير أعلام النبلاء، ٢٩٢/٣ ؛ مجدي فتحي، تاريخ الاسلام والمسلمين في عصر الأموي، ص ص٨٠-٨١.

(٢) البلاذري، أنساب الأشراف، ٣٧١/٣ ؛ الطبري، تاريخ الطبري، ٣٨١/٥.

خۆیشیدا ژن ومنداڵ وهەندێ لە ئەندامانی بنەماڵەکەی و شوێنکەوتووەکانی برد، کە(٨٢)پیاوی لەگەڵدابوو[٣]، کاتێ کوڕەمامەکەی(عبدالله کوڕی جەعفەر)بەمەی زانی یەکسەر نامەیەکی خۆی ونامەیەکی والی شاری مەککەی بۆ ناردو، تیایدا داوای لێکرد بگەڕێتەوەو پەیمانیشی بۆ وەرگرت لە والی مەککە کە سەلامەت دەبێت[٤]، بەڵام حوسەین نەگەڕایەوەو گوتی من لە خەونمدا پێغەمبەرم بینیووە (صلى الله عليه وسلم) و ئەو منی بۆ کارێک ناردووەو ئەمەش بەکەس ناڵێم[٥]، ئینجا بەردەوام بوو لەپێشڕەوی کردن بەرەو عێراق.

دوای ئەوەی(یەزیدی کوڕی موعاویە)ئاگادار بۆوە لەهەواڵی دەرچوونی حوسەین، هەڵسا بە نامەناردن بۆ(ئیبن عەبباس) و داوای لێکرد ئامۆژگاری حوسەین بکات و دووریبخاتەوە لە ئاژاوە نانەوە[٦]، پاشان نامەیەکی نارد بۆ (ئیبن زیاد)ی والی کوفە، و دەربارەی ناوەڕۆکی نامەکەش لەسەرچاوەکاندا جیاوازی هەیە، بۆ نمونە

---

[٣] الكوفي، كتاب الفتوح، ٦٩/٥.

[٤] الطبري، تاريخ الطبري، ٣٨٧/٥-٣٨٨ ؛ محمود شاكر، التاريخ الاسلامي، ١٢٥/٤.

[٥] الطبري، تاريخ الطبري، ٣٨٨/٥.

[٦] الذهبي، سير أعلام النبلاء، ٣٠٤/٣ ؛ الشيباني، مواقف المعارضة في عهد يزيد بن معاوية، ص٣٠٥ ؛ الصلابي، الدولة الأموية، ٤٦٥/١.

مێژوونوس(یەعقوبی[٧]) پێی وایە ناوەڕۆکی نامەکە بەم شێوەیە بووە((پێم گەیشتووە خەڵکی کوفە نامەیان ناردووە بۆ حوسەین تابچێتە لایان، ئەویش لە مەککەوە دەرچووە بۆ لای ئەوان، بەڕاستی وولاتی تۆ تووشی ئەم تاقیکردنەوەیە بووە لەنێو هەموو وولاتاندا، و سەردەمی تۆ لەنێو هەموو سەردەمەکاندا، جا ئەگەر کوشتت باشە ئەگەرنا دەگەڕێیتەوە بۆ ڕەچەڵەکی باوکت و دەبیتەوە بە کۆیلە، ووریا بە لەدەستت دەرنەچێت))[٨].

بەپێی ئەم ڕیوایەتە بێت یەزید ڕاستەوخۆ فەرمانی کردووە بەکوشتنی حوسەین، بەڵام لەسەرچاوەکانی تردا ناوەڕۆکی نامەکە بەم شێوەیە نەهاتووە، و زۆرینەی سەرچاوەکان کە دەقی نامەکەیان خستۆتەڕوو باسی کوشتنی تێدانیە، و یەزید تەنیا فەرمانی پێدەکات ڕووبەڕووی بێتەوەو ڕێگای لێبگرێت بچێتە کوفە، ئەگەر وایکرد باشە ئەگەرنا ئیبن زیاد دەکاتەوە بەکۆیلە[١]، تەنانەت لەزۆرێك سەرچاوەدا هاتووە هەرچەندە یەزید فەرمانی کردووە بە ئیبن زیاد کە ڕێوشوێنی توند بگرێتەبەر، بەڵام داوای لێکردووە شەڕ لەگەڵ

---

[٧] یەعقوبی مێژوونوسێکی ناوداری موسڵمانە، ولەساڵی ٢٩٢ك مردووە، بەڵام ناوبراو لایەنگری شیعەکانەو لەنووسینەکانیشیدا ئەمە بەڕوونی دەردەکەوێت.

[٨] تاريخ اليعقوبي، ٢٤٢/٢.

[١] الزبيري، نسب قريش، ١٢٧/٤-١٢٨ ؛ الطبراني، المعجم الكبير، ١١٥/٣ ؛ ابن منظور، مختصر تاريخ دمشق، ١٤٥/٧ ؛ الذهبي، سير أعلام النبلاء، ٣٠٥/٣ ؛ ابن كثير، البداية والنهاية، ١٧١/١١.

حوسەین نەکات و دەست پێشخەرنەبێ بۆ شەڕ مەگەر حوسەین دەست بەشەڕ بکات[٢].

لەڕاستیدا لەسەرچاوە مێژووییەکان بەڕوونی نەچەسپاوە کە ئایا یەزید فەرمانی کردووە بەکوشتنی حوسەین یان نا، بەڵام لەزۆرینەی سەرچاوەکان وادەردەکەوێت کە ئەو فەرمانی کوشتنی نەداوەو لەنامەکەشدا باسی کوشتنی حوسەینی نەکردووە، بەڵام هەرچۆنێک بێت بەو پێیەی یەزید بەرپرسی یەکەمی دەوڵەت بووە بەرپرسیارێتیەکی گەورەی کوژرانی حوسەینی دەکەوێتە ئەستۆ.

- تەوەرەی پێنجەم / هەنگاوەکانی والی کوفە(ئیبن زیاد) بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی حوسەین:

بەپێی ڕێنماییەکانی یەزید، والی شاری کوفە(ئیبن زیاد) دەستی کرد بە هەنگاونان بۆ ئەوەی نەهێڵێت حوسەین بێتە کوفە، لە یەکەم هەنگاویشیدا هەڵسا بەناردنی سوپایەك بۆ ناوچەی(قادسیە[٣])بەسەرۆکایەتی سەرکردەی پاسەوانەکانی

---

[٢] الدینوري، الأخبار الطوال، ص٢٤٢ ؛ ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٢٠٥٥/٦ ؛ ابن کثیر، البدایة والنهایة، ١٧١/١١ ؛ طقوش، پوختەی مێژووی ئیسلامی، ل١٢٨ ؛ عبدالمنعم الهاشمي، موسوعة تاریخ العرب، ١٨/٣.

[٣] قادسیە: ١٥ فەرسەخ دوورە لەشاری کوفە(دەکەوێتە وڵاتی عێراق)، شەڕی بەناوبانگی قادسیە لەوێدا ڕوویدا بەسەرۆکایەتی سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص لەساڵی ١٦ك، بڕوانە: یاقوت الحموي، معجم البلدان، ٢٩١/٤.

خۆی(حوسەینی کوڕی نومەیر)[٤]، ژمارەی ئەو سوپایەش(٤هەزار)کەس بوون لە خەڵکی کوفە[٥].

کاتێك حوسەین گەیشتە ناوچەی(الحاجر[٦])نامەیەکی نارد بۆ خەڵکی کوفە لەڕێگای(قەیسی کوڕی موصەهری صەیداوی)کە تیایدا مژدەی گەیشتنی نوسیبوو، چونکە حوسەین هێشتا ئاگاداری کوژرانی موسلیم وناپاکی کوفیەکان نەبوو، هەروەها هەڵسا بەناردنی(عبدالله کوڕی بوقتر[١])بۆ لای(موسلیمی کوڕی عەقیل)و وایدەزانی هێشتا موسلیم زیندووە، بەڵام هەردوو نێردراوەکە لەلایەن(حوصەینی کوڕی نومەیر)دەستگیرکران و نێردران بۆلای(ئیبن زیاد)، ئەویش بەشێوەیەکی دڕندانە هەردووکیانی کوشت[٢].

---

[٤] ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٢٠٦٠/٦.

[٥] الدينوري، الأخبار الطوال، ص٢٤٣.

[٦] الحاجر یان الحاجز ناوچەیەکە لەسەر ڕێگای مەککەو عێراق، بڕوانە: جواد محدثي، موسوعة عاشوراء، ص١٢٨.

[١] عبدالله کوڕی بوقتر، یەکێك بوو لەهاوەڵانی حوسەین و سێ ڕۆژ پێش حوسەین لەدایك بووەو باوکیشی یەکێك بوو لەخزمەتکارەکانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)، بڕوانە: جواد محدثي، موسوعة عاشوراء، ص٣٠٤.

[٢] البلاذري، أنساب الأشراف، ٣٧٨/٣-٣٧٩ ؛ ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٢٠٦٠/٦-٢٠٦٢.

پاشان کە حوسەین گەیشتە ناوچەی(زبالە[٣]) یان (شراف[٤]) سەرجەم ئەو زانیاریە گرنگانەی پێگەیشت کە لێی بێ ئاگابوو، وەك کوژرانی(موسلیم وهانی وعبداللە کوڕی بوقتر)[٥]، لە هەموو ئەمانەش گرنگتر هاتنی پەیك و وەسیەتەکەی(موسلیم)بوو، کە بەر لە کوژرانی وەسیەتی کردبوو بە حوسەین ڕابگەیەنن((با لەگەڵ بنەماڵەکەی بگەڕێتەوەو خەڵکی کوفە فریوی نەدەن، چونکە ئەمانە هاوڕێی باوکی بوون عەلی (ڕەزای خوای لێبێ) کە خۆزگەی دەخواست لێیان جیابێتەوە تەنانەت بەمردن و کوژرانیش بێت، بەڕاستی خەڵکی کوفە درۆیان لەگەڵدا کردی ودرۆیان لەگەڵ منیشدا کرد، و درۆزنیش هیچ بۆچونێکی بۆنیە))[٦]، ئەمە دەقی وەسیەتەکەی موسلیم بوو بۆ حوسەین.

دوای گەیشتنی ئەم هەواڵە جەرگبڕانە حوسەین خەریك بوو بگەڕێتەوە، بەلام کوڕانی عەقیل بەهۆی کوژرانی براکەیان ڕازی نەبوون، بۆیە بڕیاریدا بەرەو کوفە بڕوات[٧]، هاوکات حوسەین

---

(٣) زبالە: ناوچەیەکی ناسراوو ئاوەدانە و دەکەوێتە نێوان مەککەو کوفە، بڕوانە: یاقوت الحموي، معجم البلدان، ١٢٩/٣.

(٤) شراف: ناوچەیەکە لەنێوان مەککەو کوفە، و ئاو و داری زۆری تێدایە، بڕوانە: جواد محدثي، موسوعة عاشوراء، ص٢٥٣.

(٥) الشيباني، مواقف المعارضة في عهد يزيد بن معاوية، ص٣٣٦.

(٦) الطبري، تاريخ الطبري، ٣٧٥/٥ ؛ الشيباني، مواقف المعارضة في عهد يزيد بن معاوية، ص ص ٣٣٦-٣٣٧.

(٧) ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٢٠٦١/٦-٢٠٦٢.

هەوڵیدا تەنیا کەسە نزیك ودڵسۆزەکانی لەگەڵیدا بمێننەوە، چونکە پێشتر دەگەیشتە هەر ناوچەیەك کۆمەڵێ کەس دەچوونە پاڵی و وایاندەزانی ئەو دەچێتە شوێنێك کە ملکەچن بۆی، بۆیە حوسەین پێی گوتن لایەنگرەکانمان پشتیان تێکردوین وکێ دەیەوێت بابڕوات، بەمەش لەهەموو لایەکەوە دەورەیان چۆڵ کردو تەنیا نزیکەکانی لەگەڵیدا مانەوە[8].

ئینجا پێشڕەوی کردەوە بەرەو کوفە تاگەیشتە سوپای(حوڕی کوڕی یەزید)کە(هەزار)سەربازی لەگەڵدابوو، ئیبن زیاد فەرمانی پێکردبوو لە حوسەین جیانەبێتەوە تا دەیهێنێتە لای ئەو، حوسەینیش دووجار ووتاری بۆ سوپاکەی(حوڕی کوڕی یەزید)داو پێی ڕاگەیاندن بەهۆی نامەناردنی ئەمانەوە هاتۆتە لایان، و ئەگەریش حەز بەچارەی ناکەن ئەوا دەگەڕێتەوە بەڵام هیچ ئەنجامێکی نەبوو، حوسەین ووردە ووردە بەرەو کوفە دەڕۆیشت و سوپاکەی(حوڕ)یش بست بەبست شوێنی کەوتبوو[9]، تا لەڕۆژی ٢/موحەڕەم/٦١ك-٦٨٠ز گەیشتنە ناوچەی کەربەلا[10].

---

(٨) الطبري، تاريخ الطبري، ٣٩٨/٥-٣٩٩.

(٩) ابن مسكويه، تجارب الأمم وتعاقب الهمم، ٣٧/٢-٤٠ ؛ ابن الجوزي، المنتظم في تاريخ الملوك والأمم، ٣٣٥/٥-٣٣٦ ؛ ئيبن ئەسير، تەواوی مێژوو، ٢٠٦٥/٦-٢٠٦٦.

(١٠) الكوفي، كتاب الفتوح، ٨٣/٥.

یەك ڕۆژ لەدوای ئەمەش ئیبن زیاد هەڵسا بەناردنی سوپایەك بەسەرکردایەتی(عومەری کوڕی سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص[1])، دەربارەی ژمارەی ئەو سوپایەش کە دواتر کوشتاری حوسەین و هاوەڵەکانیان کرد ڕاوبۆچونی جیاواز هەیە لەسەرچاوەکاندا، بەڵام ڕای ڕاست و پەسەند ئەوەیە کە(٤ هەزار)کەس بوون وپێشتر ئامادەکرابوون بۆ شەڕکردن لەناوچەی(دەیلەم)[2].

جێگای ئاماژە پێدانە کە شیعەکان زێدەڕۆییەکی زۆر دەکەن دەربارەی ژمارەی ئەو سوپایە، بۆنمونە دەڵێن ژمارەیان(٣٠ هەزار، یان ٣٥ هەزار، ٥٠ هەزار، ٧٠ هەزار، ٨٠ هەزار، ١٠٠ هەزار، وزیاتریش.....)[3]هاتووە!!ئەمەش زۆر دوورە لەڕاستیەوە، و هەرگیز جێگای باوەڕنیە کە سوپایەکی ئەوەندە گەورە بچێ بۆ شەڕی سوپایەك کە ١٠٠ کەسیش نابن! لەلایەکی دیکەوە سەرچاوەکان کۆدەنگن لەسەر(٤ هەزار)سەرباز وەك لەپێشتردا ئاماژەمان پێدا، بەڵام ئەوەی سەیرە ئەوەیە کە بە دانپێداهێنانی خودی سەرچاوە

---

(١) عومەری کوڕی سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص:سەرکردەیەکی ئومەویەکان بوو، سەرکردایەتی ئەو سوپایەی کرد کە حوسەینیان کوشت، پاشانیش لەلایەنە موختاری کوڕی عەبیدی سەقەفی کوژرا، بڕوانە: الذهبي، سير أعلام النبلاء، ٣٤٩/٤-٣٥٠.

(٢) ابن مسكويه، تجارب الأمم وتعاقب الهمم، ٤٣/٢ ؛ المفيد، الارشاد، ٨٤/٢ ؛ ئيبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٢٠٧٢/٦ ؛ ابن كثير، البداية والنهاية، ١٧٩/١١.

(٣) بڕوانە: أل بحر العلوم، مقتل الإمام الحسين، ص ص٢٨٣-٢٨٤.

شیعیەکان، ئەم سوپایە سەراپا لەخەڵکی کوفە پێکهاتبوو، تەنانەت یەك کەسی حیجازی وشامی تێدانەبووە[٤].

لەسەرەتای گەیشتنی سوپاکەی (عومەری کوڕی سەعد)گفتوگۆ دەستی پێکرد لەنێوان حوسەین وئیبن سەعد، و حوسەین سێ پێشنیاری کرد ئەوانیش ئەوەبوو کەڕێگای پێ بدەن بگەڕێتەوە بەرەو حیجاز، یان بچێتە لای یەزیدو دەست بخاتە ناو دەستیەوە، یانیش ڕێگای پێ بدەن بچێتە ناوچەیەکی سنووریی تا جیهاد بکات[٥]، هەرچەندە ئەمە لەزۆربەی سەرچاوە ڕەسەنەکاندا هاتووە، بەڵام هەندێ لە توێژەران پێیان وایە ئەمە ڕاست نیەو حوسەین تەنیا پێشنیاری ئەوەی کردووە کە بگەڕێتەوە بۆ حیجاز[٦].

هەرچۆنێکی بێت گرنگ ئەوەیە عومەری کوڕی سەعد بەخۆشحاڵیەوە پێشنیارەکانی حوسەینی قبوڵکرد تاوەکو ڕزگاری بێت لەشەڕکردن لەگەڵ حوسەین، بۆیە خێرا لەنامەیەکدا ئەم پێشنیارانەی حوسەینی بە ئیبن زیاد ڕاگەیاند، تەنانەت ئیبن زیادیش لەسەرەتادا پێی ڕازی بوو، بەڵام کەسایەتی(شیمری کوڕی

---

[٤] أبي مخنف، مقتل الحسين، ص٨٠ ؛ المسعودي، مروج الذهب ومعادن الجوهر، ٢٥٧/٢.

[٥] ابن مسکویه، تجارب الأمم وتعاقب الهمم، ٤٥/٢ ؛ ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٢٠٧٤/٦ ؛ ابن کثیر، البداية والنهاية، ١٨٠/١١ ؛ ابن الوردي، تاريخ ابن الوردي، ١٦٣/١-١٦٤.

[٦] بڕوانە: محمد الخضري، دەوڵەتی ئەمەوی، ل٦٧.

ذیلجەوشەن[٧]) کەوتە هاندانی ئیبن زیاد تا نەهێڵێ حوسەین بڕوات، بەڵکو بیهێنێتە کوفە وملکەچی بکات بۆ دەسەڵاتی خۆی[١]، بەمەش ئیبن زیاد فریوی خوارد وهێندەی تر دڵڕەقی وخۆبەزلزانی بەسەردا زاڵ بوو، بۆیە لەڕێگای(شیمر)ەوە نامەیەکی بۆ(عومەری کوڕی سەعد)ناردو فەرمانی پێکرد حوسەین ملکەچ بکات بۆ دەسەڵات وفەرمانەکانی، ئەگەرنا بیکوژێت، فەرمانیشی بە(شیمر)کرد ئەگەر عومەری کوڕی سەعد فەرمانەکانی جێبەجێ نەکرد ئەوا بیکوژێت وخۆی ببێتە سەرکردەی سوپاکە، سەرەنجام دوای گەیشتنی(شیمر)بەنامەکەوە عومەر بەنادڵی و لەژێر فشارو هەڕەشەی ئیبن زیاد بڕیاریدا شەڕ لەگەڵ حوسەین وهاوەڵەکانیدا بکات، ئەمەش لەبەرواری ٩/موحەڕەم/٦١ک-٦٨٠ز بوو[٢].

---

[٧] شیمری کوڕی ذیلجەوشەن:یەکێك بوو لەسەرکردەکانی سوپای کوفە کەشەڕیان لەگەڵ حوسەینداکردو کوشتیان، شیمر کەسێکی ئازاو دڵڕەق بووەو لەسەرکردەکانی هۆزی هەوازن بوو، شیمر شیعەبووەو لەشەڕی(صفین)یشدا لەڕیزی سوپای عەلی بوو (رەزای خوای لێبێ) هەرئەویش بوو سەری حوسەینی بڕی، و سەربازانی هاندەدا بۆ کوشتاری ئەهلی بەیت، بڕوانە: جواد محدثي، موسوعة عاشوراء، ص٢٦٦-٢٦٧.

[١] ابن مسكويه، تجارب الأمم وتعاقب الهمم، ٢/٤٤-٤٥ ؛ ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٢٠٧٥/٦ ؛ الخميس، دەمێك لەمێژووی ئیسلام، ل٢٧٢.

[٢] ابن الجوزي، المنتظم في تاريخ الملوك والأمم، ٣٣٦/٥-٣٣٧ ؛ ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٢٠٧٥/٦.

بەم شێوەیە ئازایەتی ومەردایەتی حوسەین و ملکەچ نەبوونی بۆ ستەمکارێکی گەمژەی وەك ئیبن زیاد لەلایەك، و خۆبەزلزانی و دڵڕەقی ئیبن زیاد و شیمری کوڕی ذیلجەوشەن بەرامبەر حوسەین لەلایەکی دیکەوە، بوونە هۆی ئەوەی بەیانی کارەساتێکی مێژوویی ئەوتۆ ڕووبدات کە تا ئێستاش زامی قوڵی سارێژ نەبووە.

- تەوەرەی شەشەم / کارەساتی(الطف)و شەهیدبوونی حوسەین و هاوەڵانی:

دوای گەیشتنی نامەکەی ئیبن زیاد بۆلای(عومەری کوڕی سەعد)و سەرپشککردنی حوسەین لەنێوان شەڕو ملکەچ بوون بۆ دەسەڵاتی ئیبن زیاد، حوسەین داوای مۆڵەتی لێکردن تابیری لێ بکاتەوە[3]، وادیارە حوسەین هەرگیز ئامادە نەبوو بچێتە ژێر دەسەڵاتی ستەمکارێکی وەك ئیبن زیاد، بۆیە ئەم شەوە ئەوەی یەکلا کردەوە کە ملکەچی فەرمانی ئیبن زیاد نابێت، و لە ووتارێکیشیدا بۆ بنەماڵەکەی و هاوەڵەکانی هەموویانی سەرپشك کرد لەوەی بڕۆن، بەڵام ئەوان ڕەتیانکردەوە جێی بهێڵن وپەیمانیاندا تا دوا هەناسە لەگەڵیدابن[4].

---

(3) الشيباني، مواقف المعارضة في عهد يزيد بن معاوية، ص٣٤٥.

(4) ابن الجوزي، المنتظم في تاريخ الملوك والأمم، ٥/٣٣٧-٣٣٨ ؛ ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٦/٢٠٧٨.

ئینجـــا لەبەرەبـــەیانی ڕۆژی ١٠/موحـــەڕەم/٦١ك-٦٨٠ز دوای ئەنجامـــدانی نوێـــژی بـــەیانی هـــەردوولا خۆیـــان ئامـــادەکرد بـــۆ ڕووبەڕووبونەوەی یەکتری، و حوسـەین تـەنیا(٣٢)سوارەو(٤٠)پیادەی لەگەڵدا بـوو کـە دەسـتی کـرد بەڕێکخستنی سوپاکەی، باڵی ڕاستی بەسـەرکردایەتی(زوهەیری کـوڕی قین)بـوو، بـاڵی چەپیشـی بەسەرکردایەتی(حەبیبی کوڕی موزاهر)بوو، ئاڵاکەشی دایە دەستی براکەی(عەبباسـی کـوڕی عـەلی)، خێوەتەکانیشی خستە پشتەوەی خۆی کە ماڵ و منداڵ وئافرەتەکانی تێدابوو، لـەدوای خێوەتـەکانیش کۆمەڵێك داری کۆکردەوەو ئاگری تێبەردا تا لەیـەك لاوە ڕووبـەڕووی دوژمن بێتەوە[٥].

هـەروەها عومـەری کـوڕی سـەعدیش سوپاکەی ڕێکخست وبـاڵی ڕاستی بەسەرکردایەتی(عەمرۆ کوڕی حەجاجی زوبەیری)بوو، باڵی چەپیشی بەسەرکردایەتی(شیمری کوڕی ذیلجەوشەن)بوو، ئاڵاکەشی دایە دەستی کۆیلەیەکی خۆی بەناوی(ذوەیدا)[١]، ژمارەی سوپاکەشی (٤هەزار)کەس بوو[٢]، بەر لەدەست پێکردنی شەڕەکەش(حوڕی کوڕی یەزیـد)ی سـەرکردەو(٣٠)کەسـی تـر سـوپای کوفـەیان جێهێشت(کە

---

(٥) البلاذري، أنساب الأشراف، ٣٩٥/٣ ؛ ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٢٠٨٠/٦.

(١) الطبري، تاريخ الطبري، ٤٢٢/٥ ؛ الشيباني، مواقف المعارضة في عهد يزيد بن معاوية، ص ص٣٤٦-٣٤٧.

(٢) ابن كثير، البداية والنهاية، ١٧٩/١١.

عومەری کوڕی سەعد سەرکردایەتی دەکردن) و چوونە ڕیزی سوپای حوسەین[٣].

ئینجا حوسەین ڕوویکردە سوپای کوفەو لەووتارێکی درێژدا چاکەکانی خۆی بۆ باسکردن وترساندنی بەوەی چۆن لەدژی کوڕی کچی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دەجەنگن!و ناوی کۆمەڵێ سەرکردەی سوپای کوفەی هێنا کەپێشتر نامەیان بۆ ناردبوو، بەڵام سەرکردەکان نکۆڵیان کردو گووتیان هیچ نامەیەکمان نەناردووە[٤]!

توێژەرێکی شیعی پێی وایە هۆکاری جەنگانی کوفیەکان لەدژی حوسەین دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بەشێکیان بەپارەو پاداشتی ئیبن زیاد فریویان خواردبوو، بەشێکی دیکەشیان لە دەسەڵاتەکەی تۆقیبوون[٥].

جێگای ئاماژەپێدانە کە هەڵوێستی کوفیەکان بەرامبەر حوسەین زۆر ناجوامێرانەو توندبوو، تەنانەت کاتێ(زوهەیری کوڕی قین)ی سەرکردە لە سوپای حوسەین ڕووی تێکردن وسەرکۆنەی کردن لەسەر وەستانەوەیان لەدژی حوسەین، کوفیەکان جوێنیان پێداو پێیان گووت:((سەرکردەکەت وهاوەڵەکانی دەکوژین، یان دەیانبەین

---

[٣] الشيباني، مواقف المعارضة في عهد يزيد بن معاوية، ص٣٤٦.

[٤] البلاذري، أنساب الأشراف، ٣٩٦/٣ ؛ ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٢٠٨١/٦-٢٠٨٣ ؛ ابن كثير، البداية والنهاية، ١٨٤/١١-١٨٥.

[٥] مرتضى المطهري، الملحمة الحسينية، ٤٧/٣.

بۆ لای ئیبن زیاد))[٦]، کاتێ حوسەین ئەم هەڵوێستە بەد و سپڵەییەی لەکوفیـەکان بینـی دەسـتی بـەرزکردەوە بـۆ ئاسمـان و فەرمووی:((خودایـە بـارانی ئاسمانیـان لێ بگـرەوەو کۆیلەیـەکی سەقەفییان بەسەردا زاڵ بکە کە تاڵاویان دەرخوارد بدات، چونکە ئەمانە درۆیان لەگەڵدا کردین وپشتیان تێکردین))[٧].

پاشان(عومەری کوڕی سەعد)بۆ ئەوەی دڵسۆزی خۆی نیشانبدات بۆ فەرمانەکەی ئیبن زیاد، لە سوپاکە هاتە دەرەوەو تیرێکی هاوێشت و گووتی:((شایەتبن ئەوا من یەکەم تیرم هاوێشت))[٨]، دوای ئەمەش یەکسـەر شـەڕی دەستەویەخە(موبارەزە)دەسـتی پێکـرد، وتیایـدا هاوەڵانی حوسەین زۆر ئازایانەو فیداکارانە شەڕیان دەکردو گورزێکی گـەورەیان لـە سـوپای کوفـە وەشـاند[٩]، هۆکـاری ئەمـەش بـۆ ئـەوە دەگەڕێتەوە کە هـاوەڵانی حوسـەین بـۆ شـەهیدبوون شـەڕیان دەکرد ودڵنیـابوون لـەوەی دەکـوژرێن بۆیـە لـە هـیچ شـتێك نەدەگەڕانـەوەو بەوپەڕی حەماسەتەوە دەجەنگان، بـەڵام جـەنگاوەرانی سوپای کوفە دوودڵ بوون ولایەنی مەعنەویان زۆر لاواز بوو بەهۆی جەنگانیان لە دژی حوسەین.

---

[٦] الطبري، تاريخ الطبري، ٤٢٦/٥ ؛ ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٢٠٨٣/٦-٢٠٨٤.

[٧] الشيرازي، جهاد الحسين ومصرعه، ص ص٦٢-٦٣.

[٨] البلاذري، أنساب الأشراف، ٣٩٨/٣ ؛ ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٢٠٨٦/٦.

[٩] الشيباني، مواقف المعارضة في عهد يزيد بن معاوية، ص٣٤٧ ؛ الصلابي، الدولة الأموية، ٤٧٧/١.

ئینجا شەڕی سەرانسەری دەستی پێکردو تای تەرازوو بەلای سوپای کوفە وەرچەرخا، ئەمەش شتێکی ئاساییە کاتێ کەمتر لەسەد کەس ڕووبەڕووی چوار هەزار کەس دەبێتەوە، و لەم شەڕەشدا(شیمری کوڕی ذیلجەوشەن)زۆر تینوو دیاربوو بەخوێنی ئەهلی بەیت، بۆیە وەك داینەمۆی شەڕ وابوو ئەمسەرو ئەوسەری دەکردو هانی سەربازانی کوفەی دەدا بۆ کوشتاری حوسەین وهاوەڵانی، تەنانەت بەفەرمانی ئەو کۆیلەیەکی هەڵسا بەکوشتنی ژنی یەکێ لە هاوەڵانی حوسەین، تەنانەت شیمر هەوڵیدا خێوەتەکان بەسەر ژن ومنداڵەکاندا بسوتێنێت بەڵام هاوڕێکانی ڕێگریان لێ کردو نەیانهێشت[1].

هاوەڵەکانی حوسەین لەشەڕەکەدا یەك لەدوای یەك لەبەردەمیدا دەکوژران، وکاتێ بینیان ناتوانن پێشبگرن لەپێشڕەوی سوپای کوفە هەموویان پێشبڕکێیان دەکرد لەوەی لەبەردەمی حوسەیندا شەهیدببن[2].

یەکەم کەسیش کە لە ئەهلی بەیت شەهیدکرا(عەلی گەورەی کوڕی حوسەین)بوو[3]، ماوەیەکی زۆر لەدوای کوژرانی هاوەڵەکانی، حوسەین بەتەنیا مابۆوەو کەس نزیکی نەدەبۆوە چونکە زۆربەیان نەیاندەویست تاوانی کوژرانی ئەویان بکەوێتە ئەستۆ، لە کاتێکدا

---

(1) الطبري، تاريخ الطبري، ٤٣٨/٥ ؛ ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٢٠٩١/٦.

(2) البلاذري، أنساب الأشراف، ٤٠٤/٣ ؛ ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٢٠٩٣/٦-٢٠٩٤.

(3) ابن مسكويه، تجارب الأمم وتعاقب الهمم، ٤٩/٢.

هیچ ڕەحمێکیان بەرامبەر کەس نەبوو، تەنانەت بەرامبەر ئەو کوڕە بچوکەی حوسەینیش(عبدالله)کە لەلای باوکی دانیشتبوو تیرێکیان بۆ هاوێشت کە بەر ملی کەوت وملی هەڵدڕی ومرد!حوسەینیش دەستی پڕبوو لەخوێنی منداڵە بچوکەکەی و دەیپرژاندا بەرەو ئاسمان ودەیفەرموو خودایە تۆڵە لەم ستەمکارانە بستێنە[٤].

پاشان حوسەین لەتینوویەتیدا ڕوویکردە ڕووباری فورات تا ئاوی لێ بخواتەوە، بەڵام کوفیەکان تیرێکیان تێگرت و بەر دەمی کەوت ودەمی پڕبوو لەخوێن[٥]، و هەر بەبرینداریش مایەوەو نزیکی نەدەبوونەوە تا(شیمر)بەسەر سەربازەکاندا هاواری کرد تا بیکوژن، بۆیە کۆمەڵێکیان هێرشیان کردەسەری و زۆر دڕندانە بەربونە گیانی حوسەین، و(سینانی کوڕی ئەنەسی نەخەعی[٦])ڕمێکی لێداو خستیە سەر زەوی، پاشان هەر خۆیشی سەری بڕی[٧]، و دڕندەیی سوپای

---

(٤) الطبري، تاريخ الطبري، ٤٤٨/٥ ؛ ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٢٠٩٧/٦.
(٥) البلاذري، أنساب الأشراف، ٤٠٧/٣ ؛ ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٢٠٩٨/٦.
(٦) سینانی کوڕی ئەنەسی نەخەعی:ئەو کەسەبوو کە سەری حوسەینی بڕی، لەکاتێکدا ئەویش یەکێك بوو لە شوێنکەوتوانی عەلی (ڕەزای خوای لێبێ) ولەشەڕی(صفين)یشدا لەڕیزی سوپاکەی ئەودابوو، بڕوانە: الخميس، دەمێك لەمێژووی ئیسلام، ل٢٨٩.
(٧) البلاذري، أنساب الأشراف، ٤٠٨/٣-٤٠٩ ؛ الطبري، تاريخ الطبري، ٤٥٢/٥-٤٥٣ ؛ ابن الجوزي، المنتظم في تاريخ الملوك والأمم، ٣٤٠/٥-٣٤١ ؛ ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٢١٠٠/٦.

کوفە لەوەدا بەڕوونی دەردەکەوێت کە کاتێ حوسەین شەهیدکرا بینیان(٣٣)برینی ڕم و(٣٤)برینی شمشێری بە جەستەیەوە بوو[٨].

کوفیەکان هەربەوەندەش نەوەستان وکەوتنە تالآن ودزی کردن وتەنانەت شمشێرو عەباو نەعل وتەواوی کەلو پەلەکانی حوسەینیان برد[١]، ئەمە بوو هەڵوێستی ئەو کوفیانەی خۆیان بەلایەنگری ئەهلی بەیت دەزانی!!

دەربارەی ژمارەی کوژراوانی ئەم کارەساتەش سەرچاوە شیعیەکان وەك هەمیشە زیادەڕەوییەکی گەورەیان تێدا بەدی دەکرێ، بۆنمونە یەکێ لەتوێژەرە شیعیەکان باس لەوە دەکات حوسەین لەیەك هێرشدا بۆسەر سوپای کوفیەکان(١٢٠)کەسی لێ کوشتوون، و بەتەنیا حوسەین نزیکەی(٢هەزار)کەسی لەو سوپایە کوشتووە[٢]!و بەپێی سەرچاوە شیعیەکان گوایە کۆی کوژراوانی سوپای کوفە بەسەرۆکایەتی(عومەری کوڕی سەعد)گەیشتووەتە(٨٠٨٠)کوژراو[٣]، بێ گومان ئەمەش دوورە لەڕاستی وبۆ نیشاندانی ئازایەتی لەڕادەبەدەری ئەوان هەڵبەستراون.

---

[٨] البلاذري، أنساب الأشراف، ٤٠٩/٣ ؛ ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٢١٠١/٦.

[١] البلاذري، أنساب الأشراف، ٤٠٩/٣ ؛ ابن مسكويه، تجارب الأمم وتعاقب الهمم، ٥١/٢.

[٢] لبيب بيضوت، موسوعة كربلاء، ٢٥٤/٢-٢٥٥.

[٣] باقر الشريف القرشي، حياة الامام الحسين بن علي، ٣١٨/٣.

بەڵام ڕای پەسەندو دروست کە لە سەرچاوە ڕەسەنە باوەڕپێکراوەکاندا هاتووە، ئەوەیە کە(٨٨)کەس لەسوپای کوفە، و(٧٢)کەسیش لەسوپای حوسەین کوژراون[٤]، کە (١٦) یان (١٧)کەسیان لە ئەهلی بەیت بوون[٥]، ناوی کوژراوەکانی(ئەهلی بەیت)[٦]یش ئەمانەن:

براکانی حوسەین (عەبباس، جەعفەر، عبدالله، عوسمان، محمد، ئەبوبەکر)بوون.

کوڕەکانی حوسەین(عەلی گەورە، عبدالله)بوون.

کوڕەکانی حەسەنی کوڕە عەلی(ئەبوبەکر، عبدالله، قاسم)بوون.

کوڕەکانی عەقیلی کوڕی عبدالمطلب(جەعفەر، عبدالرحمان، عبدالله)بوون.

کوڕەکانی عبدالله کوڕی جەعفەر(عەون، محمد)بوون.

---

(٤) البلاذري، أنساب الأشراف، ٤١١/٣ ؛ الطبري، تاريخ الطبري، ٤٥٥/٥ ؛ ابن كثير، البداية والنهاية، ١٩٤/١١.

(٥) الطبراني، المعجم الكبير، ١١٨/٣-١١٩ ؛ الطبراني، مقتل الحسين بن علي بن أبي طالب، ص٦٥.

(٦) لەسەرچاوەکاندا جیاوازی هەیە لە ناوی کوژراوەکانی ئەهلی بەیت، بۆبینینی ناوی کوژراوەکان بڕوانە: الطبري، تاريخ الطبري، ٤٦٨/٥-٤٦٩ ؛ الطبراني، مقتل الحسين بن علي بن أبي طالب، ص٣٨ ؛ المسعودي، التنبيه والأشراف، ص٢٧٩ ؛ ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٢١١٤/٦-٢١١٦ ؛ النويري، نهاية الأرب في فنون الأدب، ٢٨٩/٢٠.

(عبدالله کوڕی موسلیمی کوڕی عەقیل، محمدی کوڕی سەعیدی کوڕی عەقیل)یش لەکوژراوانی ئەهلی بەیت بوون لە کارەساتی (الطف)دا[٧].

- تەوەرەی حەوتەم / چارەنووسی سەری حوسەین و بنەماڵەکەی :

لەسەرچاوە مێژووییەکاندا گرنگیەکی تایبەت دراوە بەباسی چارەنووسی سەری حوسەین و بنەماڵەکەی لەدوای کارەساتی(الطف)، بەڵام جیاوازی لەسەرچاوەکاندا هەیە، وبەگشتی سەرچاوە شیعیەکان زیادەڕەوی زۆریان تێدایەو زۆر شتی ئەفسانەیی و ناراست باس دەکەن بۆ گەورەتر کردنی ڕووداوەکە[١]، زۆرێکیش لەمێژوونوسان و زانایان دەرکیان بەو ڕاستیە کردووەو ئاماژەیان داوە بەزیادەڕەوی شیعەکان لەو بابەتەدا وەك(المقدسی)[٢] و (ئیبن کەثیر)[٣] و (ئیبن تەیمیە)[٤].

---

[٧] الطبري، تاريخ الطبري، ٤٦٨/٥-٤٦٩.

[١] بڕوانە : لبيب بيضوت، موسوعة كربلاء، ٣٢١/٢-٣٢٣ ؛ آل بحر العلوم، مقتل الإمام الحسين، ص ص ٥٠٠-٥٠٤.

[٢] بڕوانە:البدء والتاريخ، (بورسعيد، د.س)، ١٣/٦.

[٣] بڕوانە: البداية والنهاية، ٢٠٢/١١.

[٤] بڕوانە: مجموعة الفتاوى، ٣٠٦/٤-٣٠٨.

بەگشتی قسەکردن لەسەر ئەو بابەتە پشوویەکی درێژی زانستیانەی دوور لە دەمارگیری دەوێت، و ئێمەش بەپێی توانا هەوڵدەدەین بەشێوەیەکی ڕاست وهەقیقی باس لەو ڕووداوانە بکەین.

وا دیارە لەدوای کارەساتی(الطف)کۆمەڵێ کەسی خراپەکار لە نێو سوپای کوفە نیازی خراپیان هەبوو بەرامبەر ژن ومنداڵەکانی ئەهلی بەیت، بۆیە سەرکردەی سوپاکە(عومەری کوڕی سەعد)هەر زوو قەدەغەی کرد کەس بچێتە نێو خێوەتی ئافرەتەکان و، فەرمانیشی کرد هەموو ئەو کەلوپەلانەیان بۆ بگێڕنەوە کە تالانیان کردبوو، بەڵام کەس هیچی نەگێڕایەوە[٥]، ئەگەر ڕێگریی(عومەری کوڕی سەعد)نەبوایە بەدڵنیاییەوە سەرکردەو ئەندامانی سوپای کوفە ئافرەتەکانیشیان بەتالانی دەبرد.

سەرەڕای ئەوەی(عومەری کوڕی سەعد)هەڵوێستی باش بوو بەرامبەر ئافرەتەکان، بەڵام هەڵوێستێکی خراپ وتوندی نواند بەرامبەر کوژراوەکانیان بۆ نیشاندانی دڵسۆزی خۆی بۆ فەرمانەکانی ئیبن زیاد، ئەوەبوو لەسەر فەرمانی ئەو(١٠)سوارە هەڵسان بەکوتانی لاشەی حوسەین[٦]، لەوەش خراپتر ئەوەبوو کە سەرکردەی سوپا بەر لەجێهێشتنی شوێنی شەڕەکە سەرجەم کوژراوەکانی خۆیانی ناشت

---

(٥) ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٢١٠١/٦.

(٦) البلاذري، أنساب الأشراف، ٤١٠/٣ ؛ ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٢١٠٢/٦.

ونوێژی لەسەر کردن[٧]، بەڵام کوژراوەکانی سوپای حوسەینی لەو جۆڵەوانیە جێهێشت وتەنانەت لاشەی حوسەینیشی نەناشت، تا لەرۆژی ١٢/موحەڕەم کۆمەڵێ کەس لەهۆزی(بەنی ئەسەد)هاتنە ناوچەکەو تەرمەکانیان ناشت ونوێژیان لەسەرکردن[٨]، لەمانەشدا دەردەکەوێت کە بەڕاستی (عومەری کوڕی سەعد)هیچ درێغی نەکردووە لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی ئیبن زیاد لەدژی حوسەین وهاوەڵانی.

هەروەها سەرکردەی سوپا سەری سەرجەم کوژراوەکانی سوپای حوسەینی نارد بۆ کوفە بۆلای ئیبن زیاد[١]، وخۆیشی لە ١٢/موحەڕەم ڕوویکردە شاری کوفەو ژن ومنداڵەکانی ئەهلی بەیتیشی لەگەڵ خۆیدا بردن بۆ کوفە[٢].

کاتێ گەیشتنە کوفە خەڵکێکی زۆر لەشار هاتبوونەدەر بۆ بینینیان، و خەڵکی کوفە دڵیان بەبنەماڵەی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دەسوتاو بۆیان دەگریان، کاتێ(عەلی زین العابدینی کوڕی حوسەین)ئەمەی بینی گووتی:((ئەوانە بۆ ئێمە شیوەن دەکەن

---

[٧] ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٢١٠٢/٦.
[٨] مأمون غریب، الامام الحسین حیاته واستشهاده، ص١٨٢ ؛ آل بحر العلوم، مقتل الإمام الحسین، ص٥٠٤.
[١] البلاذري، أنساب الأشراف، ٤١١/٣ ؛ ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٢١٠٢/٦.
[٢] ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٢١٠٣/٦.

وەگرین؟ئـەی کـێ بـوو ئێمـەی کوشـت))[٣]، ئەمـەش تاوانبـاری ڕاستەوخۆی کوفیـەکان دەسـەلمێنێ لە کوژرانی حوسـەیندا، ئەوەشی جێگای بایەخـە ئەوەیـە کـەخودی سەرچاوە شـیعیەکان باسـی ئـەم ووتەیەی(زین العابدین)یان کردووە.

ئینجا خـەڵکێکی زۆری کوفـە لـەدەورەیان کۆبوونـەوەو ئەندامانی ئەهلی بەیت دەستیان کرد بە ووتاردان و هەریەکە لە(زەینەبی کچی عەلی (ڕەزای خوای لێبێ)، فاتیمەی کچی حوسـەین (ڕەزای خـوای لێبێ)، ئوم کەلسوم، عەلی زین العابدین)ووتاریاندا، و تیایدا بەتوندی سـەرکۆنەی خـەڵکی کوفـەیان کـردو بەسـتەمکارو بـەدڕەفتار ناویـان بـردن و تاونباریـان کـردن بـە کوشـتنی حوسـەین وهـاوەڵانی[٤]، بۆنمونـە یەکەمجار(زەینـەبی کچـی عـەلی (ڕەزای خـوای لـێبێ)) ووتاریـداو گووتی:((ئـەی خـەڵکی کوفـە ئـەی فێڵبـازو سـتەمکارینە بـۆ ئێمـە دەگـرین، دەك فرمێسـکتان نەبڕێتـەوەو گریانتـان هێـور نەبێتەوە.....ئایا ئێوە هیچتان تێدایە جگە لە خۆهەڵکێشان وپوچی و خۆبـەزلزانی ودرۆزنی........ئـەوە دەگـرین وشـین و ڕۆڕۆ

---

(٣) الكوفي، كتاب الفتوح، ١٢٠/٥-١٢١ ؛ الطبرسي، الأحتجاج، ٢٥/٢ ؛ عبدالزهراء الكعبي، مقتل الإمام الحسين ومسير السبايا، (د.م، د.س)، ص١٠٦.

(٤) بۆبینینی دەقی ووتارەکان کە لەخودی سەرچاوە شیعیەکان باسکراوە بڕوانە: الطبرسي، الأحتجاج، ٢٣/٢-٢٨ ؛ ابن طاوس، اللهوف في قتلى الطفوف، ص ص٨٦-١١٨ ؛ المقرم، مقتل الحسين، ص ص٣١٠-٣١٧ ؛ العاملي، لواعج الأشجان، ص ص١٥٣-١٥٨.

دەکەن؟دەك زۆر بگرین وکەم پێبکەنن، تازە ئابڕوتان چوو چۆن

تاوانی کوشتنی ڕۆڵەی کۆتا پێغەمبەر پاك دەکەنەوە......))[٥].

پاشان سەری کوژراوەکان و ژن ومنداڵەکان برانە لای ئیبن زیاد، و ئەویش وەك نەریتی هەمیشەیی خۆی زۆر خراپ لەگەڵیان هەڵسوکەوتی کرد، و سەرکۆنەی دەکردن تا (زەینەب)لێی بەوەڵام هات ودەمکوتی کرد، ئیبن زیاد نیازی وابوو(عەلی زین العابدین)یش بکوژێ، بەڵام زەینەب بەرگری لێکرد وناچاری کرد وازی لێبێنێ[٦]، سەرچاوەکانیش لەسەر ئەوە یەکدەنگن کە کاتێ سەری حوسەین برایە لای ئیبن زیاد، بەدارێك لەسەری حوسەینی داوەو قسەی ناشیرینی پێ گووتوە[٧]، پاشان ئیبن زیاد هەڵسا بەناردنی سەری کوژراوەکان و ژن ومنداڵەکان بۆ لای(یەزید) لە شام[٨].

کاتێ سەری کوژراوەکان وژن ومنداڵەکان گەیشتنە شام لەشاری دیمەشق بووە هەڵڵاو نارەزایی، و یەزید دەربارەی ئەو کارە پرسیاری لە سەرکردەکانی ئەو گروپە کرد کە ژن ومنداڵەکانیان هێنایە شام ئەوەی کە چی ڕوویداوە؟ ئەوانیش هەواڵی کوژرانی حوسەین و هاوەڵەکانیان پێ ڕاگەیاند، یەزید کە بەسەرهاتەکەی گوێ لێبوو

---

(٥) الكوفي، كتاب الفتوح، ١٢١/٥-١٢٢ ؛ الطبرسي، الأحتجاج، ٢٥/٢-٢٧؛حسين كوراني، في رحاب كربلاء، (بيروت، ١٩٩١م)، ص ص١٤٦-١٤٨.

(٦) الطبري، تاريخ الطبري، ٤٥٧/٥-٤٥٨ ؛ ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٢١٠٤/٦-٢١٠٥.

(٧) المصدران نفسهما ٤٥٦/٥ ؛ ٢١٠٣/٦ ؛ ابن كثير، البداية والنهاية، ١٩٦/١١.

(٨) ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٢١٠٦/٦.

چاوی پڕبوو لە فرمێسك و گووتی:((من بەگوێڕایەڵی ئێوە ڕازی بووم بەبێ کوشتنی حوسەین، خودا کوڕی سومەییە-ئیبن زیاد- بەنەفرەت بکات، سوێند بەخوا ئەگەر من ڕووبەڕووی بومایەتەوە لێی خۆش دەبووم، خوا لەحوسەین خۆشبێت))[1]، ئەگەر بەپێی ئەم گێڕانەوەیە بێت ئەوا یەزید فەرمانی نەکردووە بەکوشتنی حوسەین، بەڵکو وادەردەکەوێت کە یەزید هەر ئاگاداری کوژرانەکەشی نەبووەو سەرکردەکانی ئیبن زیاد هەواڵەکەیان پێ گەیاندووە، کە ئەمەش لە زۆربەی سەرچاوەکاندا هاتووە، بەڵام لەهەندێ گێڕانەوەی تردا هاتووە کە یەزید سوکایەتی کردووە بەحوسەین وبەدار لەسەری داوە[2].

بەڵام بەتێڕوانین لەسەرچاوەکان دەتوانین بڵێین گێڕانەوەی یەکەم نزیکترە لەڕاستی، و بەپێی زۆربەی سەرچاوەکان یەزید هەڵوێستی باش بووە لەگەڵ ژن ومنداڵەکانی ئەهلی بەیت، و دەقی دیکەش هەن کە دەیسەلمێنن یەزید ئاگاداری کوژرانەکەی حوسەین نەبووەو دەسەڵاتدارانی ئومەویشی لەکوفە سەرکۆنە کردوە لەسەر ئەم کارە بۆنمونە:

شیعەکان خۆیان دان بەو ڕاستیەدا دێنن کە دوای گەیشتنی سەری کوژراوەکان بۆ دیمەشق، یەزید خەڵکی کۆکردەوەو لەمزگەوتدا

---

[1] الطبري، تاريخ الطبري، ٤٦٠/٥ ؛ ابن مسكويه، تجارب الأمم وتعاقب الهمم، ٥٢/٢ ؛ ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٢١٠٦/٦ ؛ ابن كثير، البداية والنهاية، ١٩٧/١١.

[2] المقدسي، البدء والتاريخ، ١٢/٦ ؛ ابن كثير، البداية والنهاية، ١١/١٩٧-١٩٨.

ووتارێکی بۆ دان و بەخەڵکەکەی ڕاگەیاند کە ئەو ئاگاداری کوژرانی حوسەین نیەو ئیبن زیاد کوشتوویەتی، وە ڕوویکردە سەرکردەکانی ئیبن زیادو سەرەڕای سەرکۆنەکردنیان پرسیاری لێکردن دەربارەی ئەوەی کێ فەرمانی کوشتنی داوە، ئەوانیش هەموویان یەکتریان تاوانبار دەکرد[3].

هەروەها لەسەرچاوەکاندا هاتووە کە یەزید زۆر ڕێزی لەبنەماڵەی ئەهلی بەیت گرتووە لە دیمەشق، و هەموو ڕۆژێك نانی نیوەڕۆو ئێوارەی لەگەڵ(عەلی زین العابدینی کوڕی حوسەین)خواردووە، و چەندین جاریش لەلای ئەو خۆی بەری دەکرد لەو کارەی ئیبن زیاد، و دەیگوت:((ئیبن زیاد بەم کارەی هەموو خەڵکی کردۆتە دوژمنی من، من چ کارم بە کوڕی مەرجانە-ئیبن زیاد-هەیە، هەی خودا بەنەفرەتی بکات))[4]، بەڵام ئەمانە هیچیان نابنە بیانوو بۆ ئەستۆپاکی یەزید بەڵکو پریشکی تاوانی ئەو کوژرانەی هەر لەئەستۆدایە، ئەمەش بەهۆی تۆڵەنەکردنەوە لە بکوژانی حوسەین وهەڵوێست نەنواندن بەرامبەریان لەکاتێکدا دەیتوانی تۆڵەیان لێبکاتەوە.

پاشان یەزید بنەماڵەی حوسەینی سەرپشککرد لەنێوان مانەوە لە دیمەشق وگەڕانەوە بۆ مەدینە، ئەوانیش مەدینەیان هەڵبژارد،

---

(3) لبيب بيضوت، موسوعة كربلاء، ٢/٥١٨.

(4) ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٦/٢١٠٩-٢١١٠.

ویەزید بەیاوەری(٣٠)سوارە ئەوانی ناردەوە بۆ شاری مەدینە[٥]، و لەکاتی بەڕێکردنیان دووبارە تاوانی کوژرانی حوسەینی دایە پاڵ ئیبن زیاد و خۆی لێ بەری کرد، و داواشی لێکردن لە مەدینە هەر چیەکیان پێویست بێت بۆی بنووسین، و فەرمانی کرد کە لەڕێگادا ئاگاداریان بن و چاکبن لەگەڵیاندا[١].

دەربارەی چارەنووسی سەری حوسەینیش ئەوا لەسەرچاوەکاندا بۆچوونی زۆرو جیاواز لەیەکتر هەیە، و لەبەشێکی زۆری ژێدەرو سەرچاوەکاندا زانیاری ووردو توێژینەوەی گرنگی دەربارەوە ئەنجامدراوە[٢]، بەڵام بەداخەوە ئێمە ناتوانین ئاماژە بەهەموویان بکەین و بۆ زیاد درێژ نەبوونەوەی توێژینەوەکە بەکورتی باسی دەکەین.

---

[٥] الخليفة، ريحانة النبي الحسين بن علي، ص١٥٠ ؛ الصلابي، الدولة الأموية، ٤٨٣/١-٤٨٤.

[١] الطبري، تاريخ الطبري، ٤٦٢/٥ ؛ ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٢١١٠/٦ ؛ النويري، نهاية الأرب في فنون الأدب، ٢٩٨/٢٠.

[٢] بۆزانیاری زیاتر دەربارەی ئەو بابەتە بڕوانە: ابن كثير، البداية والنهاية، ٢٠٩/١١-٢١٠ ؛ ابن تيمية، رأس الحسين، محمدالفقي، (د.م، ١٩٤٩م)، ص ص٣-٣٧ ؛ النويري، نهاية الأرب في فنون الأدب، ٢٩٨/٢٠-٣٠٢ ؛ مأمون غريب، الامام الحسين حياته واستشهاده، ص ص١٢٥-١٢٧ ؛ الشيباني، مواقف المعارضة في عهد يزيد بن معاوية، ص ص٣٩٢-٤٠٩.

ئەو شارانەی کە گومانیان لێ دەکرێت سەری حوسەینی تێدا نێژرابێ (دیمەشق، قاهیرە، کەربەلا، مەدینە، رقە[٣]، عەسقەلان[٤])ن[٥]، توێژەری بواری مێژوو(د.محمد شەیبانی)دوای لێکۆڵینەوەیکی وورد لەسەر ئەم بابەتە، ئەو بۆچوونە پەسەند دەکات کە دەڵێت سەری حوسەین لە گۆڕستانی(بەقیع) لەشاری (مەدینە) نێژراوە، و یەکدەنگی هەریەکە لە زانایانی وەك(ئیبن ئەبی دونیا، ئەبی موئەییەدی خەواریزمی، ئیبن جوزی، قورتوبی، ئیبن تەیمیە)ی لەسەر هێناوە[٦]، هەروەها(ئیبن تەیمیە)ش دوای لێکۆڵینەوەیکی وورد لەسەر شوێنی ناشتنی سەری حوسەین دەڵێت:((هیچ کەسێ لەزانایان ئەم شوێنانەیان بەشوێنی ناشتنی سەری حوسەین نەزانیووە جگە لەشاری مەدینە))[٧].

---

[٣] رقە: شارێکی ناودارە لەنێوان عێراق و شام لەسەر ڕووباری فورات، و ئەم شارە سێ ڕۆژ دوورە لەشاری حەڕڕان، بڕوانە: یاقوت الحموي، معجم البلدان، ٣/٥٨-٥٩.

[٤] عەسقەلان شارێکە لەشام لەناوچەی فەلەستین، و دەکەوێتە سەر دەریا لەنێوان غەززەو بەیت جبرین وپێشی دەڵێن بووکی شام، بڕوانە: یاقوت الحموي، معجم البلدان، ٤/١٢٢.

[٥] الشيباني، مواقف المعارضة في عهد يزيد بن معاوية، ص٣٩٢.

[٦] المصدر نفسه، ص ص ٤٠٧-٤٠٨.

[٧] رأس الحسين، ص٣١.

کەواتە دەتوانین بڵێین ڕای دروست وتەواو ئەوەیە کە لاشەی حوسەین هەر لە (کەربەلا)نێژراوە، و سەرەکەیشی لەشاری (مەدینە) نێژراوە.

مێژوونوس(ئیبن کەثیر)هۆکاری ئەم هەموو ڕاجیاییە لەسەر شوێنی ناشتنی سەری حوسەین بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە زۆرێك لە دەسەڵاتداران بەتایبەتی(فاتمیەکان)لە میسر، بۆ ڕەواجدان بەدەسەڵاتەکەیان و پڕوپاگەندەکردنی ڕەچەڵەکی پیرۆز بۆخۆیان، هەریەکەی سەرێکیان هێناوەو لەمزگەوتێکدا ناشتوویانە بەناوی سەری حوسەین!و خەڵکیش باوەڕیان پێکردوون[٨].

- تەوەرەی هەشتەم / هەڵسەنگاندنی ئەو لایەنانەی بەرپرسن لە کوشتنی حوسەین و هاوەڵانی:

بێ گومان دیاریکردنی تاوانبارانی کوژرانی حوسەین وهاوەڵانی بابەتێکی زۆر سەخت وئاڵۆزە، چونکە لەلایەك سەرچاوەکان ڕاوبۆچوون و جیاوازی زۆریان تێدایە، لەلایەکی ترەوە ئەمە بەرپرسیارێتیەکی مێژوویی گەورەیەو پێویستە توێژەر بەووریاییەوە لێی بکۆڵێتەوە، بەتایبەتی بەهۆی کاریگەری وشوێنەوارەکانی ئەم ڕووداوە، بەشێوەیەك بووەتە یەکێك لە ڕووداوە

---

[٨] بڕوانە: البداية والنهاية، ١١/٢١٠.

هەرە گرنگەکانی مێژووی مرۆڤایەتی .

بە ووردبونەوە لەسەرچاوە مێژوویەکان وزانیاریەکانیان بۆمان روون دەبێتەوە کە تاوانبارانی کوژرانی حوسەین وهاوەڵانی سێ لایەنی سەرەکین و هەریەکەشیان پشکی گەورەی بەرپرسیارێتی ئەم کارەساتەیان لەئەستۆدایە بەم شێوەیە:

کوفیەکان:

بە لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی گەورەی کوفیەکان لە پەلکێشکردنی حوسەین بۆلای خۆیان، وپاشان پشت تێکردن وشەڕکردن لەدژی ئەو تاکوشتنی، دەتوانین بڵێین بەرپرسی یەکەم لە کوژرانی حوسەین خەڵکی کوفە بوون[1].

نەك هەر سەرچاوە سوننیەکان بەڵکو سەرچاوە شیعیەکانیش نەیانتونیوە ئەو ڕاستیە بشارنەوە کە خەڵکی کوفە ڕۆڵێکی گەورەیان هەبووە لەکوشتنی حوسەین وهاوەڵانی، چونکە ئەوان هەر لەسەرەتاوە بوونە هۆی دەرچوونی حوسەین بۆ عێراق بەهۆی هاتنی بەلێشاوی نامەکانیان بۆلای حوسەین، کە لەسەرجەمیاندا داوایان لێ

---

[1] زۆرێك لەتوێژەران یەکدەنگن لەسەر ئەوەی بەرپرسیاری یەکەمی کوژرانی حوسەین وهاوەڵانی خەڵکی شاری کوفەن، بۆ ئەمەش بڕوانە: الشيباني، مواقف المعارضة في عهد يزيد بن معاوية، ص٣٦٣ ؛ الخليفة، ريحانة النبي الحسين بن علي، ص٩٥ ؛ الخميس، دەمێك لەمێژووی ئیسلام، ل ٢٨١-٢٩٠ ؛ الصلابي، الدولة الأموية، ٤٨٤/١.

دەکـرد حوســەین بچـێتە لایـان وپشـتگیری لێ دەکـەن[٢]، بـەهۆی ئەمەشەوە حوسەین هەڵسا بەناردنی کوڕە مامەکەی(موسلیمی کوڕی عەقیل)بـەڵام کوفیـەکان دوای ماوەیـەکی کـەم پشـتیان تێکـردو بەکوشتنیاندا[٣].

تەنانـەت کاتـێ حوسـەین بۆخـۆی وبنەماڵەکـەی هاتـە عێـراق، کوفیـەکان لـەڕیزی سوپای (عومـەری کـوڕی سـەعد)بوون و لـەدژی حوســەین شـەڕیان کـرد تـا کوشـتیان[٤]، بەشـایەتی مێژوونوسـی ناودار(مەسعودی)سەرجەم ئەو سەربازانە کوشتاری حوسـەینیان کرد خەڵکی کوفە بوون و هیچ شامیەکیان لەگەڵدا نەبوو[٥].

نووسـەرێکی تـری شیعی بـەناوی(کـاظم ئەحسائی)دەڵێ: ((ئـەو سوپایەی دەرچوو بۆ شـەڕی ئیمامی حوسـەین سـەلامی لێبێت، ٣٠٠ هـەزار کـەس بـوون وهـەر هەمووشـیان لەخـەڵکی کوفـە بـوون، نەشامیەك ونەحیجازی ونەهینـدی ونـە پاکستانی و نەسودانی ونە میسری ونە ئەفریقیەکیان لەگەڵدا نـەبوو، بـەڵکو هـەموویان خـەڵکی کوفە بوون))[١].

---

[٢] بڕوانە لاپەڕەکانی : ٣٥-٣٨.

[٣] بڕوانە لاپەڕەکانی : ٣٨-٤٢.

[٤] بڕوانە لاپەڕەکانی : ٤٨-٥١.

[٥] مروج الذهب ومعادن الجوهر، ٣/٢٥٧.

[١] عبدالله بن عبدالعزيز، من قتل الحسين، ص٤٥ ؛ الخميس، دەمێك لەمێژووی ئیسلام، ل ل٢٨٩-٢٩٠.

هەروەها(مورتەزای موتەهەری)کە نووسەرێکی تری شیعەیە دەڵێ:((گومان لەوەدا نیە کە خەڵکی کوفە شیعەی عەلی بوون، ئەوانەشی کە حوسەینیان کوشت هەر شیعەی عەلی بوون))[٢].

تەنانەت نووسەری دەمارگیری شیعی(باقر شریف القرشی)دەڵێ:((خەڵکی کوفە زۆر پەشیمان و دڵغەمگین بوون بەهۆی ئەو تاوانەی کردیان، چونکە ئەوان زۆر تکایان کرد تا حوسەین بچێتە لایان، بەڵام کاتێ حوسەین ڕووی تێکردن ئەوان پشتیان تێکرد وکوشتیان))[٣].

لەڕاستیدا دانهێنانی ئەم سەرچاوەو نووسەرە شیعیانە بەڵگەیەکی زۆر گرنگە لەسەر تاوانباری خەڵکی کوفە، چونکە شیعەکان ئەگەر بچوکترین ڕێگاشیان دۆزیبایەوە بۆ شاردنەوەی ئەم ڕاستیە بێ گومان ئەنجامیان دەدا، بەڵام وادیارە بابەتەکە ئەوەندە ڕوونە کە کەس ناتوانێ خۆی لێ دەربازبکات، جگە لەمانەی ڕابردوو دەیان بەڵگەی تر هەن دەیسەلمێنن کە شیعەکانی کوفە تاوانباری یەکەمی ئەو کارەساتەن لەوانەش:

نەك هەر لەسەر ئاستی سەربازەکاندا بەڵکو لەسەر ئاستی سەرکردایەتیشدا سوپاکەی(عومەری کوڕی سەعد) بەتەواوی لە خەڵکی کوفە پێکهاتبوو، وەك (عەمرۆی کوڕی حەججاج)و(عوروەی

---

[٢] الخميس، دەمێك لەمێژووی ئیسلام، ٢٨٩.

[٣] حياة الامام الحسين بن علي، ٣/٣٦١.

کوڕی قەیس)و(شیبث کوڕی ربعی)، ئەمانە هەرسێکیان لەوانە بوون کە پێشتر نامەیان ناردبوو بۆ حوسەین وتکایان لێ کردبوو تا بێتە کوفە[٤]، کەچی کاتێك حوسەین گەیشتە عێراق(عەمرۆی کوڕی حەججاج)سەرکردایەتی باڵی ڕاستی سوپای(عومەری کوڕی سەعد)ی دەکرد لەدژی حوسەین[٥]، لە مەیدانی شەڕیشدا هاواری دەکرد((ئەو کەسە بکوژن کە لەدین دەرچووەو لە کۆمەڵ جیابۆتەوە))کە مەبەستی حوسەین بوو![٦]

هەرچی(عوروەی کوڕی قەیس)بوو ئەویش سەرکردایەتی سوارەکانی دەکرد لە سوپاکەی(عومەری کوڕی سەعد)لە دژی حوسەین[٧]، بەهەمان شێوە(شیبثی کوڕی ربعی)یش لایەنگیری ئومەویەکانی کرد ولەدژی حوسەین جەنگا، بەر لەهاتنی حوسەین شەڕی لەگەڵ(موسلیم)یشدا کرد[٨]، ولەمەیدانی کارەساتی (الطف)یشدا سەرکردایەتی تیپی پیادەکانی دەکرد لەدژی حوسەین[٩].

---

[٤] ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٦/٢٠٣٨.

[٥] جواد محدثي، موسوعة عاشوراء، ص٣٣٣ ؛ الخليفة، ريحانة النبي الحسين بن علي، ص١٠٠.

[٦] حسين كوراني، في رحاب كربلاء، ص٦١.

[٧] جواد محدثي، موسوعة عاشوراء، ص٣١٩ ؛ الخليفة، ريحانة النبي الحسين بن علي، ص١٠١.

[٨] النويري، نهاية الأرب في فنون الأدب، ٢٠/٢٥٣.

[٩] جواد محدثي، موسوعة عاشوراء، ص٢٥٠ ؛ الخليفة، ريحانة النبي الحسين بن علي، ص١٠١.

هەروەها(عبدالله کوڕی حەوزەی تەمیمی)کە یەکێك بوو لەلایەنگرانی عەلی (رەزای خوای لێبێ) لەشاری کوفە، لەمەیدانی شەڕی(الطف)هاتە دەرەوەو هاواری دەکرد ئەی حوسەین موژدەی ئاگرت لێبێ![1]

تەنانەت(ئیبن زیاد)و(شیمری کوڕی ذیلجەوشەن)و(سینانی کوڕی ئەنەسی نەخەعی)کە تاوانباری ڕاستەوخی کوژرانی حوسەینن، هەرسێکیان لە شیعەکانی عەلی (رەزای خوای لێبێ) بوون، و لە شەڕی (صفین)یشدا لەڕیزی سوپاکەی ئەودا بوون[2].

وەنەبێ خەڵکی کوفە بەنادڵی بردرابن بۆ مەیدانی شەڕو لەوێشدا ستی بکەن لە جێبەجێکردنی فەرمانی والی ئومەوی لەدژی حوسەین، بەڵکو ئەوان زۆر بەتوندی ودڵڕەقی بەرامبەر حوسەین وستانەوە، هەروەکو نووسەری شیعی(حوسەین کورانی)دەڵێ:((خەڵکی کوفە نەك هەر پشتیان لە ئیمامی حوسەین کرد، بەڵکو پێشبڕکێشیان دەکرد بۆ چوونە مەیدانی شەڕو کوشتنی حوسەین))[3]، ئەوەی زیاتر ئەم قسەیە دەسەلمێنێ ئەوەیە کە یەکێ لەخەڵکی کوفە بەناوی(مەسروقی کوڕی وائیلی حەزرەمی)دەڵێ:((من لەڕیزی پێشەوەی سوارەکان بووم بۆ شەڕکردن لەدژی حوسەین، و

---

[1] حسین کوراني، في رحاب کربلاء، ص٦١.

[2] الخمیس، دەمێك لەمێژووی ئیسلام، ل٢٨٩.

[3] في رحاب کربلاء، ص٦٠.

دەمویست سەری حوسەین بەدەست بێنم تا پلەو پایەم لای ئیبن زیاد بەرزبێتەوە))[٤].

یەکێکی تر لە بەڵگە گرنگەکانی تاوانباری خەڵکی کوفە بریتیە لە ووتارەکانی ئەندامانی(ئەهلی بەیت)لەشاری کوفە لەدوای کارەساتەکە، کە زۆر بەتوندی ئیدانەی خەڵکی کوفەیان کرد وبەکوشتنی حوسەین تاوانباریان کردن[٥]، هەروەك(زەینەبی کچی عەلی (رەزای خوای لێبێ))بەخەڵکی کوفەی گوت:((ئەی خەڵکی کوفە بێ دەنگ بن، پیاوەکانتان دەمانکوژن وژنەکانتان بۆمان دەگرین!))[٦]، (عەلی زین العابدینی کوڕی حوسەین)یش کاتێ بینی خەڵکی کوفە بۆیان دەگرین گووتی:((ئەوانە بۆ ئێمە دەگرین!ئەی کێ بوو ئێمەی کوشت))[٧].

هەموو ئەمانەو چەندین بەڵگەی تر لەسەر تاوانباری شیعەکانی کوفە لەبابەتی کوژرانی حوسەین وهاوەڵانی، وایانکردووە کە پێش نووسەرە سوننیەکان هەندێ لە نووسەرە شیعەکان خۆیان شیعەکانی کوفە تاوانباربکەن و بەخیانەتکارو ستەمکارو دوژمنی

---

(٤) المصدر نفسه، ص٦٢.

(٥) بڕوانە لاپەڕە ٥٣.

(٦) الخميس، دەمێك لەمێژووی ئیسلام، ل٢٨٧.

(٧) الطبرسي، الأحتجاج، ٢٥/٢ ؛ الكوفي، كتاب الفتوح، ١٢٠/٥-١٢١.

ئەهلی بەیت ناویان ببەن[٨]، ڕەنگە سەرهەڵدانی بزوتنەوەکانی (موختاری کوڕی عەبیدی سەقەفی) و (تەووابین) و (سلێمانی کوڕی صەردی خوزاعی) باشترینی ئەو بەڵگانەبن کە دەیسەلمێنن خەڵکی کوفە دەستیان سوور بووە بەخوێنی حوسەین وئەهلی بەیت، کە دواتر بۆ پاککردنەوەی تاوانەکانیان ئەو بزووتنەوانەیان دامەزراند.

هەرچی لە سەرچاوەکانی سوننەیە ئەوا بێ دوودڵی تاوانی کوژرانی حوسەین وهاوەڵانیان داوەتە پاڵ شیعەکانی کوفە، هەروەکو جارێک پیاوێکی عێراقی پرسیار دەکات لە(عبدالله کوڕی عومەر)دەربارەی حوکمی کوشتنی مێش، عبدالله وەڵامی دایەوەو گوتی:خەڵکی عێراق پرسیاردەکەن دەربارەی کوشتنی مێش، کەچی کوڕی کچی پێغەمبەر دەکوژن![١]

دەسەڵاتدارانی ئومەوی لەکوفە:

گومان لەوەدانیە کە دەسەڵاتدارانی ئومەوی لەکوفە تاوانبارێکی سەرەکین لە کوژرانی حوسەین وهاوەڵانیدا، بەتایبەتی والی شاری کوفە(ئیبن زیاد)کە ڕێکخەر وفەرماندەی تەواوی پیلانەکە بووە.

---

[٨] بڕوانە: حسين كوراني، في رحاب كربلاء، ص ص٥٣-٦٣ ؛ جواد محدثي، موسوعة عاشوراء، ص ص٥٩-٦٠.

[١] البخاري، صحيح البخاري، ص٧١٥.

جێگـای ئاماژەپێدانـە کـە والی شـاری کوفـە پیـاوێکی زۆر دڵـڕەق وسـتەمکارو ڕەوشـت ناشـیرین بـووە، تەنانـەت سـوکایەتی وبێڕێـزی بەرامبـەر هـاوەڵانی پێغەمبـەریش (صلى الله عليـه وسـلم) دەکـرد، هـەر ئـەویش بـوو کـە ئاشـتەوایی لەگـەڵ حوسـەین ڕەتکـردەوە کاتێ سێ پێشنیارەکەی خستە بەردەمی[٢]، چونکە ئیبن زیـاد خوازیـاری شـەڕو کوشـتنی حوسـەین بـوو کـە سـەرەنجام بـووە هـۆی کەوتنـەوەی ئـەم کارەسـاتە، پاشـانیش بـەخراپی مامەڵـەی دەکـرد لەگـەڵ بنەماڵـەی حوسەین وتەنانەت لەووتارێکیدا گووتی:((سوپاس بۆخودا کـە هەقی سەرخست وپێشەوای موسڵمانان یەزیدی کوڕی موعاویەی سەرخست، و درۆزنــی کــوڕی درۆزن حوســەینی کــوڕی عــەلی و لایــەنگرەکانی کوشت))[٣]، ئەمەش ئەوپەڕی بەدڕەفتاری ودەمشڕی وبێ ڕێـزی ئـەو دەسەلمێنێ بەرامبەر بنەماڵەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم).

بـەڵام ئـەوەی جێگـای سەرسـوڕمانە ئەوەیـە کـە خـودی(ئیبن زیاد)پێشتر یـەکێك بـوو لـە شـوێنکەوتوانی عـەلی (ڕەزای خـوای لێبێ)، و لەشەڕی(صفين)یشدا هەر لەڕیزی سوپاکەی ئەودابوو، تەنانەت زانای شیعی(طوسی)ئیبن زیادی بەیەکێك لەهاوەڵانی عەلی (ڕەزای خوای لێبێ)

---

[٢] الصلابي، الدولة الأموية، ٤٨٥/١-٤٨٦.

[٣] مأمون غريب، الامام الحسين حياته واستشهاده، ص٥٤.

هەژمار کردووە[٤]، هەروەکو ئاشکرایە باوکیشی یەکێک بوو لەوالیەکانی خەلیفە عەلی (رەزای خوای لێبێ) لە هەرێمی (فارس)دا[٥].

یەکێکی تر لەدەسەلاتدارە ئومەویەکانی شاری کوفە(شیمری کوڕی ذیلجەوشەن)ە، کە دەتوانین بڵێین گەورەترین تاوانبارە لەکوژرانی حوسەین وهاوەڵانی، چونکە ناوبراو زۆر توندو تیژو تینوو بوو بەخوێنی ئەهلی بەیت، هەر ئەو بوو کە(ئیبن زیاد)ی هاندا تاشەڕ لەگەڵ حوسەین بکات وڕێگای پێ نەدات بڕوات[٦]، لە مەیدانی شەڕیشدا وەك داینەمۆی شەڕەکە وابوو بەردەوام بەسەر سەربازەکان هاواری دەکرد تا زیاتر کوشتاری سوپاکەی حوسەین بکەن وپاشان دەیویست خێوەت بەسەر ژن ومنداڵاندا بسوتێنێ ومنداڵی نەخۆشیان بکوژێت[١]، لەڕاستیدا دڕندەیی و بەدڕەفتاریەکانی(شیمر) بەرامبەر حوسەین و خانەوادەکەی زۆر بێ وێنەبووەو کەس بەقەد ئەو دزایەتی نەکردوون.

شایانی باسە ئەم هەموو دڵڕەقی و توندوتیژیەی(شیمر)لەکاتێکدا بوو کە خودی سەرچاوە شیعەکان خۆیان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی(شیمر)یش یەکێك بووە لەشیعەکانی عەلی (رەزای خوای لێبێ)، و

---

[٤] الخميس، دەمێك لەمێژووی ئیسلام، ل ل٢٨٩-٢٩١.

[٥] الذهبي، سير أعلام النبلاء، ٣/٤٩٥.

[٦] ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٦/٢٠٧٥-٢٠٧٦.

[١] بڕوانە لاپەڕەکانی: ٥٠-٥١.

لەجەنگی(صفین)یشدا لەڕیزی سوپای خەلیفە عەلی (ڕەزای خوای لێبێ) بوو[٢].

لەپاڵ ئەم دووسەرکردەیەی باسکران(عومەری کوڕی سەعد)یش یەکێکی تره لەسەرکرده ئومەویەکانی کوفە کە سەرکردایەتی سوپا(٤هەزار)کەسیەکەی کرد لەدژی حوسەین، هەرچەندە ئەو زۆر هەولیدا تا خۆی بپارێزێ لەشەڕکردن لەگەڵیدا، بەڵام بەهۆی ترس و هەڕەشەکانی ئیبن زیاد لەلایەك، وخۆشەویستی بۆ سەروەت وپلەو پایە لەلایەکی تر وایان لێکرد فریو بخوات و سڵ نەکاتەوە لەشەڕکردن لەبەرامبەر حوسەین تا کوشتنی[٣]، لە سەرچاوەکانیشدا بەڕوونی ئەو چەسپاوە کە(ئیبن زیاد)چەندین جار هەڕەشەی کوشتن و لەسەرکارلابردنی لێ کردووە ئەگەر بێت و فەرمانەکانی جێبەجێ نەکات لەدژی حوسەین[٤].

---

[٢] المقرم، مقتل الحسين، ص٢٠٧ ؛ حسين كوراني، في رحاب كربلاء، ص٣٩ ؛ جواد محدثي، موسوعة عاشوراء، ص٢٦٦.

[٣] الشيباني، مواقف المعارضة في عهد يزيد بن معاوية، ص ص٣٧٢-٣٧٦ ؛ الصلابي، الدولة الأموية، ٤٨٦/١-٤٨٧.

[٤] الذهبي، سير أعلام النبلاء، ٣٠٠/٣ ؛ ابن كثير، البداية والنهاية، ١٨٠/١١.

سەرچاوەکانە، و لەلایەکی تریشەوە ئەوە ڕوونە کە(یەعقوبی) هاوسۆزی شیعەکانەو ڕەنگە زیادەڕۆیی تێدا کردبێ.

لە هەڵوێستەکانی(یەزید)یشدا وەك لەسەرچاوەکاندا باسکراوە بەڕوونی ئەوە دیارە کە ئەو دڵخۆش نەبووە بەم کارەساتە، و چەندین جاریش لەسەر ئەم بابەتە(ئیبن زیاد)ی بەنەفرەت کردووە[1]، بەڵام ئەوەی کە گومانی دروستکردووە ئەوەیە کە(یەزید)هیچ هەڵوێستێکی کرداری نەبووە بەرامبەر(ئیبن زیاد)و تۆڵەشی لێ نەکردۆتەوە، بەڵکو ئەوی لەسەر دەسەڵات هێشتەوەو پاداشتیشی پێدا[2]!!ڕەنگە ئەمەشی بۆ ئەوە بووبێت کە هەستی کردووە خەڵکی عێراق خەڵکانێکی ئاژاوەگێڕن، و بەکەسێکی توندوتیژی وەك ئیبن زیاد نەبێ بەئاسانی کۆنترۆڵ ناکرێن بۆیە لەسەر دەسەڵاتی هێشتۆتەوەو تۆڵەشی لێ نەکردووەتەوە، ئەمەش هەڵەیەکی سیاسی زۆر گەورەبوو چونکە بەم کارەی نەك دەسەڵاتەکەی بەهێزتر نەبوو، بەڵکو هێندەی تر خەڵکی تورەکردو دوژمنی بۆخۆی زیاتر کرد، لەکاتێکدا بە تۆڵەکردنەوە لە بکوژانی حوسەین دەیتوانی ئەستۆپاکی خۆی بسەلمێنێت وخۆشەویستی خەڵکیش بەدەست بێنێ.

---

(1) بڕوانە : الطبري، تاريخ الطبري، ٤٦٠/٥ ؛ ابن كثير، البداية والنهاية، ١٩٧/١١.

(2) ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، ٢١١٠/٦.

هەرچۆنێك بێت بەهۆی ئەوەی(یەزید)بەرپرسی یەکەمی وڵات بووە بەشێك لەتاوانی کوژرانی حوسەینی لە ئەستۆدایە.

جێگای خۆیەتی کە لێرەدا ئاماژە بکەین بە بۆچوونی هەندێ لە زانا ناودارەکان بەرامبەر یەزید، بۆ ئەوەی ئەو بۆچوونە هەڵەیە ڕەتبکەینەوە کە هەندێ کەس پێیان وایە(سوننەکان)بەرگری لە یەزید دەکەن وخۆشیان دەوێت:

جارێکیان پیاوێك لەلای خەلیفە(عومەری کوڕی عبدالعزیز)باسی (یەزید)ی کرد و بە(پێشەوای ئیمانداران یەزیدی کوڕی موعاویە)ناوی هێنا، خەلیفە عومەر بەم قەسەیە زۆر توڕەبوو گووتی چۆن ئەو بەپێشەوای ئیمانداران ناودەبەی! فەرمانی کرد ٢٠ قامچی لەپیاوەکە بدەن[٣].

پێشەوا(ئەحمەدی کوڕی حەنبەل)، کاتێ پرسیاریان لێکرد کە بۆچی فەرمووده وەرناگرێ لە(یەزید)؟ لە وەڵامدا گووتی:((هیچ کەسێك هەیە باوەڕی بەخوداو ڕۆژی دوایی هەبێت و یەزیدی خۆش بوێت))، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕەتی کردۆتەوە بەنەفرەتی بکات[٤].

شێخی ئیسلام(ئیبن تەیمیە)دەڵێ:((بە یەکدەنگی مێژوونوسان یەزید فەرمانی نەکردووە بەکوشتنی حوسەین، بەڵکو نامەی نارد

---

(٣) السیوطي، تاریخ الخلفاء، ص١٦١.

(٤) ابن تیمیة، رأس الحسین، ص٢٧.

وداوای کرد ڕێگای پێ نەدەن دەست بەسەر عێراقدا بگرێت))[٥].

هەروەها ئەوەڕەتدەکاتەوە کە یەزید کافربێت، بەڵام بەتاوانباری دەزانێت ودەڵێ:((پاشایەکە لە پاشاکانی موسڵمانان وچاکەی هەیەو خراپەشی هەیە))[٦].

مێژوونوس(ذەهەبی)خاوەنی جوانترین ووتەیە دەربارەی یەزید، ئەویش ئەوەیە کە دەڵێت:((لانسبە ولانحبە))، واتە نەجوێنی پێ دەدەین، و نەخۆشیشمان دەوێت[١].

ئیبن حەجەری هەیتەمی، ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە یەزید کافربێت، بەڵام بە فاسق وخراپەکار ناوی دەبات، و پێی باشە لەبەرامبەریدا بێ لایەن بین وئەم کارە بۆ خودا جێ بهێڵین، چونکە هەر ئەو زانایە بە ڕاستی وپەنهان[٢].

کەواتە دەتوانین بڵێین هیچ زانایەکی سوننی نیە بانگەشەی خۆشەویستی بۆ یەزید کردبێ، بەڵکو بەپێچەوانەوە(ئەهلی سوننە)بە کەسێکی خراپەکار و گوناهباری دەزانن، بەتایبەتی بەهۆی ئەو سێ کارەساتە گەورەی لەسەردەمی دەسەڵاتی ئەودا ڕوویاندا،

---

(٥) الشيباني، مواقف المعارضة في عهد يزيد بن معاوية، ص٣٨٠ ؛ الخميس، دەمێك لەمێژووی ئیسلام، ل٢٩٧.

(٦) ابن تيمية، مجموعة الفتاوى، ٣٠٩/٤.

(١) سير أعلام النبلاء، ٣٦/٤.

(٢) الصواعق المحرقة على أهل الرفض والضلال والزندقة، تحقيق:عبدالرحمان بن عبدالله التركي و كامل محمد الخراط، (لبنان، ١٩٩٧م)، ٦٣٢/٢.

کەبریتی بوون لە(الطف)کوژرانی حوسەین و هاوەڵانی، و (حوڕڕە) هێرشکردنە سەر شاری(مەدینەی پیرۆز)و کوشتنی خەڵك تیایدا، لەگەڵ هێرش کردنە سەر شاری (مەککەی پیرۆز) و بۆردومانکردنی (کەعبە) بە مەنجەنیق[٢].

[٢] بڕوانە: السیوطي، تاریخ الخلفاء، ص ص١٥٨-١٦٢.

دەرەنجام:

توێــژەر دوای ئەنجامــدانی ئــەم توێژینەوەیــە گەیشــت بــەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١. بۆمان دەردەکەوێت کە ژیـان وجوڵانەوەکەی(حوسـەین)یەکێکە لــەو بابەتــە گــرنگ وهەســتیارانەی کــە ڕاو بۆچـونی زۆرو شـیکاری جیـاواز لـەخۆ دەگـرێ لـەنێوان سەرچـاوە سـوننی وشیعیەکاندا، لەهەمان کاتدا زۆر زانیاری ناڕاست وئەفسانەیی و زیادەڕەوی زۆریش بەرچاو دەکەون.

٢. حوســەین لەبنەماڵەیــەکی خانــەدان وپایــەداری ئــاینی وکۆمەڵایەتی پێگەیشتووە، ئەمەش وای لێکردووە کە کەسێکی ووریاو لێهاتووی لێ هەڵکەوێت، و لەنێو خەڵکانیشدا بەچاوێکی بەرزو پیرۆز سەیر بکرێت.

٣. سەرەڕای ئەوەی نـاوبراو لەشێوەو ڕەفتاریـدا زۆر لەپێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەچـوو، هاوکـات لـەماوەی کـورتی ژیانیـان لەگەڵ یەکتریدا پەیوەندیەکی زۆر پتەوی پڕ لـە خۆشەویستی لەنێوانیاندا هەبووە.

٤. لــەماوەی دەســەڵاتی هــەردوو خەلیفــەی یەکــەمی ڕاشیدیندا(ئەبوبەکر و عومەر (ڕەزای خوای لێبێ))، ئـەو تەمـەنی

بچوك بووەو ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندیەکی باش وپتەو لەنێوانیاندا هەبووە، بەڵام لەسەردەمی دوو خەلیفەکەی تری ڕاشیدین(عوسمان و عەلی (ڕەزای خوای لێبێ))ڕۆڵی حوسەین بەدیار دەکەوێت وەك کەسایەتیەکی دیاری موسڵمانان.

٥. لەسەرجەم لایەنە جۆراو جۆرەکانی ژیانیدا ئەو کەسێکی سەرکەوتووبووە، بۆنمونە لەلایەنی کۆمەڵایەتیەوە توانیویەتی خانەوادەیەکی باشی خاوەن وەچە دروست بکات، و لەلایەنی سەربازیشەوە سوارچاکێکی ناوازەو سەرکردیەکی بەتوانابووە، لەڕووی سیاسیشەوە کەسێکی چەسپاوو خاوەن ئامانجی مەزن بووە، لەبوارە ڕەوشتیەکانیشدا لەترۆپکەی سەربەرزیدا بووە.

٦. بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندی نێوان حوسەین و دەسەڵاتدارانی ئومەوی پەیوەندیەکی ئاڵۆز وناتەبا بووە، و کێشەو ململانێی زۆر لەنێوانیاندا دروست بووە تا ڕادەی شەڕکردن.

٧. حوسەین یەکێکە لە نمونەکانی سەرکردە ئازاو چاکسازیخوازە سەرسەختەکان، کە لەپێناو هێنانەدی ئامانجەکانی کۆڵنەدەر بووەو هیچ کۆسپێکیش نەیتوانیوە پاشگەزی بکاتەوەو وورەی بڕوخێنێ تەنانەت مەرگیش.

٨. هەرچەندە ناوبراو بۆ ئەنجامدانی جولانەوەکەی بەشێوەیەکی سەرەکی پشتی بە خەڵکی کوفە بەست، بەڵام شیعەکانی کوفە

ناپاکیەکی گەورەیان دەرهەق بەو ئەنجامدا، و سەرەڕای پشت تێکردنی شەڕیشیان لەدژی کردو خۆی و هاوەڵەکانیان شەهیدکرد.

٩. حوسەین لەبەرواری ١٠موحەڕەمی٦١کۆچی لەناوچەی کەربەلا لەسەردەستی سوپایەکی یەکپارچە لەخەڵکی کوفەو بەسەرکردایەتی دەسەڵاتدارێکی ئومەوی، لەگەڵ زیاتر لە ٧٠ کەس لەکەس وکارو هاوەڵەکانی شەهیدکرا، و جەستەکەشی هەر لەشوێنی شەهیدبوونیدا لەکەربەلا نێژراوە، بەڵام سەرەکەی لە گۆڕستانی(بەقیع)لەشاری(مەدینەی پیرۆز)نێژراوە.

١٠. سەرباری کێشمەکێشی زۆری نێوان مێژوونوسان و توێژەران دەربارەی تاوانباران و بەرپرسانی ڕوودانی کارەساتی(الطف)، دەتوانین بڵێین بەرپرسانی ئەم کارەساتە سێ لایەنی سەرەکین بەڕادەی جیاواز، ئەوانیش (شیعەکانی کوفە) و (دەسەڵاتدارانی ئومەوی لەکوفە) و (یەزیدی کوڕی موعاویە)ن.

١١. ڕووداوی کوژرانی حوسەین یەکێکە لەڕووداوە هەرە گرنگەکانی مێژووی ئیسلام، و کاریگەریەکانی ئەم ڕووداوە تاوەکو ئەمڕۆش بەسەر کۆمەڵگای ئیسلامیەوە دیارەو ماوە.

لیستی سەرچاوەکان

یەکەم/ سەرچاوە ڕەسەنەکان.

أ- بە زمانی عەرەبی:

- القرآن الكريم.

ابن الأثير، عزالدين ابن الأثير ابي الحسن على بن محمد الجزري، (ت.٦٣٠هـ - ١٢٣٢م).

١- أسد الغابة في معرفة الصحابة، تحقيق:علي محمدمعوض وعادل احمد عبدالموجود، مط:دار الكتب العلمية، (د.م، ١٩٩٤م).

ابن الأثير، مجد الدين أبو السعادات المبارك بن محمد الشيباني الجزري (ت ٦٠٦هـ-١٢٠٩م).

٢- جامع الأصول، تحقيق:عبدالقادر الأرنؤوط، مط:مكتبة الحلواني وأخرون، (د.م، ١٩٧٢م).

ابن أبي شيبة، أبو بكر عبد الله بن محمد بن أبي شيبة العبسي الكوفي (ت ٢٣٥ ه-٨٤٩م).

٣- المصنف في الأحاديث والأثار، تحقيق:كمال يوسف الحوت، ط١، مط:دارالتاج، (بيروت، ١٩٨٩م).

ابن تيمية، تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن تيمية الحراني (ت ٧٢٨هـ-١٣٢٧م).

٤- رأس الحسين، محمدالفقي، (د.م، ١٩٤٩م).

٥- فضل أهل البيت وحقوقهم، ط١، مط:دارالقبلة، (جدة، ١٩٨٤م).

٦- مجموعة الفتاوى، تحقيق:عامر الجزار و أنور الباز، ط٣، مط:دارالوفاء، (المنصورة، ٢٠٠٥م).

ابن الجوزي، أبو الفرج عبد الرحمن بن علي بن محمد الجوزي (ت ٥٩٧هـ-١٢٠٠م).

٧- المنتظم في تاريخ الملوك والأمم، تحقيق:محمد عبدالقادر عطا و مصطفى عبدالقادر عطا، ط١، مط:دارالكتب العلمية، (بيروت، ١٩٩٢م).

ابن حبان، أبي حاتم محمدبن حبان البستي(ت٣٥٤هـ-٩٦٥م).

٨- الإحسان في تقريب صحيح ابن حبان، تحقيق:شعيب الأرنؤوط، ط١، مط:مؤسسة الرسالة، (بيروت، ١٩٨٧م).

ابن حجة، تقي الدين أبو بكر بن علي بن عبد الله التقي الحموي (ت٨٣٧ هـ- ١٤٣٣ م).

٩- طيب المذاق من ثمرات الأوراق، تحقيق:أبو عمار السخاوي، مط:دارالفتح، (الشارقة، ١٩٩٧م).

ابن حجر العسقلاني، أبو الفضل أحمد بن علي بن محمد(ت ٨٥٢هـ-١٤٤٨م).

١٠- الإصابة في تمييز الصحابة، تحقيق:خليل مأمون شيخا، ط١، مط:دار المعرفة، (بيروت، ٢٠٠٤م).

ابن حجر الهيتمي، شهاب الدين أحمد بن محمد بن علي (ت ٩٧٤هـ-١٥٦٦م).

١١- الصواعق المحرقة على أهل الرفض والضلال والزندقة، تحقيق:عبدالرحمان بن عبدالله التركي و كامل محمد الخراط، ط١، مط:مؤسسة الرسالة، (لبنان، ١٩٩٧م).

ابن خلدون، عبد الرحمن بن محمد بن محمد ابن خلدون، (ت ٨٠٨هـ-١٤٠٥م).

١٢- تاريخ ابن خلدون، تحقيق:خليل شحادة، مط:دار الفكر، (بيروت، ٢٠٠٠م).

١٣- مقدمة ابن خلدون، تحقيق:أحمد الزعبي، مط:دارالارقم ابن الارقم، (بيروت، د.س).

ابن خلكان، شمس الدين احمد بن محمد(ت٦٨١هـ/١٢٨٢م).

١٤- وفيات الاعيان وأنباء أبناء الزمان، تحقيق:إحسان عباس، مط:دارصادر، (بيروت، د.س).

ابن سعد، محمد بن سعد بن منيع أبو عبدالله البصري الزهري(ت ٢٣٠هـ-٨٤٥ م).

١٥- الطبقات الكبرى، تحقيق:إحسان عباس، مط:دار صادر، (بيروت، ١٩٦٨م).

ابن طاوس، علي بن موسى بن جعفربن محمدبن طاوس الحسيني(ت ٦٦٤هـ-١٢٦٥م).

١٦- اللهوف في قتلى الطفوف، ط١، مط:مؤسسة الأعلمي، (بيروت، ١٩٩٣).

ابن عبدالبر، أبي عمر يوسف بن عبدالله بن محمد(ت ٤٦٣هـ-١٠٧٠م).

١٧- الأستيعاب في معرفة الأصحاب، تحقيق، علي محمد البجاوي، ط١، مط:دار الجيل، (بيروت، ١٩٩٢م).

ابن كثير، أبو الفداء إسماعيل بن عمر بن كثير القرشي الدمشقي (ت٧٧٤هـ-١٣٧٢م).

١٨- البداية والنهاية، تحقيق:عادل معوض وأخرون، ط١، مط:مركز الشرق الأوسط، (بيروت، ٢٠٠٨م).

ابن مسكويه، أبو علي أحمد بن محمد بن يعقوب مسكويه (ت ٤٢١هـ-١٠٣٠م).

١٩- تجارب الأمم وتعاقب الهمم، تحقيق:سيد كسروي حسن، ط١، مط:دار الكتب العلمية، (بيروت، ٢٠٠٣م).

ابن منظور، محمد بن مكرم بن علي، أبو الفضل (ت٧١١هـ-١٣١١م).

٢٠- مختصر تاريخ دمشق، تحقيق:أحمد راتب حموش ومحمد ناجي العمر، ط١، مط:دار الفكر، (دمشق، ١٩٨٥).

ابن هشام، عبد الملك بن هشام بن أيوب الحميري المعافري، أبو محمد (ت ٢١٣هـ-٨٢٨م).

٢١- السيرة النبوية، تحقيق:رضوان جامع رضوان، ط١، مط:مؤسسة المختار، (القاهرة، ٢٠٠٥م).

ابن الوردي، عمر بن مظفر بن عمر بن محمد ابن أبي الفوارس، أبو حفص(ت ٧٤٩ه-١٣٤٨م).

٢٢- تاريخ ابن الوردي، ط١، مط:دار الكتب العلمية، (بيروت، ١٩٩٦م).

أبو الفرج الأصبهاني، علي بن الحسين بن محمد الأموي القرشي (ت ٣٥٦هـ-٩٦٧م).

٢٣- مقاتل الطالبيين، تحقيق: السيد أحمد صقر، مط:دار المعرفة، (بيروت، د.س).

أبونعيم الأصبهاني، أبو نعيم أحمد بن عبد الله بن أحمد(ت ٤٣٠هـ-١٠٣٨م).

٢٤- معرفة الصحابة، تحقيق:عادل بن يوسف الغزاري، ط١، مط:دار الوطن، (الرياض، ١٩٩٨).

أبي الفداء، عماد الدين إسماعيل بن علي ، الملك المؤيد (ت ٧٣٢هـ-١٣٣١م).
٢٥- المختصر في أخبار البشر، ط١، مط:الحسينية المصرية، (مصر، د.س).
أبي مخنف، لوط بن يحيى بن سعيد(ت ١٥٧هـ-٧٧٤م).
٢٦- مقتل الحسين، ط١، مط: أمير، (قم، ١٣١٢).
أبي يعلي، أحمد بن علي بن المثنى أبو يعلى الموصلي(ت ٣٠٧ هـ-٩١٩م).
٢٧- مسند أبي يعلي، تحقيق: خليل بن مأمون، ط١، مط: دار المعرفة، (بيروت، ٢٠٠٥م).
أحمد بن حنبل، أبو عبد الله أحمد بن محمد بن حنبل الشيباني (ت ٢٤١هـ-٨٥٥م).
٢٨- فضائل الصحابة، تحقيق:وصي الله محمدعباس، ط١، مط:دار العلم، (بيروت، ١٩٨٣).
٢٩- مسند أحمد بن حنبل، تحقيق:محمدعبدالقادرعطا، ط١، مط:دار الكتب العلمية، (بيروت، ٢٠٠٨م).
البخاري، أبو عبد الله محمد بن إسماعيل البخاري(ت ٢٥٦هـ-٨٧٠م).
٣٠- صحيح البخاري، مط:بيت الأفكار الدولية، (الرياض، ١٩٩٨م).
البغوي، أبو القاسم عبد الله بن محمد بن عبد العزيز بن المَرْزُبان البغوي (ت ٣١٧هـ-٩٢٩م).
٣١- معجم الصحابة، تحقيق: محمد الأمين بن محمد الجكني، مط: مكتبة دار البيان، (الكويت، ٢٠٠٠م).
البلاذري، أحمد بن يحيى بن جابر البَلَاذُري (ت ٢٧٩هـ-٨٩٢م).
٣٢- أنساب الأشراف، تحقيق:سهيل زكار ورياض زركلي، ط١، مط:دار الفكر، (بيروت، ١٩٩٦).

الترمذي، أبو عيسى محمد بن عيسى الترمذي(ت ٢٧٩هـ-٨٩٢م).
٣٣- الجامع الصحيح، تحقيق:أحمد زهوة و أحمد عناية، ط١، مط:دار الكتاب العربي، (بيروت، ٢٠٠٥م).
الحاكم، أبو عبد الله الحاكم محمد بن عبد الله بن محمد النيسابوري(ت ٤٠٥هـ-١٠١٤م).
٣٤- المستدرك على الصحيحين، تحقيق:مصطفى عبدالقادر عطا، ط٢، مط:دار الكتب العلمية، (بيروت، ٢٠٠٢م).
الدينوري، أبو حنيفة أحمد بن داود الدينوري (المتوفى: ٢٨٢هـ-٨٩٥م).
٣٥- الأخبار الطوال، تحقيق: عبد المنعم عامر، ط١، مط: دار إحياء الكتب العربي ، (القاهرة، ١٩٦٠م).
الذهبي، شمس الدين أبو عبد الله محمد بن أحمد بن عثمان بن قَايْماز (ت ٧٤٨هـ- ١٣٤٧م).
٣٦- سير أعلام النبلاء، تحقيق:شعيب الارنؤوط، ط٢، مط:مؤسسة الرسالة، (بيروت، ١٩٨٢).
٣٧- العبر في خبر من غبر، تحقيق:أبوهاجر محمد السعيد بن بسيوني زغلول، دارالكتب العلمية، (بيروت، ١٩٨٥م).
الزبيري، أبو عبد الله مصعب بن عبد الله بن مصعب بن ثابت بن عبد الله بن الزبير(ت ٢٣٦هـ-٨٥٠م).
٣٨- نسب قريش، تحقيق: إ.ليفى بروفنسال، ط٣، مط:دار المعارف، (القاهرة، د.س).
السيوطي، جلال الدين عبد الرحمن بن أبي بكر (ت ٩١١ه-١٥٠٥م).
٣٩- تاريخ الخلفاء، تحقيق:أحمدابراهيم زهوة و سعيد بن أحمد العبدروسي، مط:دار الكتاب العربي، (بيروت، ٢٠٠٦م).

الصفدي، صلاح الدين خليل بن أيبك بن عبد الله (ت٧٦٤هـ-١٣٦٢م).

٤٠- الوافي بالوفيات، تحقيق:أحمد الأرنؤوط وتركي مصطفى، ط١، مط:دار إحياء التراث العربي، (بيروت، ٢٠٠٠م).

الطبراني، سليمان بن أحمد بن أيوب أبو القاسم(ت ٣٦٠هـ-٩٧١م).

٤١- المعجم الكبير، تحقيق:حمدي بن عبدالمجيد السلفي، ط٢، مط: مكتبة العلوم والحكم ، (موصل، ١٩٨٣م).

٤٢- مقتل الحسين بن علي بن أبي طالب، تحقيق:محمد شجاع ضيف الله، مط:دار الأوراد، (الكويت، ١٩٩٢م).

الطبرسي، أبي منصورأحمد بن علي بن أبي طالب الطبرسي(ت٦٢٠هـ-١٢٢٣م).

٤٣- الأحتجاج، ط١، مط:شريعت، (د.م، ١٣٨٠).

الطبري، أبو جعفر محمد بن جرير(ت ٣١٠هـ-٩٢٢م).

٤٤- تاريخ الطبري، تحقيق:محمد أبوالفضل ابراهيم، ط٢، مط:دارالمعارف، (القاهرة، د.س).

الغزالي، أبو حامد محمد بن محمد الغزالي الطوسي (ت ٥٠٥هـ-١١١١م).

٤٥- إحياء علوم الدين، تحقيق:طه عبدالرؤوف سعد، ط١، مط:مكتبة الصفا، (القاهرة، ٢٠٠٣م).

فخر الرازي، أبو عبد الله محمد بن عمر بن الحسن بن الحسين التيمي(ت ٦٠٦هـ، -١٢١٠م).

٤٦- الشجرة المباركة في أنساب الطالبية، تحقيق:السيد المهدي الرجائي، ط١، مط:سيد الشهداء، (قم، ١٤٠٩هـ).

الكلاباذي، أحمد بن محمد بن الحسين بن الحسن، أبو نصر البخاري (ت٣٩٨هـ-١٠٠٧م).

٤٧- الهداية والإرشاد في معرفة أهل الثقة والسداد، تحقيق:عبدالله الليثي، ط١، مط: دار المعرفة ، (بيروت، ١٤٠٧هـ).

الكلبي، أبو المنذر هشام بن محمد ابن السائب الكلبي (ت ٢٠٤هـ-٨١٩م).

٤٨- جمهرة النسب، تحقيق:ناجي حسن، ط١، مط:النهضة العربية، (بيروت، ١٩٨٦م).

الكليني، محمد بن يعقوب(ت ٣٢٨هـ-٩٤٠م).

٤٩- أصول الكافي، تحقيق:محمد جعفر شمس الدين، مط:دار التعارف، (بيروت١٩٩٠م).

الكوفي، أبي محمد أحمد بن أعثم(ت ٣١٤هـ-٩٢٦م).

٥٠- كتاب الفتوح، تحقيق:علي شيري، ط١، مط:دار الأضواء، (بيروت، ١٩٩١م).

المسعودي، أبو الحسن على بن الحسين بن على(ت ٣٤٦هـ-٩٥٧م).

٥١- التنبيه والأشراف، مط:مكتبة الهلال، (بيروت، ١٩٩٣).

٥٢- مروج الذهب ومعادن الجوهر، تحقيق:شارل بلا، ط١، مط:شريعت، (د.م، ١٤٢٢هـ).

مسلم، أبو الحسين مسلم بن الحجاج بن مسلم القشيري النيسابوري(ت ٢٦١ه، ٨٧٥م).

٥٣- صحيح مسلم، تحقيق:محمد فؤاد عبدالباقي، ط١، مط:دار الحديث، (بيروت، ١٩٩١).

المفيد، أبي عبدالله محمد بن محمدبن النعمان العكبري البغدادي(ت٤١٣هـ-١٠٢٢م).

٥٤- الارشاد، تحقيق:مؤسسة أهل البيت، ط١، مط:مؤسسة ال البيت لإحياء التراث، (بيروت، ١٩٩٥م).

المقدسي، المطهر بن طاهر (ت نحو ٣٥٥هـ-٩٦٦م).

٥٥- البدء والتاريخ، مط: مكتبة الثقافة الدينية ، (بورسعيد، د.س).

المقريزي، تقي الدين(ت ٨٤٥هـ-١٤٤١م).

٥٦- النزاع والتخاصم فيما بين بني أمية وبني هاشم، تحقيق: حسين مؤنس، مط:دار المعارف، (القاهرة، د.س).

النويري، شهاب الدين أحمد بن عبد الوهاب (ت ٧٣٣هـ-١٣٣٢م).

٥٧- نهاية الأرب في فنون الأدب، تحقيق:عمادعلي حمزة، مط:دار الكتب العلمية، (بيروت، د.س).

ياقوت الحموي، شهاب الدين أبو عبد الله ياقوت بن عبد الله الرومي (ت ٦٢٦هـ-١٢٢٩م).

٥٨- معجم البلدان، ط٢، مط:دار صادر، (بيروت، ١٩٩٥م).

اليعقوبي، أحمد بن أبي يعقوب بن جعفر بن وهب بن واضح(ت٢٩٢هـ-٩٠٥م).

٥٩- تاريخ اليعقوبي، مط:دار صادر، (بيروت، د.س).

ب- بەزمانی کوردی :

ئیبن ئەسیر، عزالدین (ت ٦٣٠ك-١٢٣٢ز).

٦٠- تەواوی مێژوو، و:زاهیر محمد رشید، چ١، چا:چوارچرا، (سلێمانی، ٢٠٠٩ز).

دووەم/ژێدەرەکان.

أ-بەزمانی عەرەبی:

إبراهيم زعرور و علي أحمد.

٦١- تاريخ العصر الأموي السياسي والحضاري، مط:الأتحاد، (دمشق، ١٩٩٦م).

إحسان إلهي ظهير.

٦٢- الشيعة وأهل البيت، مط:جاويد رياض، (لاهور، د.س).

إدريس الحسيني.
٦٣- لقد شيعني الحسين، ط٣، مط:دار النخيل، (بيروت، ١٩٩٥م).
الألباني، أبو عبد الرحمن محمد ناصر الدين.
٦٤- سلسلة الأحاديث الصحيحة وشيء من فقهها وفوائدها، ط١، مط:المعارف، (الرياض، ١٩٩٥م).
آل بحر العلوم، أيةالله العظمى السيد محمد تقي .
٦٥- مقتل الإمام الحسين، تحقيق:حسين بحرالعلوم، ط١، مط:دار المرتضى، (بيروت، ٢٠٠٦م).
ايةالله الزنجاني، الحاج سيد ابراهيم الموسوي.
٦٦- عقائد الأمامية الاثنى عشرية، ط٥، مط:بيروز، (قم، ١٩٨٤م).
باقر الشريف القرشي.
٦٧- حياة الامام الحسين بن علي، ط١، مط:الأداب، (النجف، ١٩٧٤م).
جعفر مرتضى العاملي.
٦٨- الحياة السياسية للإمام الحسن، ط١، مط: دار السيرة، (بيروت، ١٩٩٤م).
جواد محدثي.
٦٩- موسوعة عاشوراء، ترجمة:خليل زامل العصامي، ط١، مط:دار الرسول الأكرم، (بيروت، ١٩٩٧م).
حسين كوراني.
٧٠- في رحاب كربلاء، مط: دار التعارف، (بيروت، ١٩٩١م).
الخليفة، حامد محمد.
٧١- ريحانة النبي الحسين بن علي، ط١، مط: دار القطوف، (عمان، ٢٠٠٨م).
سلوى العمد.
٧٢- الشهيد في تراث السنة والشيعة، (بيروت، ١٩٨٧م).

الشيباني، محمد بن عبدالهادي بن رزان.

٧٣- مواقف المعارضة في عهد يزيد بن معاوية، ط٢، مط: دار طيبة، (الرياض، ٢٠٠٩م).

الشيرازي، أية الله العظمى السيد محمد الحسيني.

٧٤- جهاد الحسين ومصرعه، ط١، مط: جنان الغدير، (الكويت، ١٩٩٨م).

الصلابي، علي محمد.

٧٥- الحسن بن علي بن أبي طالب، ط١، مط:دار التوزيع والنشر الاسلامية، (القاهرة، ٢٠٠٤م).

٧٦- الدولة الأموية، ط١، مط:دار المعرفة، (بيروت، ٢٠٠٥).

٧٧- عصر الدولتين الأموية والعباسية، ط١، مط: دار البيارق، (عمان، ١٩٩٨م).

العاملي، السيد محسن الامين.

٧٨- لواعج الأشجان، تحقيق:السيد حسن الامين، ط١، مط:دار الأمير، (بيروت، ١٩٩٦م).

عبدالله بن عبدالعزيز.

٧٩- من قتل الحسين، ط٢، مط:دار الأمل، (القاهرة، د.س).

عبدالله العلايلي.

٨٠- الامام الحسين، ط٢، مط:مكتبة التربية، (بيروت، ١٩٨٦م).

عبدالحميد جودة السحار.

٨١- حياة الحسين، مط:دار مصر، (مصر، د.س).

عبدالزهراء الكعبي.

٨٢- مقتل الإمام الحسين ومسير السبايا، (د.م، د.س).

عبدالمنعم خفاجي وعبدالعزيز شرف.

٨٣- معارك فاصلة في تاريخ الاسلامي، ط٢، مط: دار المصرية اللبنانية، (القاهرة، ١٩٩٢م).

عبدالمنعم الهاشمي.

٨٤- موسوعة تاريخ العرب، ط١، مط: دار الهلال، (بيروت، ٢٠٠٦م).

علي إبراهيم حسن.

٨٥- التاريخ الإسلامي العام، ط٣، مط: النهضة المصرية، (القاهرة، د.س).

علي الكوراني.

٨٦- السيرة النبوية، مط:دار المرتضى، (بيروت، ٢٠٠٩م).

فوادعلي رضا.

٨٧- غصن الرسول الحسين بن علي، مط:المعارف، (بيروت، ١٩٨١م).

لبيب بيضوت.

٨٨- موسوعة كربلاء، ط١، مط: سليمانزاده، (قم، ١٤٢٧).

مأمون غريب.

٨٩- الامام الحسين حياته واستشهاده، مط:مركز كتاب للنشر، (القاهرة، د.س).

مجدي فتحي.

٩٠- تاريخ الاسلام والمسلمين في عصر الأموي، مط: دار الصحابة، (طنطا، ١٩٩٨م).

محمد بكر اسماعيل.

٩١- الامام الحسين سيرة ومسيرة، ط١، مط:دار المنار(القاهرة، ٢٠٠٦م).

محمد رضا الحسيني.

٩٢- الحسين سماته وسيرته، مط:دار المعروف، (قم، د.س).

محمد صادق الروحاني.

٩٣- قربان الشهادة، (د.م، د.س).

محمد هادي اليوسفي.

٩٤- موسوعة التاريخ الاسلامي، ط١، (د.م، ١٤٢٠هـ).

محمود شاکر.
٩٥- التاريخ الاسلامي، ط٨، مط:المكتب الاسلامي، (بيروت، ٢٠٠٠م).
مرتضى المطهري.
٩٦- الملحمة الحسينية، ترجمة:محمد صادق الحسيني، ط٢، مط: الدار الاسلامية، (د.م، ١٩٩٢م).
المقرم، السيد عبدالرزاق الموسوي.
٩٧- مقتل الحسين، مط: الشريف الرضى، (قم، ٢٠١٢م).
ول ديورانت.
٩٨- قصةالحضارة، ترجمة:محمد بدران، (القاهرة، ١٩٧٩م).

ب- بەزمانی کوردی:

الخميس، عثمان بن محمد.
٩٩- دەمێك لەمێژووی ئیسلام، و:عەلی خان، چ٢، چا:تەفسیر، (هەولێر، ٢٠١١).
سعد يوسف أبوعزيز.
١٠٠- پیاوان وئافرەتانی دەوری پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)، و:تارا حەمە سەعید، چا:ڕێ نوێ، (ب.ش، ٢٠٠٩ز).
صفي الرحمان المباركفوری.
١٠١- گوڵاوی سەرمۆر، و: بکرحمە صدیق، چ٢، چا:نەشری ئیحسان، (تاران، ٢٠٠٦).
الصلابي، علي محمد.
١٠٢- عەلی کوڕی ئەبوتالیب، و:ئومێد کمال و جمیل قادر، چ١، چا:دار الفكر، (بیروت، ٢٠٠٨ز).

صلاح عبدالفتاح الخالدي.
١٠٣- خەلیفەکانی ڕاشیدین لەنێوان جێنشین بوون وشەهیدبووندا، و:فاتح سەنگاوی، چ٢، چا:تەفسیر، (هەولێر، ٢٠٠٩).
طقوش، محمد سهيل.
١٠٤- پوختەی مێژووی ئیسلامی، و:نیهادجلال حبيب الله، چ١، چا:دارالفكر، (بیروت، ٢٠٠٩).
عەلی باپیر.
١٠٥- زانایانی ئیسلام کێن وچۆنن، چ١، (ب.ش، ٢٠٠١).
عەلی کەندی.
١٠٦- ئینسکلۆپیدیای مێژوونامە، چ٢، چا:ڕۆشەنبیری ولاوان، (هەولێر، ٢٠٠٩).
محمد الخضري.
١٠٧- دەوڵەتی ئەمەوی، و:لوقمان باپیر، چ١، چا:ڕۆژهەڵات، (هەولێر، ٢٠١١ز).
محمد مەلا صالح بامۆکی.
١٠٨- پوختەی شەریعەتی ئیسلام، چ١، چا:ڕێ نوێ، (ب.ش، ٢٠١٠ز).
محمد هارون.
١٠٩- کورتەی ژیانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)، و:جعفر رحمان سليمان، چ٣، (هەولێر، ٢٠١٠ز).
محمودشاكر.
١١٠- پوختەی مێژووی شارستانیەتەکان، و:نیهادجلال حبيب الله، چ١، چا:چاپەمەنی گەنج، (ب.ش، ٢٠١١).
هاشم يحيى الملاح.
١١١- مێژووی سەردەمی پێغەمبەرو خولەفای ڕاشیدین، و:هۆشیار عبدالله سەنگاوی، چا:ڕۆژهەڵات، (هەولێر، ٢٠١١).

ج- بەزمانی فارسی :

س.ج.و.بنجامین.

١١٢- ایران وایرانیان، ترجمه:محمد حسین کردبچه، چ١، چا:علمی، (د.م، ١٣٦٣ف).

سێیەم/پێگە ئەلیکترۆنیەکان.

١١٣- ويكيبيديا الموسوعة الحرة، الحسين بن علي بن أبي طالب، .www.wikipedia.ar.com

ناوەرۆك

ژیانی (حوسەینی کوڕی عەلی) یەکێکە لە بابەتە هەرە گرنگ و هەستیارەکانی مێژووی سەدەی یەکەمی کۆچی، ئەمەش بەهۆی بەرزی ئەو پێگە کۆمەڵایەتیەی هەیبووە لەلایەك و کاریگەریی وگەورەیی ئەو ڕووداو و دەرهاوێشتە گرنگانەی لە جولانەوەو کوژرانەکەی کەوتنەوە لەلایەکی تر، کە بوونەتە هۆی زیاتر بایەخدارکردنی ژیانی ئەم کەسایەتیە کاریگەرەی مێژووی ئیسلام.

سەرباری ئەمانە لەڕووی ئاینیشەوە، ناوبراو وەك پێشەواو ڕێبەرێکی گەورەی ئاینی، لای تەواوی موسڵمانان ناسراوە، تەنانەت ئاینزایەکی سەرەکی سەر بەئاینی ئیسلام کە(شیعە)یە خولیابوون بەحوسەین وبنەماڵەکەیان کردووەتە بناغەی سەرەکی مەزهەبەکەیان و بەچاوێکی لەرادەبەدەر پیرۆز سەیری دەکەن، لەهەمان کاتدا(سوننە)کانیش خۆشەویستیەکی قوڵ و ڕێزێکی گەورەیان بۆی هەیەو وەك پێشەوایەکی مەزن و ڕێزدار دەیناسێنن، هەموو ئەمانەو کۆمەڵێ هۆکاری تر وایان کردووە کەوا ژیانی (حوسەین) ببێتە سەرنج ڕاکێشترین بابەت و تەوەرە مێژووییەکانی مێژووی سەرەتاکانی ئیسلام.

نوسینگەی تەفسیر
بۆبڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن
هەولێر-شەقامی دادگا-ژێر ئوتێلی شیرین پالاس
Mob:+964 750 818 08 66
Tel: +964 750 818 08 65
www.al-tafseer.com
tafseeroffice@yahoo.com



